
# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٥٣ | سێشەممە، ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠٢ _ ٢٢ی ئاگوستی ٢٠٢٣


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا



## فێدرالیزم وەک باشترین نەخشەڕێ بۆ ئێران

ئێران لە میللییەتە جۆربەجۆرەکان پێک هاتووە و ناکرێ شتێک بە خەڵکی کوردستان بدرێ بەڵام بە ئازەرییەکان و تورکمەنەکان نەدرێ. لە ڕوانگەی منەوە نیزامی دڵخواز بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەیەکی دێموکراتیک، نیزامێکی فیدراڵییە. نیزامی فیدڕاڵ نیزامێکی دڵخوازە کە دەتوانێ وڵامی داخوازە گشتییەکانی خەڵک و داوا تایبەتییەکانی هەر ناوچەیەک بداتەوە. مێژوو و فەرهەنگی هاوبەشی چەند هەزار ساڵەمان کە زۆر زۆر بەهێزە، ڕێگا بە ئێمە دەدا نیزامێکی ئەتۆ بونیات بنێین و ئەوە هەولومەرجی پێکهێنانی حکوومەتێکی فیدڕاڵ پێک دێنێ و سەقامگرتوویی وەزعی ئێرانی بەدوادا دێ. ئەوەیان بۆ دونیای ئەمڕۆیە، بۆ دونیای داهاتووش بە سەرنجدان بەو حەز و مەیلانە کە لە ڕادەی دونیادا بۆ تێکەڵبوونەوەی وڵاتان هەیە، ئەو نیزامە دەتوانێ بۆ دراوسێکانمان لە زۆر بارەوە ڕاکێشەر بێ.

**(د. شەرەفکەندی، وتووێژ لەگەڵ بڵاوکراوەی «راه آزادی» ژمارە ٢٤، خەرمانان و ڕەزبەری ١٣٧١)**

## سامانی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەییمان:

# لایەنی گوتاری و مەیدانیی یەکگرتنەوەی دێموکرات و شۆڕشی ژینایە



### ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:

## نابێ بێڵین سووڕی باتڵی هاتنەسەرکاری ڕێژیمە سەرەڕۆکان بەردەوام بێت

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزب و بە سەرنجدان بە نیزیکبوونەوە لە ساڵیادی شۆڕشی ژینا ڕایگەیاند، سەرەڕای سەرکوتی بەردەوامی جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵک لەلایەن ڕێژیمەوە، بەڵام دۆخی ئێستای وڵات ئاگری بن خۆڵەمێشە و شڵەژانی ئارامیی پێش باهۆزی ئێستاکە چاوەڕوانی چەخماغەیەکە.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: خەڵکی کوردستان و ئێران کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەزموونی دوو نیزامی سیاسیی ناوەندگەرا، سەرکوتگەر و دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئاییینیان کردووە، خوازیاری نیزامێکی سیاسیی کۆماری، دێموکرات و سێکۆلارن و خەڵکی کوردستانیش مافی خۆیانە بەڕوونی باس لە چەندیوچۆنیی مافەکانیان و جێگەوپێگەی کۆمەڵگەی کوردستان لە ئێرانی داهاتوودا بکەن. (ڕاگەیەندراوەکە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەوە)

### مستەفاهیجری:

## یەکگرتنەوەمان کاریگەریی خۆی لەسەر هاوسەنگیی هێز و هاوکێشە سیاسییەکان دانا

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا بەبۆنەی وەسەر یەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند: لایەنی ڕێکخراوەیی و سیاسیی ئەم یەکگرتنەوەیە و، ڕەهەندە گوتاری و مەیدانییەکەی، ئێستاش سەرمایەیەکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەییی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

کاک مستەفا هیجری لەو پەیامەیدا ڕایگەیاند: لێکگرێدانی بەها و دەستکەوتەکانی ئەم یەکگرتنەوەیە لە سەرمایە و هێزی لەبننەهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک قووڵاییی ستراتیژیکی خەبات و تێکۆشان، بەردەوامی و سەرکەوتنی بزووتنەوەکە مسۆگەر دەکات و ئاماژەی سەرەکی لەم نێوەدا، ئەو ڕاستییەیە کە هێز لە یەکگرتوویی‌دایە. (دەقی پەیامەکە لە لایەڕەی ٣دایە)

### خالید عەزیزی:

## کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش دانی بە دنیابینیی جیاوازی کوردستان نەناوە

د. قاسملوو باوەڕی وابوو دامەزراندن و سەقامگیری دێموکراسی لە ئێران و هەبوونی مافی خودموختاری کە بۆ نەتەوەکانی نێو ئێران گرنگیی هەبوو، هۆکاری سەرەکی بۆ پێشگرتن لە دابەشبوونی ئێرانە. کەواتە ئەگە بۆ هەمیشە کوردستان و باقی نەتەوەکان لە پەراوێز دابن و ناوەندیش هەر بە ناوەندی بمێنێتەوە، زۆر سرووشتییە هۆکاری هەڕەشەکە بۆ ئەو جۆرە تێڕوانینە بگەڕێتەوە. ئێمە سەرجەم ڕێکخراو و حیزبەکانی ئێرانی کە باوەڕیان بە دێموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت، ئیدارەی هاوبەشی ئێران و نا ناوەندبوون و مسۆگەربوونی یەکسانیی مافی نەتەوەکانی ئێران هەبێ، وەک هاوپەیمان چاویان لێدەکەین و، لایەنگری دۆستایەتی و پێوەندی دەگەڵ هەموو ڕێکخراوە و ڕەوتێکین کە بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن. (ل ٤)

## پەرەسەندنی سەرکوت و گوشارەکان بۆ سەر خەڵک لە بەرەبەری ساڵوەگەری شۆڕشی ژینادا



لەگەڵ نیزیکبوونەوە لە ساڵڕۆژی کوژرانی ژینا ئەمینی کە بووە چەخماغەی شۆڕشی نوێی خەڵکی کوردستان و ئێران، گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک زیادیان کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ماوەی یەک دوو مانگی ڕابردوودا بانگکردن و گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەتایبەت لە کوردستان زۆرتر بووە، بۆ نموونە تەنیا لە دوو مانگی ڕابردوودا چەند سەد کەس لە کوردستان بانگ کراونەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکان کە نیزیک بە ٢٠٠ کەس لەوان دەسبەسەر کراون. حکوومەت لە تەنیشت گوشارەکانی بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەتەمایە بە «بەئانلاینکردن»ی کردنی زانکۆکان لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندندا و هەروەها بانگکردنی چالاکانی خوێندکاری بۆ حیراسەت و کۆمیتەی ئینزباتیی زانکۆکان و دەسبەسەرکردنی زۆر لەوان، پێش بە سەرهەڵدانی نارەزایەتییە خوێندکارییەکان بگرێ.

ناردنی کورتەنامە و هەڕەشەکردن لە خەڵک بۆ بەشدارینەکردن لە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان بەشێکی دیکەی ئەم گوشارانەیە خراونەتە سەر خەڵک. هەروەها لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کێل و مەزاری زیاتر لە ٢٠ کەس لە شەهیدانی شۆڕشی ژینایان لە ١٧ شاری جۆراوجۆر تێک داوە و شکاندوویانن و پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ زیاتر لە ٥٠ بنەماڵەی کوژراوەکانی نارەزایەتییەکانی یەک ساڵی ڕابردوو کردووەتەوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بنەماڵەی شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینەیان خستووەتە ژێر گوشار کە نابێ بەبۆنەی ساڵیادی لەدایکبوون یان کوژرانی ڕۆڵەکانیان لەسەر مەزارەکانیان کۆ ببنەوە، بەڵام بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا داوا لە هەمووان دەکەن لە ساڵڕۆژی کوژرانی جگەرگۆشەکانیاندا بەتەنیایان نەهێڵنەوە و ئەو بۆنانە بکەنەوە دەرفەت بۆ هاتنەوە سەر شەقام و دەسپێکی قۆناغی نوێی ڕاپەڕین دژی کۆماری ئیسلامی.


**یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ حیزبێکی بەهێز و خاوەن پێگە**
سمایل شەرەفی
٦

**کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە**
د. مەجید حەقی
٧

**٧٨ ساڵ خەبات لەپێناو یەکسانی و پرسی نەتەوەییدا**
ئاسۆ مینبەری
٩

**کوردستان چقڵێک لە چاوی ڕێژیمی خومەینیدا**
عەلی بداغی
١٠

**کوردبوون؛ ئاوێنەی ڕەنجی کوردایەتی**
شەریف فەلاح
١١

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:**

# دۆخی ئێستای شۆڕشی خەڵکی ئێران ئاگری بن خۆڵەمێشە و شڵەژانی ئارامیی پێش باهۆزی ئێستاکە چاوەڕوانی چەخماغەیەکە

**(پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەری بەبۆنەی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و ساڵوەگەڕی وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزب)**

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان!**

٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)ە کە دوای سێ ساڵ لە ڕێکخراوێکی نهێنییەوە بوو بە ڕێکخراوێکی ئاشکرای بەربەرینی سیاسی، و ناوەکەشی گۆڕا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٨١ ساڵ بە سەر دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ کاف و ٧٨ ساڵ بە سەر ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێدەپەڕێ.

سەرەتا بەم بۆنەیەوە سڵاو دەنێرین بۆ یاد و ناوی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پێشەوەی هەمووان دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێ کاف، پێشەوا قازی محەممەد (دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات)، شەهیدانی ڕێبەر، بەتایبەت شەهیدان د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، و د. سەعید شەرەفکەندی، شەهیدانی نیزیک بە ٨ دەیە خەبات و کۆڵنەدانی ئەم حیزبە، و هەموو تێکۆشەرانی ئەم ڕێبازە، و هەروەها ئەندامانی حیزب، سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان کە بە فیداکاری، ئەرکوەخۆگری و پشتیوانیی بێدرێغیان یارمەتیی بڕینی ڕێگە هەڵەموت و قۆناغە سەختەکانی ژیان و خەباتی حیزبی دێموکراتیان داوە. هەر بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە بنەماڵە شەهیدان، بنەماڵەی پێشمەرگە و بەندییە سیاسییەکانیش دەکەین کە بە لەمەیداندا مانەوە و خۆڕاگریی جگەرگۆشەکانیان و هەست بە بەرپرسایەتیی خۆیان، هاندەر و پاڵنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، بۆوەی شیلگیرتر لە هەموو کاتێک لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا بەردەوام بێت.

**حیزبی دێموکرات کە لە هەشت دەیەی ڕابردوودا خەباتێکی بەردەوامی لە هەموو شێوازەکانی خۆیدا بۆ داکۆکی و وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان کردووە و لەو دەیان ساڵەدا بە دەیان ڕێبەر و بە هەزاران پێشمەرگەی لەو پێناوەدا گیانیان بەخشیوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە پرسی کورد لە ئێران ڕێگاچارەی نیزامیی نییە. پرسی کورد لە ئێران پرسی زیاتر لە ١٠ میلیون کەسە کە مافە مرۆییەکانی خۆی دەناسێ، داوایان دەکات و لە خەبات بۆ وەدیهێنانیان بەردەوامە؛ هەروەها نە سەرکوت و کوشتار و نە تیرۆر و مووشەکباران نەیتوانیوە کۆڵی پێ بدات و ناشتوانێ بیوەستێنیت.**

**دۆستان و هۆگرانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران لەپێناو دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی دەستی پێ کرد. حیزبی دێموکرات لە ماوەی چەند مانگ دوای دامەزرانیدا توانی بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بەردی بناغەی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی مۆدێرن و دێموکراتی کوردی دابنێت. دەستکەوت و میراتە مەعنەوییەکانی کۆمار وەک گوتاری نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، هەوێتی و شوناسی سەربەخۆ، دانانی ئاڵا و سروودی نەتەوەیی، و هێزی پێشمەرگە وەک سوپای نیشتمانی بوون بە خاڵگۆڕانی خەباتی نەتەوایەتیی کورد و، کاریگەرییەکی وەها قووڵی لەسەر بزاوتی سیاسیی کورد دانا کە پاش ٧٨ ساڵ ئیلهامدەری خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تەمەنیدا زۆر قۆناغی سەخت و ئاستەمی تێپەر کردووە. ئەم حیزبە نە بە سەرکەوتنەکانی لەخۆبایی بووە و نە لە نسکۆ و دۆخە قەیرانەکاندا دەستی لە هیوا بەرداوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مێژووی ٣٤ ساڵ خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتی و ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا نەک هەر ئەوەی لەڕووی ویژمانی سیاسییەوە ئاڵاهەڵگری ویست و داخوازەکانی کورد لە ئێران بووبێت، بەڵکوو هێزی سەرەکی و هەرە دیاریی نیو گۆرەپانی خەبات و بەربەرەکانی دژی ئەو ڕێژیمەش بووە و، ئێستاش هەر وا بە ئیرادە و باوەڕێکی پتەوەوە لە خەبات و تێکۆشانی بۆ بەدیهێنانی ماف و ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران بەردەوامە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا هەمیشە بە هەستی بەرپرسایەتییەوە جووڵاوەتەوە و لە هەموو کاتێکدا پشتیوانی خەبات و جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بووە. سیاسەتی گشتیی حیزبی دێموکرات هاوپێوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەسەر بنەمای سەربەخۆیی بڕیاردان و دەستوەرنەدان لە کاروباری سیاسیی یەکتریدا بووە.

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ تایبەتتر لە بۆنەکانی جێژنی دامەزرانی حیزب لە ساڵانی ڕابردوویە، ئەویش بۆ وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە. دوولایەنی دێموکرات لە ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژی ساڵی ڕابردوودا پاش ١٦ ساڵ دابڕانی نێوانیان، بە بایەخدان بە پێداگری و پەیام و ڕاسپاردەی بەردەوامی خەڵکی کوردستان کە حیزبی دێموکرات ئەمانەت و سەرمایەی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و نابێ و ناکرێ لەمە زیاتر بە دووپارچەیی و لێکدابڕاوی بمێنێتەوە؛ هەروەها بە سەرنجدان بە پێویستیی یەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکرات بۆ قۆستنەوەی باشتری دەرفەتەکانی بەردەم و دەستەبەری دەسکەوتی پتر بۆ جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕیزەکانی خۆیان یەک خستەوە.

هەروەک پێشبینییش دەکرا یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بووە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بووە فاکتەرێکی بەهێز بۆ شوێندانەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیشدا. وەک چۆن لە شۆڕشی ژیناشدا بینیمان کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە چ ئاستێکدا متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیشان دایەوە و هەروەها ئەو شوێندانەری و کاریگەرییە بە چ شێوەیەک کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە حیزبی دێموکرات پاڵ پێوە نا.

هێشتا مانگێک بەسەر یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ڕانەبردبوو، کە شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و هەموو ئێرانی تەنی. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەلایەک بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتەوە پەست و تووڕە ببوو، و دروشانەوەی ناوی حیزب و پشتیوانیی خەڵک لە حیزب و دەرکەوتنی لە دروشمەکانی وەک "قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" هێندەی دیکە داماوی کردبوو؛ هەروەها کاتێک دەیدی شۆڕش و ڕاپەڕینەکە و بەردەوامییەکەی لە کوردستان هەوێن و ئیلهامدەری سەرهەڵدانی شار و ناوچەکانی دیکەی وڵاتە؛ جارێکی دیکە ژاری خۆی بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد، حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان ڕشتەوە. ڕێژیم لە نێوخۆی کوردستان بە خوڵقاندنی زۆر تاوان و کارەساتی مرۆیی و لە دەرەوەی وڵات بە هێرشی مووشەکی و دڕۆنبارانی بنکەکانی




**بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەزموونی نیزیک بە ٨ دەیە خەبات لە پێناو دێموکراسی بۆ ئێران و دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە لە هەوڵەکان بۆ داڕشتنەوە و بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو دەبێ هەم ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە لە بەرچاو بگیردرێ و هەم بە سەرنجدان بە ئەزموون و لێکەوتەکانی یەک سەدە نیزامی سیاسیی دیکتاتۆڕی لە ئێران، ڕێگە نەدرێت سووڕی باتڵی هاتنەسەرکاری ڕێژیمە سەرەڕۆکان لەم وڵاتە بەردەوام بێت. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەئایین و ئایینزا و پێکهاتوو لە جۆراوجۆرییەکانی دیکەیە کە پێویستە لەپێناو مانەوەی ئەم جوغرافیا سیاسییەدا مافی وەکیەکی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بەڕەسمی بناسرێ و بەدی بێن.**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە سیاسییە کوردییەکانی دیکەی دژبەری ڕێژیم لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان، پێشانی دایەوە بۆ دژایەتیی جووڵانەوەی سیاسیی کورد و سەرکوتی مافە ڕەواکانی کورد هیچ سنوور و بەربەستێکی ئەخلاقی و یاسایی ناناسێت. ئێستاش ئەگەرچی ڕێبەرانی ڕێژیم پێیان وایە بە سەرکوتی خوێناوی و دڕندانەی شۆڕشی ژینا، بە زاڵکردنی کەشی سەرکوت و بەندکرانی دەیان هەزار خۆپیشاندەر و سەپاندنی حوکمی درێژخایەنی هەتا ئیعدام و جێبەجێکردنی بەپەلەی حوکمی زیاتر لە ١٠ کەس لەوان و تەنانەت لەداردانی زیاتر لە ٧٠٠ زیندانیی دیکە لە یەک ساڵی ڕابردوودا جووڵانەوەی نارەزایی خەڵکیان سڕ کردوە، بەڵام هەمووان دەزانن کە دۆخی ئێستای شۆڕشی خەڵکی ئێران ئاگری بن خۆڵەمێشە و شڵەژانی ئارامیی پێش باهۆزی ئێستاکە چاوەڕوانی چەخماغەیەکە.

ڕووداوەکانی یەکساڵی ڕابردوو هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانیان خستووەتە بەردەم تاقیکارییەکی هەستیاری مێژوویی و چارەنووسساز. پەیامەکەی خەڵک ڕوونە و بەکردەوەش سەلماندوویانە و ئامادەن هەموو تێچوویەکی تری بۆ بدەن. ئەوان لە تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هیچ شەرعییەتێکی لای وان نەماوە و بە سەرچاوەی هەموو قەیرانی کۆمەڵگە و نەهامەتییەکانی خۆیانی دەزانن تێپەڕیون. ئەوەش ئەرک و بەرپرسایەتی دەخاتە سەر شانی هێزە سیاسییەکانی دژبەر و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم کە بە پێکهێنانی بەرەیەکی سەرانسەری خەبات و ڕاگەیاندنی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بەرەو تێکەوەپێچانی یەکجارەگیی تۆماری ئەم ڕێژیمە بچن. خەڵکی کوردستان و ئێران کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەزموونی دوو نیزامی سیاسیی ناوەندگەرا، سەرکوتگەر و دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئایینیان کردووە، خوازیاری نیزامێکی سیاسیی کۆماری، دێموکرات و سێکۆلارن. ئاشکرایە خەڵکی کوردستانیش کە لە یەک سەدەی ڕابردوودا چەندقات تامی بێبەشی لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و، هەڵاواردن و پەراوێزخستنەکانیان چەشتووە و هەرچەشنە داخوازییەکی ڕەوا و بەرحەقیان بە ئاگر و ئاسن و کوشتوبڕ وڵام دراوەتەوە، بەڕوونی باس لە چەندیوچۆنیی مافەکانیان و جێگەوپێگەی کۆمەڵگەی کوردستان لە ئێرانی داهاتوودا بکەن.

بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەزموونی نیزیک بە ٨ دەیە خەبات لە پێناو دێموکراسی بۆ ئێران و دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە لە هەوڵەکان بۆ داڕشتنەوە و بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو دەبێ هەم ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە لە بەرچاو بگیردرێ و هەم بە سەرنجدان بە ئەزموون و لێکەوتەکانی یەک سەدە نیزامی سیاسیی دیکتاتۆڕی لە ئێران، ڕێگە نەدرێت سووڕی باتڵی هاتنەسەرکاری ڕێژیمە سەرەڕۆکان لەم وڵاتە بەردەوام بێت. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەئایین و ئایینزا و پێکهاتوو لە جۆراوجۆرییەکانی دیکەیە کە پێویستە لەپێناو مانەوەی ئەم جوغرافیا سیاسییەدا مافی وەکیەکی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بەڕەسمی بناسرێ و بەدی بێن. حیزبی دێموکراتی کوردستان لای وایە دەسەڵاتێک لە شێوەی کۆماریی پارلمانی لەسەر بنەماکانی دێموکراسی، فیدرالیزم و سێکۆلاریزم دەتوانێ دەستەبەری مافی فرەیییەکانی ئێران بێت و بۆ ئەم ئامانجەش پێویستە هەمووان بە وەلانانی ناکۆکییەکان و پێداگری لەسەر هاوبەشییەکان هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی گشتگیر لە ئاستی وڵاتدا بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و چێکردنی ئێرانی دێموکراتیکی داهاتوو بن.

**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**

لە ماوەی ڕابردوودا شەپۆلێکی نوێی هەڕەشەی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی لە زمانی کاربەدەستانی سیاسی و فەرماندەرانی نیزامیی ڕێژیمەوە بۆ سەر حیزبی دێموکرات دووپات دەبنەوە. ڕێژیم هەروەها لە هەوڵە دیپلۆماسی و گوشارەکانی خۆی بۆ سەر حکوومەتی ناوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستاندا وا پیشان دەدات کە بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی دیکەی دژبەری لە خاکی هەرێمدا مەترسیی لەسەر دروست کردوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم دەرفەتەدا جارێکی دیکە پێداگری لەسەر سیاسەتە دروستەکانی خۆی لەپێناو خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران دەکاتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە هەشت دەیەی ڕابردوودا خەباتێکی بەردەوامی لە هەموو شێوازەکانی خۆیدا بۆ داکۆکی و وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان کردووە و لەو دەیان ساڵەدا بە دەیان ڕێبەر و بە هەزاران پێشمەرگەی لەو پێناوەدا گیانیان بەخشیوە، جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە پرسی کورد لە ئێران ڕێگاچارەی نیزامیی نییە. پرسی کورد لە ئێران پرسی زیاتر لە ١٠ میلیون کەسە کە مافە مرۆییەکانی خۆی دەناسێ، داوایان دەکات و لە خەبات بۆ وەدیهێنانیان بەردەوامە؛ هەروەها نە سەرکوت و کوشتار و نە تیرۆر و مووشەکباران نەیتوانیوە کۆڵی پێ بدات و ناشتوانێ بیوەستێنیت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی وێڕای پیرۆزبایی هاتنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و ٣٠ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی و لەگەڵ پێداگری لەسەر یەکگری و یەکیەتیی تەشکیلاتیی حیزب، پەیمان نوێ دەکاتەوە کە بە پشتیوانیی هەمەلایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەتا ڕزگاری و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێران لە خەباتی شێلگیرانەی خۆی بەردەوام دەبێت.

سڵاو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێ کاف و حیزبی دێموکرات!

سڵاو لە ئەویندارانی حیزبی دێموکرات!

سڵاو لە ئیرادەی هاوبەشی سەرانسەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی

سەرکەوێ جووڵانەوەی کورد لەپێناو ڕزگاری و دابینوونی مافی نەتەوەیی

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠٢ی هەتاوی**

## مستەفا هیجری:

# لایەنە فرەڕەهەندییەکانی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات سەرمایەیەکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە




ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژ لە مێژووی خەباتی دەیان ساڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا، بە ڕۆژێکی مێژوویی دادەنرێت. ساڵی ١٤٠١ و لە ڕۆژێکی وەهادا، ڕێبەرایەتیی هەر دوو لای حیزبی دێموکڕات پاش ١٦ ساڵ لێکدابڕان، بە هەست بە بەرپرسیارێتی و خوێندنەوەی زەروورەتی سیاسی و تەشکیلاتی، بڕیاری وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتیان گەیاندە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر.

ئەم یەکگرتنەوەیە لە سەروبەندی دەستپێکی قۆناغی" بزووتنەوەی ژینا"دا و بە دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی"، بایەخێکی تەشکیلاتی و قورساییەکی سیاسیی ئەوتۆی هەبوو کە دواتر لەسەر شەقامەکانی کوردستان و باقیی بەشەکانی ئێراندا ڕەنگی دایەوە و، کاریگەریی خۆی لە هاوسەنگیی هێز و هاوکێشە سیاسییەکان لە ئاستی کوردستان، ئێران و ڕای گشتیی دنیای دەرەوەدا دەرخست، هەروەها بانگەوازی یەکگرتوویی و یەکبوونی بە گوێی ئازادیخوازانی ئێرانی گەیاند.

لایەنی ڕێکخراوەیی و سیاسیی ئەم یەکگرتنەوەیە و، ڕەهەندە گوتاری و مەیدانییەکەی، ئێستاش سەرمایەیەکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەییی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لێکگرێدانی بەها و دەستکەوتەکانی ئەم یەکگرتنەوەیە لە سەرمایە و هێزی لەبنەهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک قووڵاییی ستراتیژیکی خەبات و تێکۆشان، بەردەوامی و سەرکەوتنی بزووتنەوەکە مسۆگەر دەکات. ئاماژەی سەرەکی لەم نێوەدا، ئەو ڕاستییەیە کە هێز لە یەکگرتوویيدایە.

لەم ڕۆژەدا، سڵاو و ڕێز و ئەمەگناسیمان بۆ کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات هەیە کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا شکۆی حیزب و پێشمەرگایەتییان هەروا لەسەر پێ ڕاگرتووە.

ساڵیادی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی، ئەندام، لایەنگر، کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە پیرۆز بێت.

**مستەفا هیجری**
**٢٩ی گەلاوێژی ١٤٠٢**

## مستەفا هیجری:

# ٢٥ی گەلاوێژ کوردستانیبوونی کرد بە ناسنامەیەکی هەمیشەیی و گوتارێکی نەتەوەیی

٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. سەرەتا ئەم ڕۆژە لە هەموو ڕێبواران و ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادیی کوردستان پیرۆز بێت، لە هەموو ئەو شۆڕشگێڕە بەئەمەگانە پیرۆز بێت کە لە ڕیزەکانی خەباتی دەیان ساڵەی ئەم حیزبەدا گیانفیداییان کردووە و نەوە دوای نەوە سەنگەری خەباتی پێشمەرگانەیان ئاوەدان کردووەتەوە.

لەم بۆنەیەدا وەبیرهێنانەوەی ئەم چەند خاڵە بە پێویست دەزانم؛

– حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای خاوەنداری و بەئەنجام گەیاندنی پرسی نەتەوەیی و دۆزی نیشتمانی دامەزراوە و، تاکوو ئێستاش هەڵگری هەمان بەهایە و لەم پێناوەشدا خەبات دەکات.

– سەرهەڵدانی حیزبی دێموکرات ئەنجامی گەشەکردنی هزری نەتەوەیی و ویستی کۆمەڵگەی کوردستان بووە و هەردەم لەو سۆنگەیەوە خۆی پێناسە کردووە. پێوانەی هەموو سیاسەتەکانی واقع و بەستێنی کۆمەڵگەی کوردستان بووە.

– هۆکاری سەرەکیی مانەوەی ٢٥ی گەلاوێژ وەک ڕەمزێکی نەتەوەیی لە یادەوەریی گشتیی کوردستانیاندا، پێداگریی ئەم حیزبە بووە لەسەر ڕێبازی نەتەوەیی و هێڵی نیشتمانی. بە خۆڕاگری و بەرگریی مێژوویی لەو هێڵە، لە خەباتی خۆی هەروا بەردەوامە.

– ٢٥ی گەلاوێژ خاڵگۆڕانێکە و نیشتمانپەروەران بڕیار دەدەن ڕیزەکانی خۆیان ڕێک بخەن تاکوو یەکگرتووانە، پرسی نەتەوەیی بکەنە ڕێبازێکی هەمیشەیی. ئێستاش ئەم ڕێبازە، تاکە ڕێگایە بۆ سەرکەوتن و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی نیشتمانەکەمان.

– دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، چوونە نێو قۆناغی بزووتنەوەیەکی سەردەمیانە بوو بۆ بەرخۆدانێکی نیشتمانی بەرانبەر بە داگیرکەر. لەمڕۆشدا حیزبی دێموکرات پاڵی بە هەمان بزووتنەوەوە داوە کە نموونە بەرچاوەکەی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە و ئامانجی سەروەری، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کەرامەت و ڕزگاریی مرۆڤەکانە لە بندەستی.

– ٢٥ی گەلاوێژ نوێنەرایەتیی ئیرادەیەکی نەتەوەیی دەکات. هەمان ئیرادە کە ڕۆڵەکانی کوردستان لە شار و شاخ وێنای دەکەن. وێنایەک کە پێشمەرگە ئامادە نەبووە ئەو ئیرادەیە بەدەستەوە بدات و خەباتکارانی شاریش ڕۆژانە هەروا سوور و پێداگرن و، ئیرادەی خۆیان بەرانبەر بە داگیرکەر دەنوێنن.

لە دواییدا دەمهەوێت بڵێم ٢٥ی گەلاوێژ بە وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان لەقەڵەم دەدرێت. وەرچەرخانێک کە ئاراستەی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ گەیشتن بە مافی سەروەری گۆڕی و لە هەمان کاتدا کوردستانیبوونی کرد بە ناسنامەیەکی هەمیشەیی و گوتارێکی نەتەوەیی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٤ی گەلاوێژی ١٤٠٢**

## مستەفا هیجری:

# زیندووبوونی گوتاری نیشتمانی لە کوردستان بەرهەمی ئەو لاوانەیە وێنایەکی جیاوازتریان بەخشیوەتە بزووتنەوەی کورد

لە ڕۆژی جیهانیی لاواندا، بە پێویستی دەزانم بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لە لاوانی کوردستان، ئێران و جیهان بکەم.

بەشێکی زۆری قورسایی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و ڕزگارکراو لە بندەستی، لەسەر شانی لاوانی کوردستان بووە. هاوکات یەکێک لە هۆیەکانی بەردەوامیی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان ئەنجامی وزە و ئیرادەیەک بووە کە لاوانی کوردستان نەوە لە دوای نەوە بەم بزاڤەیان بەخشیوە. لاوان بە پەیوەستبوونیان بە ڕیزەکانی خەباتی سیاسی و گەرمڕاگرتنی ئیرادەی شەقامی کوردستان و پێداگری لەسەر دۆزی نیشتمانی، ئیجازەی ئەوەیان نەداوە کاروانی ڕزگاریی کوردستان بوەستێ.

فرەیی لە ڕوانینەکان و میکانیزمی گەیشتنی کوردستان بە ڕزگاری، ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی نەوە لە دوای نەوەی لاوان بووە کە بیروڕای جیاوازیان هێناوەتە نێو ئەم بزاڤەوە و، نوێبوونەوە و سەردەمیانەبوونیان کردووەتە بەشێک لە پێناسەی کوردستانیبوون. بۆیە دەتوانین بڵێین زیندووبوونی گوتاری نیشتمانی لە کوردستان، بەرهەمی ئەو لاوانەیە کە وێنایەکی جیاوازتریان بەخشیوەتە بزاڤەکە و، لە چەقبەستوویی ڕزگاریان کردووە.

ئەگەر ئیرادە و وزەی لاوان لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان نەبوایە، زۆر ئەستەم بوو ئەم بزاڤە هەروا لەسەر پێ بێ و، زەحمەت بوو بتوانێ هەڵگری بەهاگەلێکی کوردستانی و مرۆیی وەک "ژن، ژیان، ئازادی" بێ.

جارێکی دیکەش ڕۆژی جیهانیی لاوان، لە هەموو لاوانی وریا و بەهەستی کوردستان پیرۆز بێ.

**مستەفا هیجری**
**٢٠ی گەلاوێژی ١٤٠٢**

## ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات:

# بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم خۆیان ئاگر لە دارستانەکانی کوردستان بەردەدەن

**هاونیشتمانیانی ئازیز!**
**خەمخۆران و ژینگەپارێزانی کوردستان!**

هەروەک هەموولایەک ئاگادارن ماوەی چەند ڕۆژێکە دیسان دارستانەکانی کوردستان و بەتایبەت و بەدیاریکراوی دارستانەکانی ناوچەی مەریوان لە ئاگردا دەسووتێن و ئەوەی بۆ کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی ئاگرەکە لە گیان و ژیانی خۆی مایەی داناوە، تەنیا و تەنیا ئێوەی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرن. بۆیە پڕبەدڵ ئەوپەڕی سپاسی خۆمانتان پێشکەش دەکەین و لەبەرانبەر هەموو ماندووبوون و شەونخۆنییەکانتاندا دەستی ڕێز و پێزانین بەسینگمانەوە دەنێین و پێتان سەربەرزین.

ئیتر بۆ هەموو لایەک ئاشکرا و ڕوونە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرانەی لە ژینگەی کوردستان دەکەوێتەوە نەک یارمەتیدەری ژینگەپارێزانی بەهەڵوێست نییە، بەڵکوو دەستوپێوەندییە بەکرێگیراوەکانی خۆیان دەستیان لە ئاگرتێبەردانەکاندا هەیە. لەوەها حاڵەتێکدا ئەوە تەنیا خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ژینگەپارێزانی تێکۆشەرن کە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵدەماڵێن و بەهانای یەکترەوە دەچن بۆ ڕزگارکردنی ژینگەی نیشتمانەکەیان.

لەم چەند ڕۆژەی تێکۆشانی ژینگەپارێزان ئەوە چالاکانی ژینگەپارێزیی شارەکانی دەوروبەری مەریوان بوون کە بە هانای ژینگەپارێزانی ناوچەی مەریوانەوە چوون کە ئەوەش نیشانەی ئەوپەڕی خەمخۆری و دڵسۆزییانە بۆ پاراستنی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان.

جارێکی دیکە و وێڕای سپاسی پڕبەدڵ و ماندوونەبوونی لە ئێوەی خۆشەویست، داوا لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین کە هەرچی لە تواناياندا هەیە و چییان پێ دەکرێت، بە هانای ژینگەپارێزانی مەریوانەوە بچن و جارێکی دیکە بیسەلمێنن کە ڕزگاریی نیشتمان کاڵایەکە پڕ بە باڵای دڵسۆزی و هەڵوێستی کوردانەی ئێوە. هەر سەرکەوتوو بن و بەو هیوایە بەری زەحمەتەکانی خۆتان بە ئاوەدانیی کوردستان بچیننەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی تەشکیلات**

## مستەفا هیجری:

# تەنیا هێزێک کە ئیرادەی پاراستنی کوردستانی هەیە هێزی جەماوەر و خەڵکی کوردستانە

ئاگربەردان لە دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا دەربڕی ئاگری ڕق و دوژمنکاری و کردنەئامانجی ژینگەی نیشتمان لەلایەن ڕێژیمی دژەخەڵک و دژەژینگەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، دارستانەکانی مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەری، بە شێوەی گوماناوی ئاگریان تێبەردراوە و سەرەڕای هەوڵی بێوچان و خۆبەخشانەی ژینگەپارێزانی ناوچەکە و خەڵکی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕوویان لە شوێنی ئاگرەکە کردووە، مخابن سووتانی دارستانەکان هەروا بەردەوامە و هەتا لە لایەکەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، لە لایەکی دیکەوە سەرهەڵدەداتەوە.

ئەزموونی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، تەنیا هێزێک کە ئیرادەی پاراستنی خاک و سروشتی کوردستانی هەیە، هێزی جەماوەر و کۆمەڵگەی کوردستانە. هەربۆیە پاراستنی ژینگە، پاراستنی خاک و سروشت و جوانییەکانی نیشتمانە. بێگومان پاراستنی نیشتمان و بەگژداچوونەوەی ئاگری دوژمن، نەک تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانی، ئەرکێکی گەورەی مرۆڤایەتیشە کە تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان لێی بەرپرسیارن.


هەر لەو پێوەندییەدا هەوڵ و تێکۆشانی ژینگەپارێزانی مەریوان و هاریکاریی چالاکانی ژینگەپارێزی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بۆ دامرکاندنی ئەو ئاگرە، شیاوی پێزانینە. هەروەها ئەرکی هەموو کوردستانییانە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ، بۆ کۆنترۆڵی ئاگرەکە بەهانای خەڵکی مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەریەوە بچن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**مستەفا هیجری**

خالید عەزیزی:

# کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش دانی بە دنیابینیی جیاوازیی کوردستان نەناوە

**ئاماژە: کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نوێترین وتووێژ دەگەڵ تەلەڤیزیۆنی فەرمیی حیزب (کوردکاناڵ) باسی لە پێویستیی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، دەوری پێشەوا قازی محەممەد و دکتۆر قاسملوو لە داڕشتنی سیاسەتە گشتگیر و ستراتێژیکییەکانی حیزب و ڕەوشی خەبات لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا کردووە. باس لە چۆنیەتی و هۆکاری هێرش بۆ سەر کوردستان هەر لە سەرەتای دەستپێکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەردەوامیی سیاسەتی سڕینەوەی کورد لەلایەن حکومەتی ناوەندی تەوەرێکی دیکەی ئەو دیمانەیە بوو. ڕۆژنامەی "کوردستان" پوختە و گرنگترین بەشەکانی وتوێژی بەڕێزیانی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**



**گرنگی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات:**

دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر، وەڵامێک بوو بۆ پێویستییەکی مێژوویی، سیاسی و تەشکیلاتی لە کوردستانی ئێران. بەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتیش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران بە شێوەی بەربڵاو بەڵام ڕێکنەخراو و لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا دژایەتیی دەستەڵاتی ناوەندی بە ئاراستەی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بوونی دەکرا. بەڵام دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دەرکەوتنی بۆشاییەک لە ئاکامی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و ئینگلیس، نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات بە لێکدانەوەی ڕاستەقینەی لە دۆخی ئارایی، حیزبی دێموکراتی وەک حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک دامەزراند. دەکرێ بڵێین دوای ئەم ڕووداوە ژینگەی سیاسی کوردستانی ئێران و ڕێکخستنی خەڵکی کورد لە هەمبەر چۆنیەتیی چالاکیی سیاسی و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان شێوازیی حیزبی بەخۆوە گرت.

**دەوری پێشەوا قازی محەممەد:**

بە ڕوانینێکی ڕاستەقینە لە دۆخی ئێران و کوردستانی ٧٨ ساڵ لەمەوبەر، ڕەوشی ئاڵۆز و ناهەمواری ئێران، پاشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان بەبەراورد دەگەڵ ئەمڕۆ، نزمبوونی ئاستی خوێندەواری و زانست لەنێوان خەڵک و هەبوونی کۆمەڵگەیەکی عەشیرەیی و دەرەبەگایەتی؛ هەوڵی قازی محەممەد بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و ئامادەکردنی کوردستان بۆ ژینگەیەکی سیاسی نوێ، هەوڵێکی ناوازە و پێشکەوتوانە بوو. هەڵبەت لەو سەردەمەدا ئالنگاری و دەرفەتی زۆریش بوونیان هەبووە. دەرفەتەکان ئەوانە بوون چۆن بکرێ لەو دەرفەتە هەڵکەوتووە بۆ ڕۆنانی دێموکراسی و گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کورد، کەڵک وەربگیردرێ. کێشە و ئالنگارییەکانیش ئەوە بوو کە دەبوایە کۆماری کوردستان و ئازەربایجان پێکەوە بە دوای چارەسەری کێشە و قەیرانەکان هەنگاو بنێن و، بەخۆشییەوە بەڵگە مێژووییەکان نیشان دەدەن کە ئەو پرسانە بە ژیری و وریایی چارەسەر بوون و ئێمەش هیوادارین کە ئەم ئەزموونە مێژووییە ئێستاش کاری پێ بکرێ و هەردووک لایەنی کورد و تورک پێکەوە بە هاوکاری و هاوتەریب دەگەڵ یەکتر پەرە بە پێوەندییەکانییان و هاوکاریی دوولایەنە بدەن. یەکێکی دیکە لە گرفتەکان حکومەتی پەهلەوی بوو کە نەیدەویست دان بەو حکوومەتانە دابنێت. قازی محەممەد هەوڵی ئەوەی دابوو بە چالاککردنی دیپلۆماسی و دیالۆگ دەگەڵ تاران بەپێی ڕاستییەکانی ئارایی باشترین بڕیار بدرێ، بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمدا بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی ئێران ئاگاداری ئەوە نەبوون دۆخی کوردستان چۆنە و خەڵکی کورد چی دەوێ، وێڕای هەوڵی بێوچانی قازی محەممەد بۆ چارەسەری گرفتەکان، بەڵام لە تاران هیچ گوێچکەیەک بۆ بیستن بوونی نەبوو.

چۆنیەتیی ئیدارەی کوردستان یەکێکی دیکە لە داڵغە فکرییەکانی پێشەوا بوو. بە هەوڵ و خەباتی بەردەوامی قازی محەممەد و ڕێنوێنییەکانی لەو سەردەمدا (کە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر یەکیەتیی لاوان و ژنانی کوردستان دامەزرا) بەڵگەیەکی زۆر هەن پشتڕاستی دەکەنەوە، حکومەتی خودموختار بۆ ئیدارەکردنی کوردستان بەرنامەی داڕشتووە و زۆربەی ئەو بەرنامانە لە ئاوەزی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە. "ئارچیباڵد ڕوزوێڵت" کە ئەوکات دیپلۆمات و بەرپرسی کاروباری نیزامیی ئەمریکا لە سەفارەتی ئێران بوو، سەفەرێک بۆ کوردستان دەکات و چاوی بە قازی محەممەد دەکەوێت و دگەڵی دەدوێ، ئەو دەڵێ: قازی محەممەد لە نێو خەڵکدا کەسایەتییەکی زۆر جێگای ڕێز و خۆشەویست بوو، ئەو بەسەر چەند زماندا زاڵ بوو و کتێبخانەیەکی هەبوو یەکجار زۆر گەورە و دەوڵەمەند، هەڵسوکەوتی ناوبراو دەگەڵ سەرجەم چین و توێژێکی کۆمەڵگە بەوپەڕی ڕێزەوە بوو، کاتێک پرسیارم لێ کرد ئارمانج و جۆری حکوومەتی دواڕۆژتان چییە؟ گوتی: دێموکراسی. ئەمە لەوسەردەمەدا و لە جیهانبینیی ئەو چاخە کە کلۆکۆی هزری چەپ و کۆمۆنیستی زاڵ بوو، زۆر جێگای بایەخە."

**کۆمارە ناوچەییەکان لە وڵاتی پاشایەتیی ناوەندتەوەر:**

ئێستا ئێمە باس لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر و دواساڵەکانی کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی دەکەین. لەو سەردەمدا باکووری ئێران، بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو داگیر کرابوو و هەوڵیان دەدا لەم ناوچانەی ژێر دەستەڵاتییان ئەزمون و بیرۆکەی سیاسیی خۆیان دابمەزرێنن. ئەم بابەتە لەلایەک ئەرێنی بوو، چونکە لە نێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو نزیک ١٥ نەتەوەی جۆراوجۆر دەژیان، ئەوان هەموویان کۆمار یان خودموختاری نێوخۆیی خۆیان هەبوو واتە دەستەڵات لەدەستی خۆیان دابووە، کۆماری کوردستان و ئازەربایجانیش لەوە وەرگیرابوو، هەربۆیە قازی محەممەد و حیزبی دێموکرات بەرنامەی ئەوەیان نەبوو لە ئێران جیا ببنەوە و هەوڵی ئەوان ئەوە بوو پرسی نەتەوەیی کورد و هەڵسووڕانی کاروباری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دابێ.

**دۆخی خەباتی حیزبی دێموکرات دوای نەمانی کۆماری کوردستان:**

دوای لەسێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێیەکانی حیزبی دێموکرات قۆناغی خەباتی نهێنیی دەست پێ کرد، زۆربەی کادر و ئەندامانی حیزب زیندانی و بەشێکیشیان شاربەدەر کرابوون، بەڵام سەرەڕای ئەوە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب دەگەڵ چالاکانی ئیداریی ئێرانی پێوەندی باشیان هەبوو، بۆ میناک لە سەردەمی موسەدیق ئەو پێوەندی و چالاکییانە هەروەها کەشی هەتا ڕادەیەک کراوەی سیاسی لە کوردستان بووە هۆی ئەوەیکە جارێکی دیکە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات وە جموجۆڵ بکەوێتەوە، بەڵام دوای کودتا و گەڕانەوەی دیکتاتۆریی پەهلەوی، هەمدیسان بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات گیران و تەنانەت بەشێکیان هەتا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە بەندیخانەدا مانەوە و هەبووە ٢٥ ساڵ لە زینداندا بووە. لەم دەورانە ئاڵۆز و نهێنیکارییەدا بەشێکی زۆر لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بەناچار نیشتمانی بەجێ هێشت و لە باشووری کوردستان درێژەیان بە خەباتی سیاسی خۆیان دا، بەڵام هەرچۆنێک بێ پردی پێوەندیی خەڵک و حیزب هەر بەردەوام بووە.

**دۆخی حیزبی دێموکرات دوای شۆڕشی ١٣٥٧:**

خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرکەوتنی شۆڕش هەبوو، بەڵام بەداخەوە وردوردە ئێمە لە نێوخۆی ئێران وەک بێگانە و دژ سەیرمان کرا، هەتا وای لێ هات بەشێک لە خەڵکیی چەکداری تاران و شارەکانی دیکەی ئێران لە ڕێکخراوە تازە دامەزراوە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕێک خران. سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەردەوام پێداگری لەسەر ئەم خاڵە کردووە پرسی کورد دەگەڵ دەستەڵاتی ناوەند لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر دەبێ، هەموو هەوڵی حیزبی دێموکرات و د. قاسملوو وەک وتەبێژی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵقی کورد لەو کاتەدا و دواتریش لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان ئەوە بووە کۆتایی بەو قسە بێنێت کە باس لە وەهمی "جیاییخوازی" کوردەکان دەکات. بەڵام ئایەتوڵڵا خومەینیش وەک ڕێژیمی پاشایەتی دانی بە پرسی خودموختاری نەنا و دەیگوت ئەوە چەمکێکی ڕۆژئاواییە. ناوبراو هەر لەم پێوەندییەدا بە هاوکارێکی خۆی دەڵێت: ناکرێ ئێمە ئەوان بگۆڕین؟ دوای ئەوە باسی خودگەردانی هاتە کایەوە و، هەموو نەرمی و نەویکێشانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە بوو کۆماری ئیسلامی ئێران خێرا و بەهاسانی شەڕ بەسەرماندا نەسەپێنیت بۆوەی دەرفەتی زیاترمان بۆ وتوویژ و لەیەکتر حاڵیبوون هەبێ. تەنانەت ئەوکات زۆربەی چەپەکانی ئێران و کۆمۆنیستەکان تانەیان لەو سیاسەتەی حیزب دەدا و مۆرک و بوختانی ئەوەیان بۆ حیزب و د. قاسملوو هەڵدەبەست کە "سازشکارە". تەنانەت کاتێک باڵوێزخانەی ئەمریکا لەلایەن ڕێژیمەوە دەستی بەسەردا گیرا و کارمەندەکانی بەبارمتە گیران، حیزبی دێموکرات لە یەکەمین حیزبەکان بوو ئەو کردەوەیەی مەحکووم کرد و پێداگریی لەسەر پاراستنی یاسا و ڕێسا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە کرد. ئەم هەڵوێستەش هەر لەلایەن حیزبگەلی کۆمۆنیستی و چەپ کەوتە بەر ڕەخنە و گازندە، بەڵام ئێمە وەک بەشێک لە مێژوویەکی درەوشاوەی خۆمان سەیری دەکەین چوونکە ئێمە هەمووکات دژایەتیمان کردووە دەگەڵ تیرۆر و بەبارمتە گرتن و ئەمەش سیاسەتی بنچینەیی و نەگۆڕی حیزبەکەمانە. بەهەرحاڵ وێڕای هەوڵەکانی حیزبە سیاسییەکانی کورد بە دامەزراندنی شووڕای خەڵکیی و دێموکراتیک، ناوچەکانی کوردستان ئیدارە دەکران، بەڵام لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە هێرشمان کرایە سەر و شەڕێکی سەرتاسەری بە دژی خەڵکی کورد سەپێنرا.

**دەوری د. قاسملوو لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتە ستراتێژییەکانی حیزب:**

سەرجەم ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کە بەشێکی زۆریان لە مەیدانی خەبات دەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکام هێرش بۆسەر کوردستان شەهید بوون یان لە کوردستانی باشوور تیرۆر کران، یان نەمر دکتۆر شەرەفکەندی کە لە ڕێستۆرانی میکۆنوسی ئاڵمان تیرۆر کرا، دەورێکی بەرچاویان لە بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا هەبووە. بەڵام ڕۆڵ و کاریگەریی دوو کەس لە ڕێبەرانمان یەکجار زۆرتر دیارە. یەکەم قازی محەممەدە کە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی دامەزراند و دوای ئەو د. قاسملوو کە ئەندازیار و داڕێژەری نوێکردنەوەی تەشکیلاتی، سیاسی و ستراتێژیی حیزب بووە. ئەگەر قازی محەممەد سوور بوو لەسەر دامەزراندنی حیزب، د.قاسملووش بەو ڕادەیە پێداگر بوو کە حیزب دەبێ یاسا و ڕێسا، تاکتیک، ستراتێژی، بەرنامە، کۆنگرە، کۆنفرانس و دووره دیمەنی سیاسی خۆی هەبێ، هەربۆیە بە هەوڵ و تێکۆشانی بنچینەیی و پێویست، ڕۆڵی د.قاسملوو لە حیزبی دێموکرات و بە شێوەی گشتی لە بزووتنەوەی کوردستان زۆر بەرچاو و دیارە. دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی کاریزماتیک و مەزنی هەبوو، بەڕێزیان کە لەسەردەمی دامەزرانی حیزبدا تازەلاوێک بوو، بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە تاران و دواتر بۆ درێژەی قۆناغەکانی خوێندنی ئاکادیمیک وڵاتی بەجێ هێشت. مانەوە لە ئورووپا و گۆڕانکارییەکانی بەهاری پڕاگ دەرفەتێکی باش بوو بۆ د. قاسملوو هەتا بتوانێ ئەو ئەزموونانە بگوازێتەوە نێو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەک ڕستەدا دوکتور قاسملوو ئەندازیاری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بووە.

**هۆکاری هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان:**

کوردستانی ئەو سەردەم بە بەراورد دەگەڵ باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران پێشەنگی دێموکراسیخوازی و ڕێکخستنی سیاسی و خەڵکی بوو. ڕێبەری و نوێنەرایەتی زۆربەی هێزەکانی ئێرانی دژبەری ئەو ڕێژیمە نوێیە کە نەیاندەتوانی لە تاران و ناوچەکانی دیکە بمێننەوە، لە کوردستان بوون و کۆماری ئیسلامی ئێران جیهانبینیی جیاوازیی کوردستانی بۆ نەدەسەلما و دانی پێ نەدەنا، هەربۆیە هێرشی کردە سەر کوردستان و بەشێک لە خەڵکی کوردستانیش کە وەک باقی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران چەکیان هەبوو، دەگەڵ دامەزراندنەوە و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە کەوتن و هەتا ئێستاش ئەو بەرگرییە هەر بەردەوامە. خاڵێکی جێ سەرنج لە گەرمەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق ئەوەیە، نەمر د. قاسملوو پەیامێکی بۆ تاران نارد بەو نێوەڕۆکەی، ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران دان بە ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد دابنێ، ئێمە ئامادەین هێزەکانی خۆمان بۆ بەرەی شەڕ دەگەڵ عێراق بگوازینەوە. ئەمە پەیامێکی زۆر مێژوویی و گرنگ بوو، بەڵام هەتا ئێستاش لەو خەڵکانە بوونیان هەیە کە لە ڕێبەری ڕێژیم دان یان بەشێکن لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە ئاگادارییان لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد نییە و هەر زۆر بە هاسانی بەدوای تیۆری پیلان گێڕیدان هەوڵ دەدەن کوردستان و حیزبی دێموکرات بەوە تۆمەتبار بکەن کە ئێوە "جیاییخوازن"، د. قاسملوو بەردەوام باوەڕی بەوە هەبوو دامەزراندن و سەقامگیری دێموکراسی لە ئێران و هەبوونی مافی خودموختاری کە بۆ نەتەوەکانی نێو ئێران گرنگی هەبوو، هۆکاری سەرەکی بۆ پێشگرتن لە دابەشبوونی ئێرانە. کەواتە ئەگە بۆ هەمیشە کوردستان و باقی نەتەوەکان لە پەراوێز دابن و ناوەندیش هەر بە ناوەندی بمێنێتەوە، زۆر سرووشتییە هۆکاری هەڕەشەکە بۆ ئەو جۆرە تێڕوانینە بگەڕێتەوە.

**بۆچی لە کاتێکدا ڕێژیم بەردەوام دەهۆڵی کوشتار و تیرۆر دەکوتێ بەڵام حیزبی دێموکرات لەسەر خەباتی مەدەنی، سیاسەتی دیالۆگ و چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیانە پێداگرە؟**


پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، کاتێک کە ئارچیباڵد ڕوزوێڵت لە قازی محەممەد دەپرسێ ئێوە چ جۆرە سیستەمێکی سیاسی پەسند دەکەن، وەڵامی پێشەوا ئەوەیە کە؛ حکومەتێکی دێموکراتیک. د. قاسملوو لە درێژەی خەباتی سیاسی و حیزبی ئەو دێموکراسیخوازی و بایەخە جیهانداگرەکانی بردووەتە نێو هەناو و ناخی حیزبەوە. لە سەردەمی شەڕی داسەپاوی دەستەڵاتی ناوەندی بەدژی خەڵکی کورد، حیزبی دێموکرات هیچکات دیلەکانی شەڕی ئەشکەنجە نەدا، بریندارەکانیان لە مەیدانی شەڕ وەک پێشمەرگەکان دەرمان دەکران و دوای ئەوەیکە لە بواری بیرکردنەوەی سیاسی ڕوون دەکرانەوە ئازاد دەکران، جا زۆربەی ئەوان لە ناوچەی خۆیان دەبوونە سەفیری پرسی کورد، ئێمە هیچکات باوەڕمان بە تیرۆر نەبووە، تەنانەت ئەو کاتەی ڕێبەرانمان سەرەتا د. قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ دەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ئێرانی و دواتریش لە میکۆنوس د. شەرەفکەندی کاتێک دەگەڵ بەشێکی لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن دانیشتبوو، و لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە تیرۆر کران، ئێمە بۆ وڵامدانەوەی ئەو تاوانە مەزنانە دەستمان بۆ تیرۆر نەبرد. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا ناوەندەکانی ڕێبەریی حیزبەکەمان چەندین جار بە دڕۆن و مووشەک پەلامار دران و خەسارەتی گیانی و ماڵیی زۆرمان وەبەر کەوت بەڵام ئێمە وتمان تیرۆر بە تیرۆر وڵام نادەینەوە دواتریش دیتمان خەڵک چۆن ئەو پەیامەی ئێمەی وەرگرت و بە خەباتی مەدەنی، سیاسی و یاسایی ئەوەندەی بۆیان لوا بە چالاکیی وەک مانگرتن، نارەزایەتیی سەرشەقام و بە بەشداریی ژنان و پیاوان و لاوانی کوردستان لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە تەنانەت مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییەکانی مەزهەبی کە هەمووکات دەوری کاریگەریان لە ژیانی سیاسی حیزب هەبووە، مەیدانی خەبات و تێکۆشانییان لە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران گرتووە.

**بنەمای دیپلۆماسیی حیزب:**

فەلسەفەی بوونی حیزبی دێموکرات، فەلسەفەیەکی سیاسییە، ڕوانینی ئێمە ئاخێزگەیەکی ئایدۆلۆژی تایبەتی یان حیزبێکی چینایەتی نییە، ئێمە حیزبێکی نەتەوەیین و کاتێک دەڵێین حیزبێکی نەتەوەیین، ئەمە هەموو خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە بە سەرجەم چین و توێژ و باوەڕەکانیان. چوونکە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگە، ئەو جۆراوجۆرییەش بە جوانی لەنێو ڕیزەکانی تەشکیلاتیی حیزبدا خۆیا دەبێ. هەروەک باس کرا ئێمە بەدوای چارەسەری پرسی کورد و مافەکانی نەتەوەیی خۆمانین و لە دانیشتنە سیاسییەکانیشدا زۆر سرووشتییە بۆ ئەو مەبەستە بەدوای یارگیری و بەردەنگی خۆمانین. لەنێوخۆی ئێران سەرجەم ڕێکخراو و حیزبەکانی ئێرانی کە باوەڕیان بە دێموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت، ئیدارەی هاوبەشی ئێران و نا ناوەندبوون و مسۆگەربوونی یەکسانیی مافی نەتەوەکانی ئێران هەبێ، ئێمە وەک هاوپەیمان چاویان لێدەکەین، لایەنگری دۆستایەتی و پێوەندی دەگەڵ هەموو ڕەوتێکین کە بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن. لە بواری دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیشەوە ئێمە بەردەوام هەوڵمان داوە لەسەر ئەو بنەمایە پێداگر بین کە وێنایەکی گشتی لە ئێران و کوردستان پێشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەین. هەربۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە داهێنان و نوێکاری و جیهان بینییەکانی نەمر د. قاسملوو کە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو تێکۆشاوە لە ئەمریکا و ئورووپا دەگەڵ دامەزراوە و وڵاتانی جۆراوجۆر پێوەندی هەبێ، لە درێژەی ئەو سیاسەتانە و پێوەندی ئێمە وەک ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵ سوسیالیست و دەرفەتەکانی دیکەش هەوڵ بدەین پەیام و ڕێکاری سیاسی حیزب و خەڵکی خۆمان بگەیەنینە گوێی جیهان.

# کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد

## (هەڵسەنگاندن بۆ پەیماننامەکان لە ڕوانگەی مافی نێونەتەوەییەوە)






مستەفا مەولوودی

هەتا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و چاردە خاڵەکەی "وودرو ویلسۆن" سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا (١٨ی ژانوییەی ١٩١٨)، مەنشووری ئاتلانتیک (١٩٤١)، ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتوویەکان (ژانوییەی ١٩٤٢) و پەیماننامەی نێونەتەوەیی حقووقی مەدەنی و سیاسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (پەسندکراوی ٢٦ی دێسامبری ١٩٦٦)، لە مێژوودا یاساکان بە زۆری عورفی بوون یان دەسەڵات و هێز بابەتەکانی یەکلایی کردۆتەوە. بەپێی تێگەیشتن و خوێندنەوەی من بە دوو هۆ زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو پەیماننامانە یاسایی و ڕەوا نین، بۆ؟

**یەکەم:** یاساکان بە زۆری عورفی بوون، لە یاسای عورفییشدا، ڕەچاوی ئیرادە و خواستی نەتەوەکان و دانیشتوان دەکرێ. بە کەڵکوەرگرتن لە یاسای عورفی چەندین نەتەوە و پێکهاتەی ئەتنیکی و میللی و دینی و مەزهەبی بە یەکەوە حاوانەوە و، ماف و حقووقی یەکتریان لەبەرچاو گرتووە و تەنانەت پاراستوویانە، بەڵام لەو پەیماننامانەی پەیوەندیدار بە کوردستان و خەڵکی کوردستان بەستراون، لە پەیماننامەی زەهاوەوە تا پەیماننامەی سایکس-پیکۆ لە هیچ بوارێکدا ڕەچاوی یاساکانی عورفی نەکراوە، کە لە جێگای خۆیدا ئیشارەیان پێ دەکەین.

**دووهـــەم:** ئـەو پـەیـمـانـنـامـەی دەوڵـەتـان بەستوویانن، هەموویان دەرئەنجامی شەڕ بوون. لایەنی دۆڕاو و شکستخواردوو ناچار بووە شەرتەکانی لایەنی براوە قبوڵ بکات بۆ نموونە وەک پەیماننامەی گوڵستان لە نێوان ڕووسیە و ئێران لە ئۆکتۆبری ١٨١٣ی زایینی.

لە پێوەندی لەگەڵ یاسای عورفیدا، دەتوانین ئاماژە بە دوو جۆری بکەین؛

یەکەم: ئەو یاسا عورفییانەی بە تێپەڕبوونی کات و زەمان جێگایان گرتووە و کاریان پێ کراوە و بوون بە یاسایەکی عورفی نەنووسراو و جێگرتوو. ئەوانە لەبەر ئەوەی ئیرادەی خەلک و گەلانیان تێدا لەبەرچاو گیراوە و ڕەوایی خۆیان لە ئیرادەی کۆمەڵ وەرگرتووە و ماونەتەوە، بەردەوام بوون. بەشێکی زۆریشیان بوون بە یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسای دەوڵەتی و ناوخۆیی و زۆریشیان بوون بە سەرچاوە بۆ یاسای نووسراوی نێودەوڵەتی لە کۆنوانسیۆن و میساقەکانی نێودەوڵەتی لە سەردەمی نووسینی دەستووری وڵاتان و ڕێکخراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا سوودیان لێوەرگرتوە.

یاسای عورفی لە سەردەمی زوودا کاری پێ کراوە. تەنانەت هەر لە کوردستان هەم لە سەردەمی خەلافەتدا و هەم لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی و فەرمانڕەواکانی ئێرانیش کاریان پێکراوە. بەو شێوەیە میرانی کوردستان لە ناوچە و هەرێمی کوردستان بە دەسەڵاتی تەواوەوە فەرمانڕەواییان کردوە. لەسەر ئەساسی یاسای عورفی لەگەڵ حاکمانی عەرەب و تورک و فارس پەیماننامەی نووسراویشان ئیمزا کردوە.

سروشتییە لە سەردەمی یاسای عورفیدا، بەهۆی دەسەڵاتدارەوە بە خەراپی لە یاسای عورفی کەڵک وەرگیراوە کە یان بە هۆی خراپ بەکارهێنانیان زیانی قەرەبوو نەکراویان لە کۆمەڵ داوە. لەبەر ئەوەی ئەنجامی خراپیان هەبووە یان بە هۆی خراپ بەکارهێنان لە سەردەمی دەستووری نووسراودا کەمتر کەڵکیان لێ وەرگیراوە. سروشتییە هەر وەک یاسای نووسراو ئەگەر لەسەر بناغە و ئیرادەی گەلان نەبێ و دژی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ بێ پووچ و نامەشروعە. یاسای عورفی کارپێکراویش ئەگەر دژی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ و گەلان بێ، بە تێپەڕبوونی زەمان لەنێو چووە و ئاسەواریشی هەرچی بێت ناپەسند و نامەشروعە.

ئەگەر یاسای عورفی بە مەبنا دابنێین بۆ یاساییبوونی ئەو پەیماننامانە، زۆر ئاسان بەو ئەنجامە دەگەین کە بەو هۆیانەی خوارەوە ئەو پەیماننامانە یاسایی نین:

١- یاسای عورفی بە تێپەڕبوونی کات و زەمان بە ئیرادەی ئینسان و گەلان دروست بووە. بەڵام هیچ یەک لەو پەیماننامانەدا کە کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی گەلی کورد داناوە، ئیرادەی گەلی کوردی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە، وەک پەیماننامەی زەهاو، ئەرزەرووم (١ و ٢) و سایکس - پیکۆ.

٢- یاسای عورفی بە تێپەڕبوونی کات و زەمان لە مێژوودا دروست بوون و هاتوونەتە ئاراوە، یانی یاسای عورفی هەڵقوڵاوی ڕاستیەکانی مێژوویە. لە حاڵێکدا لەو پەیماننامانەدا نەک هەر ڕاستییەکانی مێژوو لەبەرچاو نەگیراون، بەڵکوو مێژووی نەتەوەیەکی ڕەسەنی وەک کوردیان خەوشدار کردوە و کاریگەریی زۆر خراپیان لە دوای خۆیان جێ هێشتووە.

٣- یاسای عورفی لە پێوەندیی باش و دروستی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کولتووری و فەرهەنگیدا دروست دەبن، بەڵام ئەو پەیماننامانە تەواو بەپێچەوانەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی، کولتووری و فەرهەنگی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە بە تایبەتی کوردی بەئامانج گرتووە. ئەوەندەی بۆی کراوە بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی حاکم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووری و فەرهەنگییەکانی شێواندوە.

٤- یاسای عورفی یارمەتی دەکات بە مامەڵەی بازرگانی و گەشەی ئابووری، بەڵام هەموو ئەو پەیماننامانە کۆسپی گەورەیان بۆ ئاڵوێر و بازرگانی دروست کردووە و خەڵکی هەرێمەکە لەو پێوەندییەدا زیانی قەرەبوونەکراوی لە ئاڵوێر و بازرگانی و ئابووری لە ناوچەکەدا بەرکەوتووە.

٥- یاسای عورفی یارمەتی دەکات بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ئینسانەکان و پێکهاتەکان و نەتەوەکان. بەڵام پەیماننامەکان دوژمنایەتی کۆن و تازەی لە نێو پێکهاتەکاندا دروست کردوە و هەتا ئێستاش نەبڕاونەتەوە. هەر ئەوەی لە سەدەی ٢١ی زایینیدا هێزێکی وەک "داعش" سەر هەڵدەدا، لە نادروستی و نایاسایی بوونی ئەو پەیماننامانەوە سەرچاوە دەگرێ.

٦- یاسای عورفی یارمەتی دەکات بە ئاشتیی گەلان؛ بەڵام ئەو پەیماننامانە کەمترین یارمەتیان بە ئاشتی گەلان نەکردوە. لە ئێستاشدا ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە پێکهاتەیەکی تێکەڵاو و ئاڵۆزی هەیە، ڕووی ئاشتی بە خۆیەوە نەبینیوە و لە هەموو وڵاتەکاندا بە زۆری کێشەی گەورەی سیاسی، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و فەرهەنگیی چارەسەرنەکراو هەیە. مەترسی و شەڕ نەک هەر نەڕەویوەتەوە، بەڵکوو مەترسیی هەڵایسانی شەڕی گەورە هەست پێ دەکرێ و هیچ بە دووریش نازاندرێ کە بەزوویی شەڕی گەورەی تێدا ڕوو بدات. هەموومان دەزانین لەگەڵ ئەوەی لە سەدەکانی ڕابردوودا بە دەیان پەیماننامە لەنێو فەرمانڕەواکان و دەوڵەتان هاتوونەتە ئاراوە، هاوکات چەندین شەڕی گەورە گەورەش ڕوویان داوە؛ وەک شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق کە چل ساڵ پێش ئێستا دروست بوو و زیانی گەورەی گیانی، ماڵی، کۆمەڵایەتی و ڕووحیی لە خەڵکی ئەو دوو وڵاتە داوە و تەنانەت ئاور و پڕیشکی ئەو شەڕە بەر وڵاتانی دیکەش کەوتووە. یان هەر شەڕی نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو و هاوکات لەگەڵ بەستنی ئەو پەیماننامانەش لە ئێستادا بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی درێژەی هەیە و نەبڕاوەتەوە، یان شەڕی داعش لەگەڵ هەموو بەها ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان کە زۆریش ڕێکاری دروست نەگیراونەتە بەر بۆ تەواوکردن و خاشەبڕکردن و هەروەها شەڕی چەند ساڵەی سووریە کە گەورەترین کارەساتی ئینسانی و وێرانی لێ کەوتۆتەوە.

٧- یاسای عورفی بە تێپەڕبوونی کات و زەمان بۆتە سەرچاوەیەکی یاسایی بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەکانی کێشەکانی حقوقی و یاسایی بەڵام ئەو پەیماننامانە بوون بە هۆی دروستکردنی زۆر قەراری دژی گەلی بۆ بەچۆکداهێنانی گەلانی بن دەست و بێ ماف کردنیان و بەشێوەیەک بەڕێوەچوون کە یاسا سەربەخۆ نەبێت. زۆر یاسای نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی ژێرپێ نراون.

کۆنڤانسیۆنی ١٩٦٩ی ڤییەن بۆ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئاوا باسی هۆکاری هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکانی کردووە کە بریتین لە:

١- لەژێرپێنانی یاسای نێوخۆیی
٢- هەڵە
٣- فێڵ و تەڵەکە و بەرتیل وەرگرتن
٤ – ئیجبارکرن (زۆرلێکردن)

ئەو پەیماننامەی دەوڵەتان بەستوویانن، هەموویان دەرئەنجامی شەڕ بوون. لایەنی دۆڕاو و شکستخواردوو ناچار بووە مەرجەکانی لایەنی براوە قبوڵ بکات. بۆ نموونە لە پەیماننامەی گوڵستان لە نێوان ڕووسیە و ئێران لە ئۆکتۆبری ١٨١٣ی زایینی ئیجبارکردنی تێدا بووە. نیزیک بە تەواوی ئەو پەیماننامانە لە ئەنجامی سەرکەوتن و شکست لە شەڕەکاندا بەستراون. هەربۆیە بێ لەبەرچاو گرتنی ئیرادە و خواستی گەلان و لە هەلومەرجی ناتەندروست ئەنجام دراون.

پەیماننامەی زەهاو لە ئەنجامی چەند شەڕ لە نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و فەرمانڕەوای ئێرانیدا هاتۆتە ئاراوە و هۆیەکانی ڕەوا نەبوون. پەیماننامەی زەهاو لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ کە سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەشکری سەفەویی شکست داوە و شاسمایلی سەفەویی لە تەورێز وەدەرناوە و ئەو شارەی داگیر کردوە و لە ڕێککەوتنێکدا کوردستانیان لە نێوخۆیاندا دابەش کردووە. سروشتییە بە هەر پێوانەیەک لێکی بدەینەوە، ئەو پەیماننامەیە ناکەوێتە خانەی هیچ بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتییە. لەبەر ئەوەی:

**یەکەم:** هۆیەکەی ڕەوا نییە، بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو نەگرتووە، بۆتە هۆی دەیان کارەسات و زیانگەیاندن بە پێکهاتە و خەڵکی کوردستان و تەنانەت خەڵکانی دیکە لە ئێران و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی؛ جیا لەوەش چارەسەری کێشەکانی نەکردوە. بۆیە لە ڕوانگەی منەوە ئەو پەیماننامە و هەموو ئەو پەیماننامانەی دوای ئەویش لەو ناوچەیە گرێ دراون، ناڕەوا و نامەشروع و نایاساییین.

پێش پەیماننامەی زەهاو، پەیماننامەی ئاماسیا لە ساڵی ١٥٥٥دا، پەیماننامەی ئاشتی لە ساڵی ١٥٩٠ کە ناسراوە بە پەیماننامەی فەرهادشا، پەیماننامەی قووستەنتەنییە (ئیستانبووڵ) لە ساڵی ١٧٣٩، هەروەها پەیماننامەی ساڵی ١٧٤٦، هەروەها پەیماننامەی ئەرزەروومی ١ لە ساڵی ١٨٢٣ و پەیماننامەی ئەرزەرووم ٢ لە ساڵی ١٨٤٧، هەموویان سروشت و تایبەتمەندیی پەیماننامەی زەهاویان هەیە. لە ڕوانگەی منەوە هۆیەکەیان ڕەوا نییە، ئیرادەی گەلان و پێکهاتەکانیانی لەبەرچاو نەگرتووە و ئەنجامەکەشیان نەک هەر ئاشتی بۆ خەڵک بە دواوە نەبووە بەڵکوو زیان و خەسارێکی زۆریشیان بە دوای خۆیاندا هێناوە هەر بۆیە یاسایی و مەشروع نین.

پەیماننامەی سێڤەریش کە بە بەراورد لەگەڵ پەیماننامەکانی دیکە لە هەموویان باشترە و تا ڕادەیەک کێشەکانی چەند نەتەوەیەکی وەک عەرەب و ئەرمەن و یونانی پێ چارەسەر کراوە، بەڵام ئەویش لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی، ئەنجامەکەی بۆ قازانجی زۆری ئابووری و بازرگانیی وڵاتانی وەک بریتانیا، فەرانسە، ئەمریکا و براوەکانی شەڕ بووە. ئەویش نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات و بەپێی هێندێک ڕێکاری قورس کە دایناوە بەربەستی گەورەی دروست کردوە بۆ ئەوەی کورد بە مافی نەتەوایەتی خۆی نەگات یان ڕێگای سەخت ببڕێ. من ناڵێم پەیماننامەی سێڤەر یاسایی نییە، بەڵام زۆر ناتەواوە؛ وەک پێویست عەداڵەتی تێدا ڕەچاو نەکراوە. یانی ئەوەی بۆ ئەرمەنەکانی کردوە کە مافی ڕەوای خۆیانە، بۆ کوردی نەکردوە. ئێستاشی لەگەڵ بێ گەلی کورد لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامانەدا لە نەهامەتی دایە و خەلاسی نەهاتووە و بە بەشێکی کەمیش لە مافەکانی نەگەیشتووە.

پەیماننامەی لۆزان لە ئەنجامی شەڕەکانی نێوخۆی تورکیە لە ساڵی ١٩١٩ تا ١٩٢٣ هاتۆتە ئاراوە. ئەو پەیماننامەیە بەئاشکرا و زۆر ڕوون قبووڵی کردووە کە تورک دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی لەسەر حیسابی نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت کورد دروست بکات. ئەنجامی ئەو پەیماننامەیە بێمافکردنی کورد لە بەشێکی زۆری کوردستان بووە. بۆتە هۆی تێکدانی پێوەندیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و کولتووریی چەند پێکهاتە و نەتەوەیەکی وەک کورد، کلد و ئاشوور. یانی ئامانجی پەیماننامەی لۆزان بە هیچ شێوەیەک ڕەوا نەبووە؛ بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشە لە ناوچەکە و بە هۆی ئەو پەیماننامەیە ئێستاش دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بە گشتی و بە تایبەت کورد لە مافەکانی خۆیان و لە هەموو مافێکی حقوقی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەش کراون؛ بۆیە پەیماننامەی لۆزان ڕەوا و یاسایی نییە. پەیماننامەی سەعدئاباد و بەغداش دیارە هەر کامەیان مەبەستێکی تایبەتییان هەبووە .پەیماننامەی سەعدئاباد بۆ هاوکاری و کۆنترۆڵی سنووری ئەو چەند وڵاتە (ئێران، عێراق، تورکیە و ئەفغانستان) بووە کە پەیماننامەکەیان ئیمزا کردوە. بەڵام سنووری سێ وڵات شوێنەواری حقوقی و یاسایی و کاریگەریی لەسەر کوردستان و خەڵکی کوردستان داناوە. ئامانجی پەیماننامەکە بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانە و زۆر بە زیانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی سەر سنوورەکانە بە تایبەتی، هەر بۆیە ڕەوا و مەشروع و یاسایی نین.

**دووەم:** پەیماننامەی ئەلجەزائیر ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان حکوومەتی ئێران و عێراقدا ئیمزا کراوە، بەڵام عێراق بەرتیلی داوە بە ئێران بۆ ئەوەی هاوکاریی شۆڕشی مەلامستەفا بارزانی نەکات. بەشێکی لە خاکی عێراق بە تایبەت لە "شط العرب"ی داوە بە ئێران. ئەوە بەپێی عورف و لە یاسای ئاساییشدا باتڵە، چونکە دەوڵەتی ئێران بۆ ئەوەی هاوکاریی مەلامستەفا نەکات بەرتیلی لە حکومەتی عێراق وەرگرتووە. وەرگرتنی بەرتیل پەیماننامەکە خەوشدار و باتڵ دەکات. بێجگە لەوەش پەیماننامەی ئەلجەزائیر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕەوای نەتەوەیەکی ئازادیخواز و مافویستی تێکشاندوە کە ئاکامی حقووقی ئەو پەیماننامەیە شوێنەواری زۆر کارەساتباری لە پاش خۆی دروست کردوە. هەرەسی بە شۆڕشی کورد هێناوە، بەستێنی دروست کردووە بۆ هەڵایسانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق کە شوێنەواری ئەو شەڕە زۆر دیارن و قەرەبووش ناکرێنەوە یان زۆر بە زەحمەت قەرەبوو دەکرێنەوە. وەک وێرانیی گوندەکانی کوردستان، بەکارهێنانی گازی شیمیایی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەدا، ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار کورد، داڕمانی ئابووری، تێکچوونی سەدان شوێنەواری مێژوویی، فەرهەنگی، کولتووری تاد... کە ئێستاش خەڵکی عێراق بە گشتی و بە تایبەت کوردستان پێیەوە دەناڵێنێ.

**سێیەم:** بەپێی ماددەی ٦٤ لە کۆنڤانسیۆنی ١٩٦٩ی ڤییەن بۆ ڕێکەوتننامەکان لە کاتی دەرکەوتنی ڕێسایەکی فەرمانپێکەر( قاعدة آمرة) کە لە یاسای نێو دەوڵەتی جێگیر بوو ئەوا ڕێکەوتننامە کارپێکراوەکان کە دژن لەگەل ئەو ڕێسایە، هەڵدەوەشێنەوە و لە کارپێکردن دەوەستن. پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان وەک ڕێسایەکی فەرمانپێکەر جێگایەکی دیاری هەیە لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی نێوان دەوڵەتان هەموو میللەتان بەبێ جیاوازی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. بەپێی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ڕێکەوتننامەی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، پەسندکراوی ١٩٦٦، سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەشی یەکەمی هەردوو ڕێکەوتننامەکە وا هاتووە: "هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە و لە ڕێگای ئەو مافەوە دەتوانێ چارەنووسی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشەی فەرهەنگی خۆی سەربەستانە دیاری بکات".

هەروەها بەشی یەکەم لە مادەی ٢دا دەڵێ: هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ بۆ ئامانجی خۆی بێ ئەوەی زیان بە بەڵێننامەی پەیوەندیدار بە هاوکاریی ئابووری نێونەتەوەیی بگەیەنێ کە لەسەر بنەمای قازانجی بەرانبەر و مافی نێونەتەوەیی سەربەستانە بەستراوە لە سەروەت و کانگاکانی ژێرزەوینی و سروشتی سوود وەربگرێ. بە هیچ هۆکارێک ناتوانرێ نەتەوەیەک لە پێویستی و کەرەسەی بژێوی ژیان بێبەش بکرێ.

هەروەها لە مادەی ٣دا دەڵێ: دەوڵەتانی ئەندامی ئەو میساقە بە تایبەت دەوڵەتانی بەرپرس لە سەرپەرەستی و ئیدارەی وڵاتانی موستەعمەرە و لە ژێر قەیمومییەت، دەبێ لە دابین کردنی مافی خودموختاری و ڕێز بۆ ئەو مافە بە پێی ڕێوشوێنی مەنشووری نەتەوە یەکگرتوویەکان پەلە بکەن.

ئەگەر لە نێوەرۆکی ئەو سێ مادەیە ورد بینەوەو سەرنج بدەین، لەو پەیماننامانەدا هیچ

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٠

## یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ حیزبێکی بەهێز و خاوەن پێگە


سمایل شەرەفی

ساڵێک پێش ئێستا له ڕێکەوتی ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویدا و دوای ١٦ ساڵ لە لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەردوو لایەنی دێموکرات (حدک و حدکا) یەکیان گرتەوە. دێموکراتەکان بەم یەکگرتنەوەیە وێڕای خستنەسەری شانازییەکی دیکەی گەورە بە تۆماری شانازییەکانی حیزبی دێموکرات، وزە و هیوایەکی گەورەیان بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسییەکەی بەخشی.

بۆ قسەکردن لە زەروورەتی ئەم یەکگرتنەوەیە تەنیا ئاماژەدان بە دوو ڕووداو و ڕەفتاری تەواو لێکجیاوازی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسە کە کەمتر لە یەک مانگ دوای سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوە ڕوویان دا. دەستپێکی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان و هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران لە ٦ی ڕەزبەر بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب، هەرکام بە مانا و خوێندنەوەی جیاواز سەلمێنەری زەروورەتی ئەم کردەوە مێژووییەی دێموکراتەکان بوون.

لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشی ژیناوە کە پرسی یەکگرتنەوە، شوێنەواری ئەرێنی لەسەر ئیرادەی یەکگرتووانەی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ ڕەفتارێکی یەکگرتوانە دانابوو، خەڵک لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەریندا وڵامی بانگەواز و ڕێنوێنییەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبی دێموکراتیان دایەوە. بزووتنەوە بە گوتارێکی هاوبەش و یەکانگیرەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرە و گەشەسەندندا بوو، بەشێوەیەک کە لە ماوەی کەمتر لە چەند ڕۆژدا توانی پشتیوانی و سەرنجی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆلای خۆی ڕابکێشێت و کۆماری ئیسلامی تووشی شۆک و داماوی بکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە دروستی دەرکی بە سەرچاوەی ئەم هێز و یەکگرتوویییەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقامەکان کردبوو، لە ماوەی یەک مانگی سەرەتای شۆڕشەکەدا سێ جار هێرشی مووشەکی و پەهبادیی کردە سەر بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تازە ڕیزەکانی خۆی یەک خستبۆوە و پێگە و نفووزی لەنێو شەقامەکانی کوردستاندا سەرنجی گشت لایەکی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. بە واتایەکی دیکە؛ شوێنەواری زەینیی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە سەر ڕەفتاری یەکگرتووانەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کە بەکردەوە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا خۆی دەرخست و دواتر هێز و وزەی بە شەقامەکانی کوردستان بەخشی، بەشێک لە زەروورییبوونی بەئەنجامگەیاندنی ئەم پرسە لە قۆناغێکی هەستیاردا دەردەخات.

گرینگیی پرسی یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب پێوەندی بە ماهییەتی ئەو زەروورەتەوە هەیە کە یەکگرتنەوەکەی لەسەر بنیات نرا. بەپێچەوانەی لێکدابڕان، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ "حیزبی دێموکراتی مێژوویی" تەنیا زەروورەتێکی تەشکیلاتی نەبوو، بەڵکوو زەروورەتێکی تەواو سیاسی و خەباتکارانە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان خوازیاری بوون.

کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە خەڵک لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوویی و پێکەوەبوونیان دەوێ و لە لێکترازان نیگەران و بە یەکگرتوویی خۆشحاڵن. بەڵام زۆرمان نەوتووە کە بڵێین ئەم مەیل و داواکاریانە لە حیزبی دێموکرات چەند بەرانبەرە کە هۆکارەکەی بۆ ڕەساڵەتی مێژوویی ئەم حیزبە و پێگە جەماوەرییەکەی دەگەڕێتەوە. لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا کورد لە کوردستانی ئێران قەت ئەم لێکدابڕانەی نێو ڕیزەکانی حیزبیان لە تێکۆشەرانی دێموکرات قبووڵ نەکرد و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دابڕانەوە بە بێ ئەوەی لێی ماندوو و بێهیوابن، داوایان یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، لەگەڵ ئەوەی وڵامێکی -هەرچەند درەنگ- بەڵام درووستی بە خەڵکی کوردستان و ئەم قۆناغە لە بزووتنەوەی کوردستان دایەوە، بە قەرا گەورەیی و بەرینایی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چاوەڕوانیی لێ دەکرێ. پاراستنی ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە لە ئەولەویەتی پرۆسەی کاریی ئەم حیزبەدایە. هەروەک چۆن لە هەموو دۆخ و هەلومەرجێکی خەباتکارانەدا ئەسڵێ یەکیەتی و یەکگرتوویی لە بزووتنەوەکەدا گرینگ و پێویستە، لە ئێستا و هەموو قۆناغێکی خەباتی ئەم حیزبەدا پاراستنی یەکڕیزی و یەکگرتوویییەکەی زەروورەتێکی ژیوارییە.

بۆ پاراستنی یەکگرتوویی لە حیزبی دێموکراتدا سەرنجدان بە دوو بابەت؛ یەکەمیان، "ئەرک و ڕەساڵەتی ئەم حیزبە بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان" و دووهەمیان، "تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵک"، پێویستە. بابەتگەلێک کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتەوە هەیە و ئەم حیزبەیان لەسەر دامەزراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە درێژایی ٧٨ ساڵەی تەمەنی خۆی، پشتئەستوور بە سامانی مەعنەویی هەمیشەیی خۆی (خەڵک) بووە بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی خەڵک دامەزراوە و بە پشتیوانیی خەڵک درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە، تەنیا بە بەڕێوەبردنی ڕەساڵەتی خۆی بەرانبەر بە خەڵک و تێگەیشتن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکە کە دەتوانێ یەکڕێزی و یەکگرتووی خۆی بپارێزێ. لەژێر ڕووناکایی ئەم خوێندنەوە لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە قازانجە لاوەکی و کورتخایەنە فەردی و گرووپییەکان لاواز و پووچەڵ دەردەچن و بەرژەوەندییە گشتییەکان گرینگی پەیدا دەکەن.

لە قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان‌دا کە کۆمەڵگە و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لە هەمیشە پێویستان بە یەکیەتیی و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییە، لەسەر هەموو لایەکە زیاتر لەسەر ئەم پرسە کار بکرێ. نابێ فرەلایەنی و فرەجۆری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە مانای لێکجیایی و پەرتەوازەیی لێک بدرێتەوە، بەڵکوو با فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکرێتە دەرفەتێک بۆ پێکەوە ژیانێکی تۆکمە. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای یەکخستنەوەی ڕیزەکانی و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بە بەردەوامی هەوڵی داوە وێڕای پێداگری لەسەر پاراستنی پرنسیپە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، پێکەوەبوون و هاوهەڵوێستی لەگەڵ هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان بکاتە ئامیانی هەڵوێست و سیاسەتەکانی و، پێداگری لەسەر زەروورەتی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی، بەشێکی دانەبڕاو لە گوتاری سیاسیی ئەم حیزبەیە.

# ڕزگار ئەمین‌نژاد: ماهییەت و کارکردی حیزبی دێموکرات سەروەریی سیاسی و مافی نەتەوایەتییە

**دیمانە: دیاکۆ دانا**



**بەرایی: حیزبی دێموکرات دوای نیزیک بە ٨ دەیە خەبات لەپێناو ڕزگاریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە خەباتی بێوچان و دەریایەک خوێن کە بۆ ئامانجەکانی گەلی کورد بەخشیویەتی، ئێستا هیوای هەرەسەرەکیی خەڵک و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام پرسی نەتەوایەتی لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەدا تاکە تەوەری خەبات و تێکۆشانی حیزب نەبووە. حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە باوەڕی بە دێموکراسی و بایەخە جیهانداگرەکان و دەسەڵاتی گەلی و دێموکراتیک هەیە، واقیگەرایانە ئاوڕی لە هەموو پرسەکانی کۆمەڵگە داوەتەوە، پلانی بۆ دارشتوون، لە سیاسەتەکانی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ کردوون و هەنگاوی پراکتیکی بۆ هەڵگرتوون و تاکەتەور لە دارشتنی سیاسەتی ئەم حیزبە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بووە. "کوردستان" بۆ تاوتوێکردنی زیاتری کاریگەریی حیزب دێموکرات لەسەر خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، وتووێژێکی لەگەڵ "ڕزگار ئەمین‌نژاد"، نووسەر، لێکۆڵەر و کارناسی سیاسی کردووە.**

***

**کاک ڕزگار، لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی، فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتە. پێتان وایە حیزب دێموکرات لە ماوەی نیزیک بەو ٨ دەیەی دوای دامەزرانیدا چ کاریگەرییەکی لەسەر پەرەپێدانی شۆناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە؟**

کۆمەڵناسیی سیاسی زەروورەتی دامەزرانی حیزب لە ئاکامی دەرکەوتنی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا پێناسە دەکات، ستەمی نەتەوایەتیش یەک لەو کەلێنانەیە، چوونکە پێوەندی بە دیاریکردنی مافی چارەنووسەوە هەیە. ئەمە باسێکی ماهیەتییە، بەڵام کارکردی حیزب بەپێی بۆچوونی ستاین ڕوکان، لە دوو پارامێتری "پارتی- سیستەم و پارتی- کولتوور" دا دەردەکەوێت. پارتی- سیستەم؛ چۆنایەتیی مامەڵەکردنی حیزب لەگەڵ دەسەڵات یا ململانەی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتە و پارتی- کولتووریش تەعامولی نێوخۆیی حیزب و پراکتیکی سیاسی-کۆمەڵایەتی حیزب دیاریی دەکات. لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکرات (١٣٢٤)، باس لە زەروورەتی دامەزرانی حیزب وەک دەرەنجامی هەڵاواردنی نەتەوەیی کراوە و بە دوایدا ڕێکارێکی دێموکراتییانە لە توێی ٨ ماددەدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد داڕێژراوە. وەک دەبینین ئەو بەیاننامەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: یەکەم باس لە ماهییەتی دامەزرانی حیزب دەکات و دواتر کارکردی حیزب لە ٨ ماددەدا دیاری دەکات. ڕەهەندی پارتی-کولتوور پێوەندیی بەوەوە هەیە کە حیزب تا چەند توانیویەتی کولتوری دامەزراوەخوازی و بەتایبەت ڕێکخستن لە کۆمەڵگەدا سەقامگیر بکات. لە دەیەی ٢٠ لە ئێراندا ئێمە زەمینەی سەرهەڵدانی دامەزراوە سیاسییەکان دەبینین و هەر لەم پێناوەدا دامەزرانی حیزبی دێموکرات وەک وەڵامدانەوەیەکی پۆزیتیڤ بەم ڕەوەندە دێموکراتیکە جێگای تێرامانە. کاتێ دێینە سەر باسی پارتی-سیستەم، وەک لەم بەیاننامەیەدا دەردەکەوێ، دامەزرانی ئەم حیزبە لەڕاستیدا هەنگاوێکە بۆ تەعامولکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی دیتنەوە چارەسەرییەکی دێموکراتیانە بۆ پرسی دەسەڵات لە ئێراندا. کەوایە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانیەوە لەپێناو سەروەریی سیاسی و پرسی نەتەوایەتی دامەزراوە. بەڵام ڕەهەندێکی پراگماتیکانەش لەگەڵ ئەو حیزبەدا هاتووە کە ستراستیژیی خەباتەکەی بەپێی پوتانسیلی نەوەکانی کورد دیاریی بکات و ئەم تێبینییە توانیوییەتی ئیمتیازێکی واقعگەرایانە بەو حیزبە ببەخشێت. بەگشتی هەم لەباری ماهییەتی و هەم لەباری کارکردییەوە نکوڵی لە کارایی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخەر و بەستێنسازکەری بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئێراندا ناکرێت.

**چەپبوون و پرسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەمیشە ڕووی ئەمدیوی فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات بووە. بە سەرنجدان بە ڕەوتی مێژوو و ئەو گۆڕانکاریانەی لە نەزمی جیهانیدا هاتوونە پێش؛ چۆن باس لە چەپبوون و چەپمانەوەی حیزبی دێموکرات دەکەن؟**

بیری چەپ لە باری تیۆرییەوە تووشی پارادایمشیف هاتووە. هۆکارەکەش ئەوەیە لیبڕالیزم- بە تایبەت لە مەنتقی بازاڕدا- توانیویەتی ببێت بە هەژموون لە جیهاندا، بەڵام ئەمە هۆکاری سەرەکی نییە. ئەگەر ئاوڕ لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم بدەینەوە و بەتایبەت ڕاپەڕینی مانگی مەی ١٩٦٨ وەک دەسپێک لەبەرچاو بگرین، دەبینین ئاراستە و نێوەرۆکی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان "پۆست ماتریالیستین." بە زمانێکی سادە هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان ماتریالیستی نەماوە، بەڵکوو کولتوور و ناسنامە نێوەرۆکی سەرەکیی بزاڤەکانن. ڕوحی ئێگزیستیانسیالیستی لە شەستەکانی زایینییەوە، ئازادیی تاک و پرسی ناسنامەی وەها کانالیزە کردووە کە وێناکردنی دادپەروەری و یەکسانیخوازی بەبێ سەلماندنی ئازادیی تاک نامومکین دێتە بەرچاو. هەر ئەم ڕەوەندەش وای کردووە کە هێزەکانی چەپ ئەمرۆ هەر بۆ داوا سینفی و ماددییەکان خەبات نەکەن بەڵکە چ لەباری تیۆریک و چ لەباری پراکتیکەوە پشتگری لەو بزاڤانەش دەکەن کە بە بزاڤی هۆییەتی ناسراون.

بەپێی تێگەیشتنی من، بیری چەپ لە حیزبی دێموکراتدا هەر لە سەرەتاوە، ماهییەتی کولتووری و ناسنامەیی هەبووە. وابزانم "کورتەباس"ەکەی دوکتور قاسملوو ئەم بۆچوونە باشتر بسەلمێنێت. کە باس لە گۆڕان لە سیستەمی جیهانییش دێتە ئاراوە، دەبێ عەرزتان بکەم، لە ڕاستیدا گۆڕانێکی ئەوتۆ نابینین. ئەو شتەی کە گۆڕاوە، تێگەیشتنی ئێمەیە کە بە هۆی شۆڕشی زانیاری و سۆشیال مێدیاوە توانیومانە بە چاوێکی کراوەترەوە لەگەڵ واقیعی جیهان بەرەوروو ببینەوە. وابزانم بۆچوونی جان مێرشایمێر تا ڕادەیەکی باش دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ شرۆڤەکردنی سیستەمی جیهانی. ئەو باس لە "ستروکتوراڵ ڕیالیتی" دەکات و پێی وایە مەنتقی ئەم سیستەمە وەهایە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەجندا و تەعامولی دەوڵەتان دیاریی دەکات. واتە سیاسەتی نێوخۆیی و نۆرمە مەدەنییەکانی دەوڵەت گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە لە سیاسەتی جیهانیدا بەڵکوو شێوازی تەعامولی دەوڵەتەکان لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتییە کە سیاسەتەکانی دەوڵەت دیاری دەکات. بە زمانێکی سادە عەرزتان بکەم: هەڕەشەیەکی هەتاهەتای لەسەر تەناهی و مانەوەی دەوڵەتەکان هەیە و ئەم دیاردەیە دەوڵەتەکان بەرەو بیری بەهێزبوون پاڵ پێوە دەنێت. مەنتقی هێز لەم تیۆرەدا کۆنتێکستی پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان و هەروەها ڕیفاهی نێوخۆیی بۆ هاوڵاتیان دیاری دەکات. واتە ئیدئۆلۆژی، نۆرمە مرۆییەکان، ئەخلاقی سیاسی و... لە ئەجندای نێودەوڵەتیدا جێگای نییە بەڵکوو هێز تاکە نۆرم و ئەنگیزەیە کە دەبێ دەوڵەتەکان هەوڵی بۆ بدەن. نموونەییەکی سادە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەوەیە بە درێژایی مێژوو ئەو دەوڵەتانە هێرشیان کراوەتە سەر و شکستیان هێناوە کە هێزیان لە کەمی داوە. وابزانم تیۆری ستروکتوراڵ ڕیالیزم نەک هەر لە ئاستی نێوان دەوڵەتان بەڵکوو دەتوانین لە پێوەندی نێوان پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەکییەکانیشدا تەتبیق بکەین. هێز لە تەعامولی نێوان پێکهاتە سیاسییەکان و لەنێوان دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆنیش ڕۆڵی سەرەکیی هەیە. لەم سۆنگەوە لەوانەیە چەپ بوون یا لیبڕاڵ بوون بۆ حیزبێک وەک بڕەند یا پرستیژ لەبەرچاو بگرین، بەڵام "هێز" چارەنووسی حیزبێکی سیاسی دیاریی دەکات. وابزانم حیزبی دێموکرات و هەروەها حیزبەکانی دیکەش دەبێ بە جیددی ئەم واقیعی ساختارییە بە هەند بگرن و هەم لەباری نەرمامێری و هەم لەباری سەختامێرییەوە لەبیری بەهێزکردنی خۆیان بن.

**حیزبی دێموکرات نیزیک بە هەشت دەیەیە پێداگری لەسەر دێموکراسی بۆ ئێران دەکا و لە ئێستاشدا ئێرانی فیدراڵی داهاتووی بە دێموکراسییەکەوە گرێ داوە کە پێویستە لەو وڵاتەدا چێ ببێت. پێتان وایە بە سەرنجدان بە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات ئەوە ئەرکی ئەم حیزبەیە؟ بە ڕوویەکی دیکەدا دەسکەوتەکانی هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە هەشت دەیەی ڕابردوودا بۆ حیزب و گەلی کورد لەو وڵاتە چی بووە؟**

دێموکراسی کێشە بنەماییەکان چارەسەر ناکات چوونکە بۆ ئەم کارە دروست نەکراوە. بۆ نموونە پرسی نەتەوەیی یەک لەو پرسانەیە کە نەک دێموکراسی چارەسەری نەکردووە، بەڵکوو لە زۆر یەک لە وڵاتان دێموکراسی ڕۆڵی هەبووە لە ئیستیحالەکردنی پرسی نەتەوەییدا. بۆ نموونە دێموکراسی بووەتە شمشێری داموکلیس لە دەستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا و هەرکات باسی پرسی نەتەوەیی بکەین، لە سەرمان دەدات. گرامشی لە یەکێک لە یاداشتەکانی زینداندا باس لە هەژمۆنی دێموکراتیک دەکات و دەڵێت لە وڵاتانی لیبڕاڵ کرێکارەکان تووشی وەهمی دێموکراتیک دەکەن بەڵکوو لە ڕێگای دەنگدانەوە بە مافەکانیان بگەن، بەڵام ئەو شتەی قەت لە سندووقەکانی دەنگدان نایەتە دەر، ماف و داوای کرێکارانە. لە سیستەمێکی دێموکراتیدا، بە بۆچوونی گرامشی، تەنیا هەژمۆنی کولتووری لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا و بەهێزکردنی بلووکێک بۆ ئیئتلافی ئەو هێزانەی لەباری ماهیەتییەوە لێک نیزیکن، فۆرم و دەسەڵاتی سیاسی دیاریی دەکات. وەک دەبینین نەفسی شەڕ بۆ ئازادی و ماف لە دێموکراسیشدا کۆتایی نایەت، بەڵام میکانیزم و مێتۆدی شەڕەکە جیاوازە.

ئێمە باوەڕمان بە دێمۆکراسییە، چونکە هیوادارین لە دۆخێکی دێموکراتیکدا کار بۆ هەژمۆنی کولتووری و بلووکبەندییە سیاسییەکان بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەماییەکان. کەوایە دێموکراسی نابێ ببێت بە بنەمای خەبات بۆ ئازادی و عەداڵەت، بەڵکوو دەبێ وەک قاعیدە سەیری بکەین بۆ لادانی بەربەستەکان. ئێمە کاتێک دەتوانین دێمۆکراسی وەک بنەما بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی یا پرسی هەڵاواردنی جێندەری و هەروەها نایەکسانی کۆمەڵاییەتی بسەلمێنین کە دێموکراسییەکە ئەو ستەمانە و هۆییەتی ئەو پێکهاتانەی چەوساونەتەوە، بە ڕەسمی بناسێت. دێموکراسی بەبێ چوارچێوەیەکی تیۆریک بۆ پێناسەکردنی چەوساندنەوە و هەڵاواردن، نەک کێشە بەرچاوەکانی ئێران چارەسەر ناکات بەڵکوو پرسی نەتەوەیی تا ئاستی کلێشەیی بوون دەبات. مێژووی سیاسی ئێران ئەو ڕاستییەمان پێ دەسەلمێنێت کە دێموکراسی هەمیشە ڕووی لە دیاردەیەکە بەناوی فێتیشی دەسەڵات، واتە گرفت لە دەسەڵاتدا دەبینێت نەک لە ماهییەتی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانیدا. بەداخەوە دێمۆکراسی لای ئەوان سندووقی دەنگدانە، بەڵام دێمۆکراسی لە ڕاستیدا دەبێ لە دوای دەنگدانەوە دەست پێ بکات و دەرفەتێک بڕەخسێنێ بۆ دێموکراتیزەکردنی دێموکراسی، واتە کەمینەش شانسی بوون بە زۆرینەی هەبێت.

**بە سەرنجدان بە بزووتنەوەی نارەزاییی خەڵک لە ساڵی ڕابردوو و پێگە و ستاتوی ڕێژیم لە ئێستادا، ئەوەی حیزبی دێموکرات نەیکردووە و دەبێ بیکات چییە؟**

شۆڕشی ژینا، لە مێژووی سیاسی ئێراندا بێ وێنە بوو. لەوانەیە لەم وتووێژە کورتەدا نەتوانین بپرژێینە سەر شرۆڤەی ڕەهەندەکانی، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند کاراکتێری ئەو شۆڕشە بکەم کە لە گشت شۆڕش و ئینقلابەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە. ئەم شۆڕشە توانی پاشەکشە بەو ئارکیتایپانە بکات کە هەمیشە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا هەژمۆن بوون، بۆ نموونە پیاوسالاری، دین، ناوەندخوازی، کاریزما، مونیسیزم، باستانگەرایی و بە گشتی بەرگێکی نوێی کرد بە بەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر ئەو کاراکتێرانەش بوون کە نەک ڕێژیم بەڵکوو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ کپکردنی دەنگ و پەیامی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کەوتنە خۆ. هەڵبەت ئەو شۆڕشە بەرچاوڕوونییەکەی بۆ ئێمەش پێ بوو، ئێمە بینیمان کۆمەڵگەی ئێران قۆناغێکی تێپەڕاندووە کە لۆتز گوژان پێی دەڵێت "دێمۆگرافیک مێتابولیزم" واتە گەشە و تایبەتمەندییەکانی وچەی نوێ، زەمینە و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەپێی خەون و مەنتقی خۆی دیاریی دەکات. بەڕاستی هەموومان، بە چالاکانی سیاسی و شرۆڤەکار و حیزبەکانیشەوە، پێویستیمان بە کات هەبوو بەڵکوو لە حەقیقەتی ئەو شۆڕشە تێبگەین.

سەرەڕای ئەو ئاماژانە، خاڵێکی وەرچەرخان لەم شۆڕشەدا هاتە دی کە جێگای تێرامانە و ئەویش بادانەوەی ڕەوتی گۆڕان بوو. ئەگەر جاران ناوەند مەکینەی گۆڕان بوو لە ئێران، ئەمجارە پەراوێز بوو کە ئاراستە و نێوەرۆکی گۆڕانکارییەکانی لە ئێراندا دیاریی دەکرد. ئەم دیاردەیە مەیدانێکی لەبار بوو بۆ مانۆڕی سیاسیی حیزبەکانی کوردستان. بەڵام خەڵک لەنێوخۆی وڵات زۆر دڵگەرم نەبوون بە دەرکەوتنی حیزبەکانمان، بەتایبەت شێوازی هاوپەیمانی و دیالۆگی حیزبەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکی ئێرانی لەو ئاستەدا نەبوو کە خەڵک چاوەڕییان دەکرد. حیزبە کوردستانییەکان دەبوایە تێکڕا و زۆر لەوە زیاتر پێداگرییان لەسەر داوا نەتەوەییەکانیان بکردایە نەک هەر لەبیری میکانیزمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بن لە ئێراندا (واتە فیتیشی دەوڵەت). ئەو پوتەنسیلەی کە لە شەقامەکانی کوردستاندا دەرکەوت، دەیتوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ناچار بەوە بکات لەدوای ڕێتۆریکێک بگەڕێت بەڵکوو خۆی لەگەڵ داواکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران سازگار بکات. یەکێک لە ئیمتیازە باشەکان بۆ حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کە ڕازی بەو کەیفیەتە سیاسییە نەبوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی خۆی پێ ڕادەنا. بە بڕوای من داکۆکی و پێداگریی حیزبی دێموکرات لەمەڕ "نەتەوەبوونی کورد" وەک پێشمەرج بۆ هاوپەیمانی، لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا وەک ئیمتیازێکی ئەرێنی و کردەوەییەکی بەرپرسیارانە تۆمار دەکرێت.

# ڕەمزی مانەوە و شوێندانەریی حیزبی دێموکرات



ئەلبورز ڕووبین‌تەن

٢٥ گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافە کە دوای چوار ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر دامەزرا. دوای نزیک بە هەشت دەیە خەباتی بێوچان، ئێستاش لە ساڵرۆژی دامەزرانی ئەو حیزبەدا شاخ و شەقام و کۆڵانەکانی کوردستان و بەشێکی وڵاتەکانی دونیا بە ئاڕمی حیزبی دێموکرات دەڕازێنرێتەوە و ئەو یادە بەرز دەنرخێنرێ.

ئەمە بۆ حیزبێک کە بەشی هەرە زۆری تەمەنەکەی لە نێوخۆی وڵات دوور بووە و بەگوێرەی یاسای وڵاتانی داگیرکەر قەدەغە کراوە و تەنانەت بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەو حیزبە بە دەیان هەزار کەس خراونەتە بەندیخانەوە بە هەزاران کەس لە دار دروان، بەڵام دیسان هەر لە سەر پێ ماوە و بەبێ پیاهەڵدان ئێستاش شوێندانەرترین حیزبی کوردستان و ئێرانە، هەم جێگای شانازییە و شایانی لێکۆلینەوە و لێوردبوونەوەیە کە ڕەمزی مانەوەو شوێندانەریی بەردەوامی ئەو حیزبە لە چیدایە؟

بێ گومان وەڵامی پرسیارێکی لەو چەشنە و باس لە مێژوو و سیاسەتی حیزبێک کە تەمەنی لە هەشت دەیە نزیک دەبێتەوە بەدەر لە توانای وتارێکە، بەڵام پێویستی بە باس و تاوتوێیە؛ چونکە لێوردبونەوە لەو پرسیارە وێڕای ناساندن و پێزانینی خەباتی ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵات، وانەیە بۆ ڕێبوارانی خەبات کە چۆن درێژە بە خەباتەکەیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن وێڕای بەردەوامی لە تێکۆشان، ئەو خەباتەش بە ئامانج بگەینن.

ناتوانین بێ باسکردن لە کۆمەڵەی ژێکاف بچینە نێو باسی مێژووی دامەزران و گەوهەری ئامانج و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات. کە لە کۆمەڵەی ژێکافیش ورد دەبینەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێ کە کەم و زۆر و بەدرێژایی مێژووی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم حیزبە وەک میرات ماونەتەوە کە "کوردایەتی" لە پێشەی هەموانە.

لە سوێندی پەیوەستبوون بە کۆمەڵە و هەروەها بناغەی هزری کۆمەڵەی ژێکاف کە لە ڕێگەی بڵاوکراوەی "نیشتمان" بۆ ئێمە بە میرات ماونەتەوە کوردایەتی بە مانای ئازادیی نیشتمان و گەلی کورد وەک یەکێک لە سەرەکیترین ئامانجەکانی دامەزرانی ئەو کۆمەڵەیە هاتووە. ئەو کوردایەتییە دواتر خۆی لە دامەزرانی "کۆماری کوردستان"دا دیتەوە، و لە خەباتی پێشمەرگانەی ٤٦-٤٧دا خۆی بە بەرپرسیار زانی بۆ ئەوەی خەبات ببوژێنێتەوە. لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧)دا کوردستانی ئازاد کرد و کە حکومەت خودموختاریی پەسند نەکرد و هێرشی کردە سەر کوردستان، بەرگریی لە کوردستان کرد و دواتر لە وەرزی نوێی خەبات و تێکۆشان و ڕاسانەوەی خەباتدا جارێکی دیکە خوێنی لە دەمارەکانی شۆڕش لە کوردستاندا گەڕاندەوە لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادییشدا کاتێک لە هەموو شوێنێک تەنیا باس لە لابردنی حیجاب بوو، لە کوردستان شارەکان ببوونە گۆڕەپانی سڕینەوەی دەسەڵاتی بێدادی و ئاڵای کوردستان هەڵدەدرا و بژی دێموکرات و بژی ئازادی دەگوترانەوە.

واتە تا بە ئەم چرکەساتەش ئەوەی لە ژێر ناونیشانی کوردایەتی بە واتای ئازادی بۆ گەل و نیشتمان دەکرێت، لە گەوهەری هزری و کرداریی حیزبی دێموکراتدا ماوەتەوە، بە حوکمی ئەوەی ئامانجی کوردایەتی واتە ئازادی بەدی نەهاتووە، خەبات بۆ ئامانجەش لە ڕێگەی ئەو حیزبەوە بەردەوامە یا بە واتایەکی دیکە چونکە حیزب بۆ ئەو ئامانجە خەبات دەکات تا بە ئێستا توانیویەتی لە سەر پێ بمێنێ و پایەدار و شوێندانەر بێ.

لەوانەیە ئەو کوردایەتییە لەژێر ناونیشانی پەتیی کوردایەتی نەبێ و بەگوێرەی هەلومەرج و ڕاستیەکانی لە چوارچێوەی دروشمەکانی دێموکراسیخوازی یا خودموختاریخوازی یا فیدرلیخوازیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، کە هەندێک جار ڕەخنە لێ گیراوە، بەڵام کەس ناتوانێ حاشا لەو ڕاستییە بکات کە خەبات بۆ مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات کە گرینگترینیان ئازادییە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی و هەروەها بە دەستهێنانی سەرەوەری لە سەر خاکی خۆی، بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە گرێ دراوە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییە کە حیزب لە بناغەی هزری خۆی کە خەبات بۆ کوردایەتییە دور نەکەوتۆتەوە و ناشتوانێ دور بکەوێتەوە و بەبێ کوردایەتی حیزبی دێموکرات نامینێ.

نەتەوەییبوونی کۆمەڵەی ژێکاف، نەتەوەییبوونی حیزبی دێموکراتی لێ کەوتەوە به جۆرێک کە بە درێژای تەمەنی ئەو حیزبە نەک هیچکات کۆسپ نەبووە بۆ پارچەکانی دیکە، بەڵکوو لە هەموو بوارێکەوە یارمەتیدەریش بووە. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە بواری فیکری و تەشکیلاتیدا بە دوای یەکخستنی کوردی دابەشکراو یا لانیکەم خەباتەکەی بوون بۆ ئەو مەبستەش پەیوەندییان بە کوردانی پارچەکانی دیکەوە کردووە، ئەو نەتەوەیی بیرکردنەوە هیچکات لە حیزبی دێموکرات دور نەکەوتەوە، تەنانەت ئەگەر بەگوێرەی هەلومەرج نەیتوانیبێ خەبات بۆ پارچەیەکی دیکە بکات دەستتێوەردانیشی نەکردووە و، لە بەردەم شۆڕش لە هەر چوارپارچە ڕووسوور و سەربەرزە کە هەر هاوکاری کردووە. لاموایە هیچ شانازییەک لەوە گەورەتر نییە کە ئێمە ڕێبوارانی مەکتەبی دێموکرات بە سەری بەرز لە بەرانبەر بە هەموو کوردان دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئێمە کۆسپ نەبووین و نین بۆ سەر خەباتتان تەنانەت ئەگەر بە زیانی خۆشمان بێ. ئەو ڕاستییە یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوە و شوێندانەری و شانازی لە خەباتی ئەو حیزبە هەژمار دەکرێت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی کۆمەڵەی ژێکاف (وەک بناغەی حیزبی دێموکرات) ڕەخنەگرتن لە خۆی بوو. ژێکاف جیاواز لە شۆڕشەکانی پێشوی خۆی لە ڕێگەی توێژی ڕووناکبیر و نێوەڕاستی کۆمەڵگە بە مەبەستی دروستکردنی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕێگەی زانست و پێگەیاندن دامەزرا، واتە بە ڕەخنەگرتن لە شۆڕشەکانی پێش خۆی بۆ چاکسازی و باشترکردنی دۆخی خەبات بۆ ئەوەی بە ئامانج بکات دروست بووە. ئەو ڕەخنەگرتنە لە خۆی وای کردوە کە بەردەوام و بەدرێژایی تەمەنی حیزبی دێموکرات مشتومڕێکی هزری و هەروەها ڕێکخراوەیی لەنێو حیزبی دێموکرات هەبێ کە وێڕای ئاکامی نەرێنی، ئاکامی ئەرێنییشی هەبووە، ئەویش بەردەوام ویستی نوێبوونەوە و سەردەمیبوون لە ڕۆژەڤی ئەو حیزبەدا بە زیندوویی ماوەتەوە هەر ئەوەش وایکردووە درێژە بە تەمەنی بدات، چونکە ڕەخنەگرتن و ئازادیی ڕەخنەگرتن بە بناغەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دادەنرێ. لەکوێ ئەو بناغەیە ڕەچاو کرابێ شارستانیەت و زانست پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتووە بە پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەم ئەسلە لەنێو حیزبی دێموکراتیشدا وجودی هەبووە بە جۆرێک کە بەردەوام لە نێوان تاکەکانی ئەو ڕێکخراوە بەبێ هەبوونی پیرۆزی یا قەڵغانێک بۆ کەسانێک لە نێو ئەو حیزبە باسی فیکری و تەشکیلاتی وجودی هەبووە کە هەندێک جار تەنانەت وزەیەکی زۆریشی بۆ خەرج کراوە کە نەرێنی لە سەر خەبات شکاوەتەوە، بەڵام هیچ کات نەبووە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی تاکە کەسی یا تاک بیری بێ. هەر حیزبی لەو چەشنەش دەتوانێ درێژە بە خەبات بدات و بەردەوام بە سەر کۆسپەکاندا زال بێ.

کۆمەڵەی ژێکاف بە نهێنی دامەزرا، واتە هۆکاری دامەزران تەنیا بۆ ویستی کوردان بۆ بە دامەزراوەکردنی خەبات دەگەڕێتەوە. ئەوەش وای کرد کە سەربەخۆیی لە نێو حیزبدا وەک ئەسلێکی گرینگ بمێنێتەوە و تەنانەت ئەگەر هەوڵێکی بەپێچەوانەش هەبووبێت ئەوا هەوڵەکە شکستی خواردووە و سەربەخۆیی وەک بنەڕەت لە حیزبدا ماوەتەوە. گرنگی ئەو ئەسلە لەوەدایە کە بەستراوەیی لە تەواوەتیی خۆیدا ڕەت دەکاتەوە و ویستی گەل لە پێشەوەی هەموو شتێک دادەنێت. هەر ڕێکخراوێکیش بۆ ویستی گەل خەبات بکا دەمێنێتەوە و شوێنێکی تایبەتی لەنێو خەڵکدا دەبێت.

لە ڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبەوە تا بە ئەمڕۆ باشترین و لێهاتووترین کەسایەتییەکانی نیشتمان لەو حیزبەدا خەباتیان کردووە و تەنانەت گیانیان پێشکەش بە ئازادیی نیشتمان کردووە و لە ڕیزی شەهیدانی ئازادی شوێنیان لە دڵ و مێشکی گەلدا بۆ هەمیشە کردۆتەوە. ئەو بابەتەش هێزێکی مەعنەویی یەکجار زۆری بە حیزبی دێموکرات داوە کە وەک سەرمایەیەکی بێکۆتاییە و لە نێو خەڵکدا بەردەوام بە زیندوویی دەهێڵێتەوە نازناوی حیزبی ڕێبەرانی شەهید، حیزبی شەهیدان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، حیزبی زیندانیانی سیاسی و کەمئەندامانی خۆڕاگر، حیزبی پێشمەرگە و خەباتکاران و کۆڵنەدەران، حیزب ڕۆڵە بە ئازاو نەترسەکان هەر بە ئاسانی بە بەژنی حیزبێکدا نابڕێتەوە، حیزبی دێموکرات بۆ هەریەک لەو نازناوانە کە سەرمایەی مەعنەوین بە سەدان نمونەی زیندووی هەن.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بە دامەزراوەییکردنی ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات هەبوو سێ هۆکار "سیاسەتی دروست، قارەمانێتیی پێشمەرگە و پشتیوانی خەڵک" بۆ مانەوەی بەردەوامبوونی دێموکرات ئاماژە پێ دەکات. ئەو سێ هۆکارە لە هەموو کات و سەردەمدا وەک پێویستیەکی سەرەکی مانەوە و شووێندانەریی ئەو حیزبە هەبوون. سیاسەتی دروست خۆی لەو بڕیار و هێڵە نەتەوەییانەدا دەبینێتەوە کە خزمەت بە کوردایەتی دەکەن و پێوەری کوردایەتی دیسان ڕۆڵی سەرەکی لەو سیاسەتەدا خۆی دەبینێتەوە کە پێویستە بۆ بەردەوامی خەباتیش هەر بمێنێ. بۆ قارەمانێتی پێشمەرگە کە لە مێژووی بەرخودانی گەلان بێوێنەیە، کە هۆکارێکی جیدی مانەوە و بەردەوام بوونە. هەرچەند بگوترێ هەر کەم گوتراوە کە ئەوە تەنیا قارەمانێتیی پێشمەرگە لە ڕابردوودا نییە گرینگی ئەو هێزە نیشتمانی و ڕووناکبیرییەی کۆمەڵگە دەردەخات، بەڵکوو ڕیئالیزمی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دڕەندەیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ئەوە دەخوازێ کە ئەو هێزە نیشتمانییە پەرەی پێ بدرێت و وەک هەمیشە بەبایەخەوە چاوی لێ بکرێ. هێزی پێشمەرگە بە ژمارە و ئیمکاناتی نا، بەڵام بەهۆی باوەڕی بەهێزیەتی دوژمن لێی توقیووە و، بێگومان هەتا سیاستی دروست هەبێ و هێزی پێشمەرگە قارەمانێتی بنوێن، گەلیش هەر پشتیوان دەبێت؛ چونکە ئەو سێ هۆکارە سێ حەلقەی زەنجیرێکن کە لێک جیا ناکرێنەوە.

ئەو هۆکارانە و سەدان هۆکاری دیکە دەتوانین وەکو ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکرات ئاماژەیان پێ بکەین، کە مانەوە و شووێندانەریی خۆی بە شانازی دەزانێ، بەڵام بە هەمان ئەندازەی شانازییش خۆی لە بەرانبەر بە ئازادکردنی کورد و نیشتمانەکەی کوردستان بە بەرپرسیار دەزانێ و بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بەرپرسیارەتییەش خەبات دەکات. سەرەڕای هەموو ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوەی گەلی ئێمە تا بە ئەمڕۆ بە ئامانج نەگات کە لە دەرەوەی هێز و ئیرادەی دێموکرات بوون، پێویستە ئەو پرسیارەی "بۆ بە ئامانج نەگەیشتووین" بۆ نەوەی نوێی خەبات سەرچاوەی لێپرسینەوە بن، بۆ ئەوەی بەهێز بین تا سەر بکەوین. ڕێبوارانی ئەو مەکتەبە پێویستە وێڕای ئەوەی شانازیی زۆر بە خەباتەکەیان دەکەن کە حەقی خۆیانە، لەپێناو سەرخستنی ئەو خەباتەش لە ڕەخنەگرتن ودیتنەوەی کەموکوڕییەکان بۆ چاکسازی و بەهێزترکردنی خەبات خۆیان نەدزنەوە و، ئەوەش بە بەشێکی خەباتیان بۆ سەرکەوتن بزانن.




# کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە



د. مەجید حەقی

هیچ نەتەوەیەک و هیچ ڕەوتێک یەک شەوە لەدایک نابێت. هەموو ئەوانەی "ئیدعای" خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی دەکەن و هەموو ئەوانەی خۆیان بە "شۆڕشگێر" دەزانن ئامانجی سەرەکیان ڕزگاری نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤی نەتەوەی کوردە. لەو ڕووەوە هیچ بۆچوونێک نە لە بۆچوونی دیکە "پیرۆز"تر و نە لە بۆچوونی دیکە ڕاستترە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانێکە بەدەست دەردێکی مێژووییەوە دەناڵێنێ کە بە "دەردە کورد" ناو دەبرێ و قووڵایی ئەو قەیرانەش کاتێک دەردەکەوێت کە جیابیری لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسیەکانی ڕۆژەڤدا هەبێت؛ ئەوکات نەیاری سەرەکی لەبیر دەچێت و کورد و بزاڤی سیاسی کورد دەکەوێتە گیانی یەکتر و خۆخۆری.

دەسپێکی شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" کە بەشیوەی هاودەنگ و هاوئاهەنگ بەڕێوە دەچوو، هیوایەکی زۆری بە هەموو خەڵکی کوردستان بەخشی. کوردستان ببوو بە هێمای یەکگرتنەوە و سەرچاوەی هێزوەرگرتن و ئیلهامبەخشین بۆ هەموو بەشەکانی ئێران. حیزبە لێکدابڕوەکانی کوردستانی بەخێرایی یەکگرتوویی حیزبیان ڕاگەیاند و دیالۆگێکی نەتەوەیی خەریکی پەرەسەندن بوو. لێ مخابن مانگی هەنگوینی یەکگرتوویی کورد زۆری نەخایاند. کەشی نابڕوایی زوو هێرشی کردە سەر یەکگرتوویییە ناسکەکەی کوردستان و بە دەسپێکی گفتگۆ و ڕاگەیاندنی مەنشووری "جۆرج تاون" مەودای نێوان هێزەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری حیزبە کوردستاییەکانی کوردستانی ئێران دوور کەوتەوە و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە هێرش بۆ سەر یەکتر داگیر کرا. وەک ئەوەی پرۆژەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا ئامانجی پێکهێنانی لێکدابڕان و ڕووخاندنی دیوارەکانی یەکگرتوویی کورد بووبێت. بلۆکێک کە بە مەنشووری جۆرج تاون (مەهسا) و لە کەشی میدیایی فارسی زمانی ناوەندگەرادا پێک هات، هەوڵی دا ئەو مەنشوورە بە تاقانە ئاڵترناتیو لەقەڵەم بدات و دوای ماوەیەکی کورتیش بە هەمان خێرایی پێکهاتنی، بەرەبەرە پێکهێنەرانی مەنشوور ڕیزی خۆیان لە یەکتری جیا کردەوە.

مەنشووری مەهسا نەتەنیا بوو بەهۆی لێکترازانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تا ئاستێکی زۆریش بەلارێدابردنی خەبات و سەرنجی گەلانی ئێران، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بوو بە هۆی لێکدابڕانێکی دیکە لەنێو کوردستاندا. ساردییەکی سامناک بەسەر پێوەندییەکانی نێوان حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا سەپا، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران تووشی لێکدابڕان بوو و، لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سەرەتایی ئەو لێکدابڕانەدا بەداخەوە دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە گیانیان لەدەست دا و؛ ئەنجام قەیران و برینێکی دیکە بە جەستەی قەیراناوی کورد و کوردستان زیاد بوو.

سەرەڕای ئەوەی لێرەولەوێ حیزبە کوردستانییەکان کۆنفرانس و سمیناری هاوبەشیان پێک هێناوە و، سەرەڕای ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان پێداگری لەسەر دیالۆگ و پێکەوە کارکردن دەکەن، بەڵام بەکردەوە بەهۆی ڕووداوەکانی دوای کۆبوونەوەکەی جۆرج تاون کەشی داسەپاو بەسەر بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان شایەتی جۆرێک لێکترازانە و ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هاوپەیمانییەکانی نێوخۆی کوردستان بنەماکانیان زۆر لاوازن. هۆ: نەبوونی ستراتێژییەکی ڕوونی نشتیمانی و هاوبەش لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا و دیارنەبوونی هێلەسوورەکانی نشتیمانی. بەمجۆرە دەرکەوت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوپەیمانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا دەبێ وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچە ببیندرێت و هاوپەیمانییەکان نابێ ببێتە هۆی لەمەترسی خستنی یەکیەتیی نەتەوەیی.

یەکێک لە گرینگترین ئەزموونی شۆڕشی ژینا ئەوەیە: کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی دابەشکراو و پلۆراڵە و چارەسەرەکانیش زیاتر لە یەک دانەن، واتە هیچ بۆچوونێکی بەتەنیا ناتوانێت ئاڵترناتیڤ بێت. ئەوەی یەکمان دەخاتەوە بایەخە نەتەوایەتی، ئاواتەکانی بەرزی نیشتمانی و ئازادیی نەتەوەییە. مێتۆد و جۆری گەیشتن بەو ئاواتە لەوانەیە جیاواز بێت، بەڵام جیاوازیی بیرکردنەوە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کوردستان وەک تەواوییەتێکی یەکگرتوو لەبەرچاو نەگیرێت و هاوپەیمانە تاکتیکییەکان زیان بە ستراتێژی نەتەوەیی بگەیەنن. قووڵایی ستراتێژیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەوەکانی بندەستی ئێرانن و هەر هاوپیمانییەک کە فرەنەتەوەییبوونی ئێران و نەتەوەبوونی کورد بباتە ژێر پرسیار نەتەنیا سەر ناکەوێ بەڵکوو زیان بە تەواویەتیی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێت.


کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە. پێکەوە دەست بکەینەوە بە دیالۆگێکی نەتەوایەتی بۆ گەیشتن بە یەکگرتوویەکی نەتەوایەتی و بەکارهێنانی هەموو تواناکانی نێو کۆمەڵگە. پێکەوە بیرکردنەوە کارێکی ئاسان نییە، زۆر لە ئێمە نەک ئامادە نین بیر لەو ڕێگایە بکەینەوە، بگرە دەمانهەوێ بە "حەزف" و لە مەیدان‌دەکردنی لایەنەکانی دیکە تەنیا بۆخۆمان بیر بکەینەوە؛ ئاکامی ئەوەش لەنێوبردنی هەموو هێزەکانمان دەبێت.

لە زانستی فیزیکدا فێر کراوین "مادە" لە ئەتۆم پێک هاتووە. ئەتۆمەکانیش بە ڕادەیەکی یەک‌میلیارد بچووکتر لەو ئاستەن کە تەنانەت بە میکرۆسکۆپیش ببینین. ئەتۆمەکان لەنێو مادەدا بە خێرای دەجووڵێن و جاری وایە وێک دەکەون و مادە تووشی تەقینەوە یان گۆڕانی شیمیایی دەکەن. هەمان وێنە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردا دەبیندرێت، خێرایی کێشەکان و قووڵایی کێشەکان بە ئاستێکە کە مرۆڤی کورد بەئاسانی لێک دەکەون. کاتێک دوو مادە لێک دەکەون ئەنجامەکەی دەبێتە بەریەککەوتن و ئەم بەریەککەوتنەی نێو کۆمەڵگە دەبێتە هۆی لەبەرانبەر یەک وەستانی کۆمەڵگە و دواجار بەفیڕۆچوونی هێز و تواناکانمان.

ئێمە تاک و ڕێکخراوە کوردییەکان چۆن فێری جۆرە چالاکی و خەباتێک بین کە دیالۆگ و وێککەیشتنمان زیاتر بکات؟ چۆن دەتوانین ئێکۆلۆژیی سیاسی خۆمان بەرەو ژینگەیەکی سالمی پڕگەشەونەشە بگۆڕین؟ چۆن دەتوانین پێشی گەڕانەوە بۆ دواوە و ژیان لە ڕابردوودا بگرین؟ هەنگاوی یەکەم بۆ دەسپێکی پرۆسەیەکی وا بریتیە لە: ١. هەڵسوکەوتی لۆژیکی و دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژی و گەشەسەندنی توانایی هەڵسوکەوت و کردار بە شێوەیەکی نوێ و جیاواز لە ڕابردوو؛ چونکە ئەو شێوازە وەڵامدەر نەبووە. ٢. گەشەپێدانی نەرمی‌نواندن و گوهەربارتر بۆ تێگەیشتن لە یەکتر بەبێ ئەوەی پێویست بە تاوانبارکردن و قەزاوەت بێت. ٣. مەجال و دەرفەتی شیکردنەوە و شرۆڤەکردن بۆ یەکتر بەجێ بێڵین بۆ ئەوەی نەبینە قوربانیی کەشی هەست و ئیحساساتی لەنەکاو.


سەرمایەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و مرۆڤیی ئێمە گرینگتر و خاوەن ڕێزتر لەوە دەبێ ببن کە ئێمە بەدەستی خۆمان بیانڕووخێنین. جۆری بیرکردنەوەی ئێمە شێوازی قسەکردن و دەربڕینی ئێمە دیاری دەکات. ئێمە دەبێ هەموومان توانای پێکەوە بیرکردنەوەمان گەشە پێ بدەین و بتوانین لە نەخۆشی و شێرپەنجەی خۆخۆری و یەکتر شکاندن ڕزگارمان بێت. ئەو نەخۆشیە گشتیە هەموو هێز و توانای لە ئێمە ئەستاندووە.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



### خەبات لە گەرمێن و کوێستان لەپێناو سەربەرزیی کوردستان

### شەهید بێجان عەلیزادە



برایم چووکەڵی

لاوەکانی نەتەوەی ئێمە لاپەرەکانی مێژوویان بە خوێنی خۆیان نووسیوەتەوە و دەنگی ئازادیخوازانەی کوردیان بە دنیا گەیاندووە و نەیانهیشتووە بۆ ساتێک دەنگی ئازادیخوازیی کورد کپ ببێ و بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئازادی لە بەرەنگاری و گیانفیداییدا بوون. لاوانی کورد بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادیی نەتەوەکەیان هیچکات لە خەبات نەوەستاون و ئەو خەباتە هەمیشە لە گەشەکردندا بووە. "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیە ئاوڕدانەوە لە ژیان و خەباتی فەرماندەیەکی دیکەی حیزبی دێموکراتە لە دەڤەری شیمال. لەم یادەوەرییەدا دەگەڕێینەوە بۆ ٤٣ ساڵ بەر لە ئێستا و باس لە گیانبازێک بە ناوی شەهید "بێجان عەلیزادە" دەکەین کە هەموو ژیان و دواتر گیانیشی بەختی سەربەستیی نیشتمانەکەی کرد.

بێجان ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گوندی هۆدەر لە ناوچەی سۆما لەدایک بوو. باوکی وەک کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ هاوخەباتی سمکۆی شکاک بوو و چەندین جار دژی ڕێژیمی ڕەزاخان بەربەرکانیی کرد و وەک تێکۆشەرێکی ئازا سەریشی لەم ڕێگایە بۆ نەتەوەکەی دانا. بێجان عەلیزادە ناسراو بە بێجان شکاک لەو کەسانە بوو سەراپای وجوودی وەک باوکی لە خزمەت بە گەل و نیشتماندا بوو. کاتێک بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان لە شاری مەهاباد شەکایەوە، بێجان تەمەنی ١٩ ساڵ بوو. ئەو تاوی دایە چەک و وەک پێشمەرگەی کۆمار چووە ڕیزی قەتارچییانی پارێزگاری کوردستان. لەگەڵ نسکۆی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥یشدا، لەگەڵ بارزانییەکان ڕووی کردە یەکیەتیی سۆڤییەت. شەهید بێجان یەکێک لەو قوتابییانە بوو کە لە یەکیەتیی سۆڤییەتدا چووە زانکۆ و سەرەتا زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تەواو کرد و پاشان دیپلۆمی بەرزی لە کولێژی سەربازیدا تەواو کرد. بێجان لەوێ لەگەڵ کچێکی ڕووسی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا و دوو منداڵ بەرهەمی ئەو ژیانە بوو.

پاش هاتنەسەرکاری عەبدولکەریم قاسم لە عێراق و گەڕانەوەی خوالێخۆشبوو مەلامستەفا بارزانی بۆ کوردستان، شەهید بیجان لەگەڵ بارزانییەکان گەڕایەوە و لە شاری بەغدا لە زانکۆی "مستنسریە" وەک مامۆستای زانکۆ دامەزرا. لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلولیشدا هاتەوە ڕیزی شۆڕش و وەک ئەمیر بەتالیونی هێزی باڵک بەرپرسایەتیی وەرگرت و فەرماندەیی زۆر شەڕی قارەمانانەی بۆ نموونە شەری خارکورکی کرد. پاش نسکۆهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٤ لەگەڵ بارزانییەکان ڕووی کردەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی هۆدەری سەڵماس، زێدی باب و باپیرانی نیشتەجێ بۆوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران شەهید بێجان بەهۆی نیزیکایەتی لەگەڵ ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو بە ئەزموونی دەیان ساڵ خەباتەوە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە گرت و وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو لە ناوچەی سەڵماس دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. شەهید بێجان هێزی پێشمەرگەی لەو دەڤەرە ڕێکخست و جارێکی دیکە لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەددا لاوانی ناوچەی سەلماسی لە دەوری ئاڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ کردەوە. ئەو کە قاڵبوونی کوورەی خەبات بوو، زۆر زوو توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ. بێجان لەشەڕی سێ مانگەدا ڕۆڵی گرینگی گێڕا و لەنێو شاری ورمێ بەدژی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی ئەرکی گرینگی کەوتە سەر شان و بەهۆی زیرەکی و هەست بە بەرپرسایەتی بوو بە خۆشەویستی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە. بێجان لە ئاست دوژمندا وەک پۆڵا وابوو، نەترس و بەورە، بۆ دوژمن توندوتیژ و، بۆ هاوسەنگەران و خەڵکی نیشتمانەکەی ڕووخۆش و مێهربان بوو.

بێجان لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی شیماڵدا زەبری کاریگەری لە دوژمن دا. لە شەڕی گەردەنەی حیساری ورمێ ئاوری لەسەر پشتی دوژمن کردەوە، بە چەشنێک تا ئێستاش ئەو حیماسەیە لە دڵی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا بەزیندوویی ماوەتەوە. ئازایەتی و قارەمانەتیی شەهید بێجان وای کرد ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر پیلانی بۆ دابڕێژێ. زۆر جار خۆفرۆشانی پێوشوێنیان هەڵدەگرت، بەڵام ئەو هەمیشە بە وشیاری پیلانەکانی پووچەڵ دەکردەوە. بەڵام بەداخەوە پیلانی دوژمن سەری گرت و بیجانی قارەمانی زوو لە حیزبی دیموکرات ئەستاند و ساڵی ١٣٥٩ دوای پەلاماردانی گوندی هۆدەر و لە شەڕێکی سەختدا ڕۆڵەی قارەمانی دێموکرات شەهید بوو.

**بەوپەڕی بەرزی سەران بەرچاوی**
**ئاگری سوورە کەژی خوێناوی**

**قارەمانانی بەهێزی باکوور**
**وەک شێرانی دلێری باشوور**

**کوردە سەڵماس بە بەژنی جوانی**
**خوێنی لێ دەتکێ گوڵ و ڕێحانی**

**دۆست برا دڵمە لە خاکی سۆما**
**گفتوگۆی چاو و دڵ و ئەبرۆما**

**کەڵەشی، شەمشە، کەریمی، بێهنام**
**بێجان و حاجینەجاتی پڕ زام**

**شێرە باپێر و نەحۆی کوردستان**
**قارەمانانی تروپکی کوێستان**

**مەرگەوەڕ شوێنی دلێران جوانە**
**باوەشی گەرمی نیشانەی مانە**

**تەرگەوەڕ لانی دڵی گەرناسە**
**گەڕی خوێنینی سەری جێی باسە**

***

# پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا و ماددەی حەوتی ئەساسنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی



شاڕوخ حەسەنزادە

بەستێنی گۆورانی بزووتنەوەکان و شەقڵگرتنی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە جوغرافیای ئێراندا بەهۆی پاڵنەرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و هەروەها بوونی حکوومەتە ناخەڵکییەکان لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی قاجارەوە هەتا ئێستا بەردەوام بە شێوازی جۆربەجۆرەوە هەبووە. هاوکات بەجیهانیبوون کە گرنگایەتیی جۆری داڕشتنی سنوورە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، گۆڕانکاریی بنچینەیی لە بەستێنگەلی وەک ڕەوشی کۆمەڵگە، ئابووری، ڕامیاری و فەرهەنگی کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی دوای تێپەڕین بەسەر دەستەڵاتی پاڵەوییەکان داناوە، کە ئەمەش گۆڕین لە ئاکار و پاڕادایمەکانی نێو کۆمەڵگەی وەدی هێناوە.

لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە (١٣٥٧) کۆمەڵێک ڕووداو لەنێوان حکومەتی ناوەندی بە سەرکردایەتیی "خومەینی" و بزووتنەوەی کورد هاتە ئاراوە کە بووە هۆی یەکەم هەڵوێستی مەدەنیانەی خەڵکیی کوردستان (کۆچی خەڵکی مەریوان) و دواتر بە وازنەهێنانی حکومەت و بێئاکام مانەوەی دیالۆگ لە نێوان نوێنەرانی نەتەوەی کورد و حکوومەت، بە فەرمانی جیهاد شەڕ بەسەر کوردستاندا سەپێنرا. دوای ئەمەش لە زۆر شاری کوردستان ناڕەزایەتیی مەدەنی خوڵقان کە هیچ ئاکامێکی لەبەرانبەر بڕیاری شەڕ و لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردستان نەبوو و هەموو جارێ بە توندترین شێواز لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە سەرکوت دەکرا. دوای ئەوەیکە کورد ناچار کرا ئەمجارە بۆ بەرگری لە خۆی پەنا بۆ چەک ببات و لەم شێوە ڕەوایەی خەبات کەڵک وەربگرێت، قۆناغێکی نوێ لە خەبات بۆ مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد دەستی پێ کرد. هەمیسان ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی زۆر و پێشکەوتووترین کەرەسەگەلی نیزامی هێرشی کردە سەر کوردستان و گەلێک جینایەت و تاوانی وەک کارەساتەکانیی قارنێ و قەڵاتان و ... خوڵقاند، هەروەها لە دادگا سەحراییەکاندا "خەڵخاڵی" هەموو پێوەر و پرەنسیپە ئەخلاقی و یاساییەکان وەک مافی بەرگری لەخۆ، مافی هەبوونی پارێزەر، هەبوونی بەڵگەی پێویست بۆ تاوانبارکران، دادگایەکی ئاشکرا و دادپەروەرانە و...ی پێشێل کرد و سەرەڕۆیانە بێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک بە پشتبەستن بە حوکمی ڕاستەوخۆی "خومەینی" سەدان لاوی کوردی بەبێ بەڵگە لەسێدارە دا. لەلایەکی دیکەشەوە وێڕای سەپاندنی شەڕ بە سەر خەڵکی کورد، گرتن و بێسەروشوێن کردن بەبێ بەڵگەی قەزایی، کوشتن، تیرۆر، شاربەدەرکردن و... ڕەوشی مەدەنی کۆمەڵگەی کوردستانی تێکدا.

دوای کۆتایی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، مردنی خومەینی، تێرۆری ڕێبەرانی کورد (د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی) و وەگەڕکەوتنەوەی دەرفەت بۆ خەباتی مەدەنی و سیاسی لە سایەی دۆخی ئاڵۆزی ئابووری و ناڕەزایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران، قۆناغێکی دیکە لە خەبات دەستی پێ کرد. ئەگە بە کورتی باسی چوار ڕاپەڕین یان ناڕەزایەتیی مەدەنیانەی خەڵک لەبەرانبەر زوڵم و زۆرییەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کورد بکەین دەتوانین ئاماژە بکەین بە؛ ڕاپەڕینی بەشێک لە شارەکانی کوردستان دوای کوشتی "شوانە سەیدقادری" لە مەهاباد (١٣٨٤)، مانگرتنی خەڵک و داخستنی دووکان و بازار لە ساڵیادی تیرۆری د.قاسملوو (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٤ و بەردەوامیی بۆ ماوەی چەند ساڵێک)، کاردانەوە بە کوشتنی "فەریناز خوسرەوانی" لە مەهاباد کە ئەم بزووتنەوەیە بە هوتێل تارا ناسراوە (١٣٩٤) و ناڕەزایەتی و مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان دوای مووشەکبارانکردنی بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانان لەلایەن سپای پاسدارانەوە، کە دوای چوار ڕۆژ سەرجەم دووکان و بازار بە هێمای ناڕەزایەتی بەم کردەوە تیرۆریستییە داخران و خەڵک مانیان گرت. ئەم جووڵەیە لە جۆری خۆیدا بێوێنە بوو و مێژووی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران هەڵوێستی ئاوا یەکدەست و مەدەنیی بەخۆیەوە نەدیبوو.

لە هەموو ئەو ڕاپەڕینانەدا هێزەکانی حکوومەت بە توندترین شێوە خەڵکیان سەرکوت کردووە و دەستیان لە هیچ کردەوەیەکی ناڕەوا نەپاراستووە. هەڵبەت ئەوە جگە لە دەیان خۆپێشاندان، کەمپەین و مانگرتن و ناڕەزایەتی سینفە جۆراوجۆرەکانی شەبەنگی کۆمەڵگە وەک کرێکاران، فەرهەنگیان، مامۆستایان، خانەنشینان و ... بووە کە بەردەوام لەبەر سیاسەتە نادرووستەکانی ڕێژیم دەچەوسانەوە و پاتە دەبوونەوە یان کەڵکوەرگرتن لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی وەک جێژنی نەورۆز کە وەک دەرفەتێک بۆ خستنەڕووی داواکارییەکانی گەلی کورد کاریگەریان لەسەر زیندووڕاگرتن و بردنە سەری ئاستی وشیاری کۆمەڵگە هەبووە. لە هەموو ئەو ناڕەزایەتی و بزووتنەوە کورتماوانەدا هاندەر و داخوازی خەڵکی کورد بۆ پرسی نەتەوەیی و ئازادی دەگەڕایەوە و خێرا خۆی لەو ڕووداوە کە ببووە هۆی دەستپێکی ناڕەزایەتی دەقۆستەوە بۆ داواکارییە ڕەوا سیاسییەکانییان.

بەردەوامیی ئارێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوشی خراپی ئابووری و سیاسەتی چەوتی نێوخۆیی و دەرەکی لە کۆمەڵگەیەک کە بەرەو جیهانێکی ئازاد و دێموکراتیک دەڕوانێ و سیستەمی ئۆلیی پاشکەوتوو و نەریتی، هەروەها خواست و داواکاریی خەڵک بۆ مافەکانیان بەپێی پێوەرە جیهانییەکان مافی مرۆڤ، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، نەمانی هەڵاواردن و مافی نەتەوەیی، ئایینی و... لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران بەتایبەت نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئەو جوغرافیایەیە کە لە دوامین سەرهەڵدانی خۆی بەدوای کوشتنی ژینا ئەمینی بە درووشمی ژن، ژیان، ئازادی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد، کە بووە مۆتەکەی ڕێبەرانی ڕێژیم و هیوا بە ڕووخانی یەکجارەکیی ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرە.

لەم نێوەدا کوردستان بەهۆی پێشەنگبوون لە خەبات بە دژی ڕێژیم و داخوازییە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی بەردەوام نووکەڕمبی دوژمن سینگی کۆمەڵگەی کوردی دەپێکێ و بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ، بەجۆرێک لە ماوەی ڕاپەڕینی ژینادا سەدان هاونیشتمانی لە ژن و منداڵ و پیاو گیانیان لێ سەندرا و، هەزار کەس بریندار و چەند هەزار کەسیش دەسبەسەر یان بێسەروشوێن کران و لە گرتنگەکاندا سووکایەتییان پێ کرا و ئەشکەنجە دران. هەروەها جێبەجێکردن و پێدانی حوکمی ئێعدام و زیندانی درێژماوە بەشێکی دیکە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بووە دەرحەق بە خەڵکی ڕاپەڕیو کە بە شێوەیەکی مەدەنیانە ویست و داواکارییەکانی خۆیان دەربڕیبوو. هێزەکانی سەرکوتکەری حکوومەتیش لە ڕەوتی شۆڕشدا بە هێرشکردنە سەر شار و ئاواییەکان بە چەکی سووک و نیوەقورس، گەمارۆدان، دەسبەسەرکردنی کادری دەرمان و پزیشکانی نەخۆشخانەکان، داخستنی زۆرەملێی دووکان و شوێنی کاسبیی خەڵک، هێرشە شیمیاییەکان بۆ سەر قوتابخانەکان بەتایبەت خوێندگەی کچان لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی و جینایەتقوڵقێنی هەولیان داوە پاشەکشە بە خەڵک بکەن.

دوای ئەو هەزاران پێشێلکارییانەی بەئاشکرای حکوومەت، بە پێشنیاری وڵاتانی ئاڵمان و ئیسلەند ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی سەرماوەزی ١٤٠١، لە دانیشتنێکی تایبەتدا شوڕای مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەیەک دەنگی بە وەڕێخستنی "کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان" دا.

دیارە ئەگەرچی کارکردی شوڕا پێوەندیی ڕاستەوخۆی دەگەڵ بابەتگەلی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی نێودەوڵەتی نییە، بەڵام دەکرێ لەکاتێکدا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە تایبەتمەندیی وەک سیستماتیکبوون و بەردەوامیان هاوکات بێ، ئەوجۆرە پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ دەکرێ بە پێوادنگی پێوەندیدار بە یاسای سزادانی نێودەوڵەتی دابنێین، بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین ماددەی ٧ی ئەساسنامەی دادگای (تاوانەکان)سزادانی نێودەوڵەتی"لاهە" بێنینە گۆڕ کە بە ئامانجی بەرەوڕووبوونەوەی پڕتوندوتیژ دەگەڵ خەڵکی سڤیل و لە چوارچێوەی جینایەتی بەدژی مرۆڤایەتی لەو بابەتانەی کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەردەوام و سیستماتیکە، دێتە گۆڕ. لەم دۆخەدا بەشێوەی پێناسەی پێوەندی نێوان مافەکانی مرۆڤ و بابەتی پێوەندیدار دەگەڵ پاراستنی ئاشتی و تەناهی نێونەتەوەیی کە لە دەستەڵاتی ئەنجوومەنی تەناهی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەو ئیمکان و توانا یاساییەی هەیە بابەتی باسکراو بخاتە مەیدانی دادگای سزادانی نێودەوڵەتی و لە ئەگەری مەحکوومبوونی لایەنی بەرانبەر دەتوانێت بەپێی ڕۆژەنی حەوتەم لە جارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەناوی مەترسی بۆ سەر ئاشتی و تەناهی مرۆڤەکان دەستتێوەردانی ئاشتیخوازانە بکا؛ وەک ئەوەی پێشتر لە شەڕی نێوان دوو کۆریا کرا یان لە عێراق، ئەفغانستان، لیبی و... کراوە.

یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، چاودێریکردنی وڵاتانە بۆ بەڕێوەبردن و بەڵێنییەکانیان لەهەمبەر گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان و پشتیوانی لە مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ئەو توانا و دەستەڵاتەشی هەیە هەتا لە نێوان خاڵەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و بابەتەکانی سزادانی نێونەتەوەیی پێوەندییەک ساز بکات. هەر لەم سۆنگەیەوە و بەلەبەرچاو گرتنی ئاگادارکردنەوەکانی "جاوید ڕەحمان"، ڕێپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و، دەکارکردنی چەمکی "تاوان بەدژی مرۆڤایەتی" لەلایەن ناوبراوە بۆ سەرکوتی هێزەکانی حکومەتی لەکاتی خۆپێشاندانەکان، ئەو پەیوەندییەی باسمان کرد، زیاتر مانای خۆی دەردەخات.

بەوپێیە وڵاتانی جیهان هاوتەریب دەگەڵ بەڵێنییە نێودەوڵەتییەکان، خۆیان بە ئەرکدار دەزانن لە بەرامبەر کردەوەی وەک جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی هەڵوێستیان هەبێ و ئەم کارە وەک تاوان بناسێنن و لە کاتی پێویستیشدا لایەنی تاوانبار سزا بدرێ. گەڵاڵەی بەرپرسیارەتی نێودەوڵەتی لەهەمبەر کردەوەکان بەپێچەوانەی گرێبەستەکان، پەسندکراوی ساڵی ٢٠٠١ی کۆمیسیۆنی مافە نێونەتەوەییەکان، لە ماددەی ٢ بەم شێوەیە بەرپرسیارەتییەکان پێناسەیان بۆ کراوە: هەرکات بەپێی مافە نێونەتەوەییەکان وڵاتێک بەپێچەوانە بجووڵێتەوە، ئەو کارەی دژی بەرپرسیارەتییەکەیتی کە هەڵیگرتووە و لەسەر شانی بووە. هەروەها لە ماددەی ٧ی ئەساسنامەی دادگای سزادانی نێونەتەوەیی "لاهە"دا هاتووە؛ مەبەست لە تاوانە دژە ئینسانییەکان لەم ئەساسنامەیەدا هەرکام لەو خاڵانەی ژێرەوەن کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:


کاتێک بەهۆی هێرشێکی بەربڵاو یان ڕێکخراو بەدژی حەشیمەتێکی مەدەنی و بە شێوەیەکی ئاگاهانە کردەوەیەک دەکرێ، وەک: کوشتنی بەئانقەست، سێدارە، بەکۆیلەکردن، شاربەدەر یان ڕاگواستنی زۆرەملێ، زیندانیکردن، بێبەشکردنی زۆر لە ئازادییەکان، ئەشکەنجە، دەستدرێژیکردن، بەکۆیلەکردنی ڕەگەزی، نەزۆککردن، کوێرکردنەوەی وەجاغ یان هەر جۆرێکی دیکە لە توندوتیژی جەستەیی، وەدواکەوتن و ئازاری بەردەوامی هەر گرووپ یان کۆمەڵە کەسێکی سەلماو بە هۆکاری سیاسی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، کردەوەی نامرۆڤانە کە بە مەبەستی سەدەمەلێدان لە جەستە یان سەرجەم لایەنەکانی ڕوحی بەڕێوە بچێ، دەکەوێتە چوارچێوەی تاوانەکان بە دژی مرۆڤایەتی.

بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتری ئەو پرسە و ئیمکانی بەڕێوەچوونی دادگایەکی لەم چەشنە هەڵبەت بە شێوازی مەدەنی لە دەرەوەی بازنەی دادگای سزادانی نێونەتەوەیی دەتوانین ئاماژە بە "دادگای نێونەتەوەیی خەڵکیی ئابان" بکەین. دوای ڕووداوەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ کە زۆربەی شارەکانی (بەشێکی کوردستان) ئێرانی گرتەوە، هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی بە شێوەیەکی پڕ لە توندوتیژ ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانەیان سەرکوت کرد و لە ئاستێکی بەربڵاو و سیستماتیک بەئاشکرا مافەکانی مرۆڤ پێشێل کران. ساڵی ١٤٠٠ بە پێشنیاری سێ ڕێکخراوەی ناحکوومی لە لەندەن دادگایەکی هێمایی و نافەرمی لەسەر ئەو پێشێلکاریانە بەڕێوە چوو و ئامانجیشی ئەوە بوو کە؛ لە ئامادەنەبوونی لایەنی فەرمی و دەستەڵاتداری نێودەوڵەتی کە سەڵاحییەتی قەزاییان هەیە، بەداوداچوون بۆ ئەو تاوانە مەزنانە بکەن کە لە پێوەندی دەگەڵ کوشتاری مانگی خەزەڵوەردا بە شێوەیەکی ڕێکخراو ڕوویان دابوو. هەرچەند ئاکام و حوکمی ئەو جۆرە دادگا خەڵکتەوەرانە مەرج نییە ناکا جێبەجێ بکرێ و زیاتر لایەنی سەمبۆلیکی هەیە، بەڵام هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکان، بەڵگە و وتوویژ دەگەڵ شاهیدەکان، لایەنی "جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی" هەڵسەنگاندنی بۆ کرا و بەم ڕوانگەیە دادگا کارەکانی خۆی پۆلێن کردبوو. لە کۆتاییشدا لە بڕیارێکی ڕەمزیدا هاتبوو: بەپێی بەڵگە و قسەی شاهیدەکان، حکومەت وێڕای شوڕای بەرزی ئەمنییەتی میللی، شوڕاکانی دابینکردنی ئەمنیەتی پارێزگاکان، هێزە ئینتزامییەکان، سپای پاسداران، هێزەکانی بەسیج، باقی هێزە لیباس شەخسییەکان لە "جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی"دا دەوریان هەبووە. لەو حوکمەدا پێداگری لەسەر ئەو خاڵانەش کرابوو کە، کوشتن، بێسەروشوێنکردن، ئەشکەنجەدان و توندوتیژیی ڕەگەزی" لەو بڕگانەی تاوانەکانی دژبە مرۆڤایەتین کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەزەڵوەری ١٣٩٨دا کردوونی.

ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٢٠٠ ڕۆژی سەرەتای بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی، بە شێوەیەکی بەربڵاو و لە ئاستێکی زۆردا پێشێلکاریی مافی مرۆڤی بەئاشکرا و سیستماتیک کردووە و هەتا ئێستاش ئەو پێشێلکارییانە درێژەیان هەیە. بەپێی ئامار و بەڵگەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و وتوویژ دەگەڵ بەشێک لە خەڵکی چالاکی ڕۆژهەڵات لە ڕووداوەکانی دوای کوشتنی ژینا ئەمینی دەرکەوتووە، لانیکەم ١٣٠ هاونیشتمانی بە تەقەی ڕاستەوخۆ و ئەشکەنجەدان لە گرتنگەکان گیانیان لەدەست داوە کە لەو ئامارە ١٣ کەسیان منداڵ (ژێر ١٨ ساڵ) و ٦ کەسیشیان ژن بوون. هەروەها نزیک ٦ هەزار هاونیشتمانی بە فیشەکی چەکی شەڕ یان تاپڕ (ساچمەیی) بریندار بوون بە جۆرێک برینی بەشێکیان کاریی بووە کە هەرنەبێ ناوی ١٨ کەس لەوان ئاشکرا بووە کە ڕووناکی چاوێک یان هەردووک چاویان لەدەست داوە. یان گرتن و بێسەروشوێنکردنی زیاتر لە ٧٥٠٠ هاونیشتمانی، ئەشکەنجە و دەستدرێژیکردن و سووکایەتی، پۆلۆمپکردنی دووکانی خەڵکی کاسبکار بە بیانووی بەشداریکردنی لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان، هێرش بۆ سەر قوتابخانەی منالان بەتایبەت کچان و... نیشان دەدات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەبێ ڕێزگرتن لە بڕیار و بنەماکانی تەنانەت ئەو گرێبەستە مافە مرۆڤیانەی بۆخۆی واژۆی لەسەر کردوون یان یاسای بنەڕەتیی خۆیەتی، هەزاران پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤی کردووە و دەکرێ بخرێتە چوارچێوەی جینایەت بەدژی مرۆڤایەتیش.

دوای دەستبەکاربوونی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، چالاکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ئاستی جیهانیدا کار بۆ پەلکێشکردنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، جا با بەهۆی بوونی مافی ڤیتۆی چین و ڕوسیە ئەگەری ئەوە هەیە هیچ بڕیارنامەیەک بەدژی ڕێژیم پەسند نەکرێ. یان بدرێتە دادگای نێونەتەوەیی سزادان بۆ وڵامدەربوونی لەهەمبەر ئەو تاوانە زۆرانەی کردوویەتی.





کەریم پەرویزی

# قوتابخانەی گەلاوێژ

**"حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی پێشەنگی کۆمەڵگە، ئەرکی هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بارهێنان و جێگرتنی پەروەردەیەکی ئەمڕۆیی لەنێو ئەندامان و لایەنگرانی لەسەر شانە. هەتاکوو بەو شێوە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر سەرکوت و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و ستەمکارانەی کۆماری ئیسلامیدا تووشی کولتووری نامرۆڤانەی دەسەڵاتداران نەبن و جیهانێکی مرۆڤانەتر و یەکسانیخوازانەیان لەبەر چاو بێت."**

(بنەما فیکرییەکانی حیزبی دێموکرات؛ بەرنامە و پێڕەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی شازدەهەم)

حیزب وەکوو دیاردەیەکی مۆدێڕن، بەرهەمی کۆمەڵگەی کوردستان نییە، بەڵکوو وەکوو دیاردە مۆدێڕنەکانی دیکە هاوردەی کۆمەڵگەیە کە بە چاولێکردن لە ئەزموونی وڵات و نەتەوەکانی دیکە، کوردستانیش وەدوای ئەو ئەزموونانە کەوتووە و ویستوویە کە لە چاکییەکانی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە بەهرەمەند بێ.

حیزب کۆبوونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بە دەوری یەکەوە کە بە شێوەی سیستماتیک وزەکانیان سەر یەک بخرێ و پێوەندیی تایبەتی لە نێوان تاکەکان دامەزرێ و بە ڕێکخستنیان لە سیستمێکی تایبەتدا بەیەکەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستێک یان چەند مەبەستی دیاریکراو هەوڵ بدەن.

حیزب وەکوو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی جیاوازیی هەیە لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە تاکەکان بە دەوری یەکەوە کۆ دەکاتەوە: بۆ وێنە جیاوازیی حیزب لەگەڵ سێنف یان تەناتەت لەگەڵ خێڵ ئەوەیە کە تاکەکانی نێو حیزب پێویستی نییە کە پێشتر یەکتریان ناسیبێ و لە شوێن و جوغرافیایەکی ناوچەیی وەک یەکەوە هاتبن، بەڵکوو حیزب تاکە جیاوازەکان بە ڕەنگ و ناسنامەی ناوچەیی و کارکردی کۆمەڵایەتیی زۆر دوور لە یەکەوە کۆ دەکاتەوە و لەو جیاوازانە، دیاردەیەکی مۆدێڕن دروست دەکا کە لە هەندێ شتدا هاوشێوەیان دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزران و خەبات و تێکۆشانی یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین حیزبەکانی گۆڕەپانی سیاسەت و چالاکی لە کوردستانە. ئەم حیزبە وەکوو حیزبێکی سیاسی و مۆدێڕن لە ناخی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە و لە پێویستییەکی مێژووییدا کە چیدی پێوەندییە کۆمەڵایەتی پێشووەکان وەکوو خێڵ یان حوجرە و ... وەڵامدەری ئەو قۆناخەی کۆمەڵگەی کوردستان نەبوون، حیزب لە دایک بوو و شێوازی دیکە لە گرێچنی سیاسی کۆمەڵایەتیی پێشنیار کرد و خستیە بەردەست کە مێژووساز بوو. بەو مانایە کە کە لە وەها خاڵێکدا وەرچەرخانێک لە مێژوو دێتە ئاراوە. هەر وەکوو دوکتور قاسملووی نەمر دەڵێ، لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا چونکە خێڵ و سەرۆک خێڵ بەڕێوەی دەبرد، بە بڕیارێکی سەرۆک خێڵ ڕاپەڕین دادەمرکا یان بە شەهیدبوونی سەرۆک خێڵەکە ڕاپەڕینەکە پەرتەوازە دەبوو، بەڵام بە تێپەڕین لەو قۆناخە و دروستبوونی حیزب، ئیدی ڕاپەڕین و خەبات تەنانەت بە شەهیدبوونی سەرکردە هەرە ناودارەکانی تێدا نەچوو و خەبات ڕەنگە بە خەسارەوە، بەڵام درێژەی هەبووە.

نموونەی هەرە زیندوو و مێژوویی هەر خودی حیزبی دێموکراتە کە لە مێژووی خۆیدا سێ ڕێبەری گەورە و ناوداری لەدەست دا و بە دەستی دوژمنانی کورد و کوردستان شەهید کران، بەڵام دوای ئەوانیش حیزبی دێموکرات بە برینی قورسەوە بەڵام بە ئەزموونی گەورەوە درێژەی بە تێکۆشان داوە و بە هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە لە ڕیزەکانیدا خەبات دەکەن و دوژمنان تەنیا ئەوکات دەتوانن دێموکرات لەنێو ببەن کە هەموو کوردێک لە جیهان بسڕنەوە، چونکە تا کورد بمێنێ، دێموکراتیش دەمێنێ.

حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە وەکوو حیزبێکی سیاسی لەنێو کۆمەڵگەدا لە دایک بوو و سەری هەڵدا و لە نزیکترین دەرەتانی بەردەستیدا، کۆمارێکی خوڵقاند کە بۆ کوردستان بۆتە ناسنامە و کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەیی. ئەم حیزبە ڕەنگە وەکوو هەموو حیزبێکی ئەم جیهانە لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات و بەدەستەوەگرتنی ئیرادەی بڕیاردان و ئیدارەکردنی کۆمەڵگەدا کار بکا، بەڵام لە درێژەی ٧٨ ساڵ تێکۆشانیدا لە حیزبێکی بەتەنیا سیاسییەوە تێپەڕیوە و بۆتە قوتابخانەیەک بۆ کوردستان.

قوتابخانەی دێموکرات کە لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا و بە ڕێبەریی پێشەوای نەمر لە دایک دەبێ و دادەمەزرێ، لەم نزیک بە هەشت دەیەدا وەها پەرەی سەندووە و گەورە بووە کە بە دەیان هەزاران قوتابیی بەئەمەگ و وریا و گیانبازی، پێشکەشی نەتەوەکەی کردووە.

هەندێک لەو وانە گرنگانەی کە لەم قوتابخانەیەی گەلاوێژدا دەوترێنەوە و وامان لێ دەکا کە حیزبی دێموکرات وەکوو قوتابخانەی گەلاوێژ ناو ببەین بریتین لە:

– پرسی کورد لای حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەیەکە کە دەیەوێ ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بە زمانی سیاسی وەربگێڕێتەوە سەر دەسەڵاتێکی کوردستانی کە خۆی بڕیاردەر لەسەر چارەنووسی خۆی بێ. پرسی نەتەوەیی لای حیزبی دێموکرات وەکوو وانەی یەکەمی ئەم قوتابخانە لە ڕوانینێکی یەکسانیخوازانەوە سەرچاوە دەگرێ.

ڕوانینی یەکسانیخوازانە بریتییە لەوەی کە لەم قوتابخانەیەدا مرۆڤ وەها پەروەردە دەکرێ کە نەتەوەی کورد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نییە. نە لەو نەتەوانە کەمترە و نە لەوانیش زیاترە. کورد نەتەوەیەکی هاوتا و یەکسان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەیە و هەر بۆیە دەبێ مافی ئەم نەتەوە بدرێ کە چارەنووسی خۆی، خۆی دیاریی بکا. لەو لاشەوە ئەم نەتەوەیە یەکسان و هاوتایە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و بۆیە لە قوتابخانەی گەلاوێژدا بیری تەسکی نەتەوەیی کە بگاتە شۆڤێنیزم و خۆبەزلزانیی نەتەوەیی ڕێگای نییە و سەر هەڵ نادا. هەر بۆیە کاتێک حیزبی دێموکرات لەسەر ستەمی نەتەوایەتی قسە دەکا و دەدوێ، دژایەتیی نەتەوەکانی دیکە ناکا. لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا دژایەتیی نەتەوەی فارس یان نەتەوەی دیکە ناکرێ بەڵکوو دژایەتیی بیرو بۆچوونی ستەمکارانە و فاشیستی و کۆلۆنیالیستی دەکرێ.

– لە قوتابخانەی گەلاوێژدا، ڕێبەریی ئەم حیزبە، نەک خۆی بە شتێکی سەرتر و بانتر لە کەسانیتر نازانێ، بەڵکوو ڕێبەری لە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیددا ئەرک و بەرپرسارەتیی زیاترە و ئامادەبوون بۆ خۆفیداکردن لەهەموو قۆناخێکدایە؛ هەر وەک پێشەوا و هەر وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید لە ڕیزی پێشەوەی گیانبازیدا بوون و ڕێبەرایەتیکردن لای ئەوان کەڵکوەرگرتن لە دەرەتانە خوڵقاوەکان بۆ وەسەریەکخستنی خەرمانی زیاتر لەم ڕێبازەدا بووە و لە بڕگەیەکی هەستیاریشدا کە بڕیاری تایبەت پێویست بووە، لە خۆبەختکردن نەسڵەماونەتەوە.

– حیزبی دێموکرات وەکوو هەر دیاردەیەکی مرۆیی دیکە چونکە دەسکردی مرۆڤە و مرۆڤەکان تێیدا تێکۆشان دەکەن، زۆر ئاساییە کە تووشی هەڵە و یان کەموکووڕی و گرفتیش بۆتەوە.

لە مێژوویی دوور و نزیکی حیزبی دێموکراتدا دەتوانی ڕووداو و کردار و کردەوەی سیاسیی وەها ببینی گەر بە نیسبەتی ڕۆژ و قۆناخی خۆیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی، کەموکۆڕی و هەڵەی تێدا دەستنیشان بکەی و هەڵەکردن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کرداری مرۆییە چونکە هیچ مرۆڤێک لەم جیهانەدا نییە لەبەر ئەوەی زانیاریی تەواوی لەبەردەستدا نییە یان ئیمکانەکانی کەمن یان هەر هۆیەکی دیکە، تووشی هەڵە نەبێ. بەڵام ئەوەی لە حیزبی دێموکراتدا گرنگە و وەکوو ڕەوتێکی گرنگ بۆتە وانەی فێرکاری بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و دەرەوەی حیزبیش، ئەوەیە کە دێموکرات ڕەنگە هەڵەی کردبێ بەڵام قەت تووشی خەیانەت نەبووە و لە هەڵە و کەموکوڕییەکانیشدا ڕەنگە لەو ساتەوەختەدا تووشی بووبێ، بەڵام دواتر کراوەتە ئەزموونێک بۆ دووپاتنەکردنەوەی هەڵەکان و لێ فێربوونیان.

– یەکێک لە وانە گرنگەکانی دیکە کە بە شێوەی بەردەوام لەم قوتابخانەیەدا نەوە بە دوای نەوە فێر دەکرێ و نەوەی ئەمڕۆ دەبێتە مامۆستا بۆ نەوەی داهاتوو تاکوو ئەو وانە بگوترێتەوە و لە ڕاستیدا بۆتە پێناسەی دێموکراتبوون، بریتییە لە بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بڕیاردان لەسەر ئەساسی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. بیرکردنەوەی سەربەخۆ، هەزینەی زۆری بۆ دراوە و لەوەتەی دوکتور قاسملووی نەمر باسی کردووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ لەنێو ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا دەگوترێتەوە و بیری لێ دەکرێتەوە، تەنیا یەک ڕەهەند ناگرێتەوە بەڵکوو گەر سەربەخۆ بیرکردنەوە ببێ بە فاکتەری سەرەکیی بڕیاری تاکێکی دێموکرات، ئیدی ئەو مرۆڤە لە قۆناخی پێش هاتنە نێو قوتابخانەی دەگۆڕێ بۆ تاکێکی وشیار و ئامادەی نرخدان لەپێناو بڕوا و ئاواتەکاندا. ئەو بڕوا و ئاواتانەش گرنگترین فاکتەریان، بەرژەوەندیی گشتییە کە وا دەکا دێموکراتێکی ڕاستەقینە، بارهاتوو لە قوتابخانەی گەلاوێژدا، بەردەوام هەستیار بێ لەسەر کردار و کردەوە و لێکدانەوە سیاسییەکانی و ئەو کردار و کردەوانە لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا دادەڕێژێ، نەک بەرژەوەندیی تاکەکەسیی کورتخایەن.

لە حیزبی دێموکراتدا بە سەدان هەزان کەس بە شێوازی جۆربەجۆر تێکۆشانیان بۆی کردووە و نرخیان لەپێناودا داوە و لەم ڕێبازەدا بە سەدان و هەزاران کەس بار هاتوون کە بوونەتە مامۆستا بۆ نەوەی دوای خۆیان. وانەکانی قوتابخانەی گەلاوێژ زۆر زۆرتر لەم چەند خاڵەن کە لێرەدا باس کران بەڵام هەموویان پێکەوە وەها دەکەن کە هەر تاکێک کە پەیوەست بەم قوتابخانەیە دەبێ، هەندێ کردەوە و هەڵسوکەتی سایسی لە خۆی نیشان دەدا و لە کەشی گوتارێکی تایبەتدا دەژی کە ناسنامەی دێموکراتبوون یان لۆگۆی تایبەتی گەلاوێژی لە هەڵسوکەت و کردارەکانیدا دیار دەبێ.

دامەزرانی ئەم قوتابخانەیە لە هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەپێناویدا نرخیان داوە و هەموو ئەوانەی هیوایان بە دواڕۆژێکی گەشاوە بە هۆی تێکۆشان و خەباتی ئەم ڕێبازە پڕ شانازیەوە هەیە پیرۆز بێ.

***

# سەردانی نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە نووسینگەی حیزبی کاری ئۆستڕالیا

ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی گەلاوێژ، سەلاح پورئەسەد، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب و مەسعوود پیران، ئەندامی پێوەندییەکان لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئۆستڕالیاوە لەگەڵ "گراهام پیریێت"، نوێنەری پارلمانی فێدراڵی ئۆستڕالیا و سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤی پارلمان کۆ بوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزبی بەبۆنەی نزیکبوونەوەی ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران کە بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی دەستی پێ کرد، ڕاپۆرتێکیان لەسەر خۆپیشاندانە هێمانانە و مەدەنییەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو و کوشتاری دڕندانەی خەڵک لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، پێشکەش بە ناوبراو کرد. لەو دانیشتنەدا باس لە وەگەڕخستنەوەی ماشینی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کرا کە لەو ماوەیەدا چەندین تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان تێرۆر کران و تیشک خرایە سەر ئەو هەڕەشانەی ڕێژیمی ئیسلامی دژی پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی و تێکۆشەرانی سیاسیی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان کردوونی و داوا کرا حکوومەتی ئۆستڕالیا لەو بارەیەوە هەڵوێستی هەبێت.

لەو دیداەدا گراهام پیرێت بەوردی گوێی لە ڕاپورت و باسەکان گرت و بەڵێنیی دا کە ئەو داوایە بە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە بگەیەنێ و ڕایگەیاند، دوای ئەو گەمارۆیانەی خراونەتە سەر کۆماری ئیسلامی، پێوەندیی دیپلۆماسییان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لە نزمترین ئاستدایە.

نوێنەرانی حیزب وێڕای سپاس لە حکوومەتی ئۆستڕالیا لەبابەت هەڵوێستەکانی دژی ڕێژیمی ئێران داوایان کرد کە زیاتر گوشار بخرێتە سەر ڕێژیم و بە تایبەتی سپای تێرۆریستی پاسداران بخەنە ناو لیستی گرووپە تێرۆریستییەکانەوە.

## وێستگە

# ٧٨ ساڵ خەبات لەپێناو یەکسانی و پرسی نەتەوەییدا

**ئاسۆ مینبەری**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٧٨ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات تێپەڕی. حیزبێکی پێشەنگ کە بەدرێژایی ساڵانی خەباتی خۆی، هاوکات لەگەڵ ئەوەی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشاوە، هیچکات لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەش خافڵ نەبووە و گرینگیی تایبەتی پێ داون.

حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا بە زۆر قۆناغی جیاواز و هەستیاردا تێپەڕیوە، وەکوو حیزبێکی پێشڕەو، هەوراز و نشێوی زۆری بینیوە بەڵام، هیچکات کۆڵی نەداوە. ئەم کۆڵنەدانە لە ڕاستیدا تەنیا بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان نەبووە، لێرەدایە کە ڕۆڵی ژن لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا بەرجەستە دەکرێتەوە.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەکوو حیزبێکی نەتەوەیی کاری بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردووە، پەرژاوەتە سەر هەندێک بابەت و پرسی دیکەش کە گرینگیدان بەو پرس و بابەتانە هیچیان کەمتر لە ئامانجە سەرەکییەکەی ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد نەبووە و نییە.

لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات هیچکات لە پرسەکانی ژنان خافڵ نەبووە و لە هەر بڕگەیەک لە مێژووی خەباتی خۆیدا هەوڵی داوە بە باشترین شێوە هاوکات لەگەڵ پێناسەکردنی ئەرک و مافی ژنان، پرسە پێوەندیدارەکان بەم توێژە هاوتەریب لەگەڵ تێکۆشان لە ڕاستای بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییدا بە ئاکام بگەیەنێ.

زۆر جار بینیومانە ئەم ڕەخنەیە بەرەوڕووی حیزبی دێموکرات بۆتەوە کە پرسەکانی تایبەت بە ژنان ڕەوتێکی جیهانی دەپێون و هاوتەریبکردنی ئەم پرسانە لەگەڵ پرسگەلی نەتەوەیی بە مانای گرینگیدان بە ناسیۆنالیزم و زاڵکردنی بە سەر فێمینیزمدایە، بەڵام لەڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا هەوڵی داوە بە پێناسەکردنی ژنان وەکوو بەشێک لە دانیشتووانی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جوغرافیای خەباتی خۆی، ئەرکداریان بکات بەوەی وەکوو ژنەکورد داوای مافەکانیان بکەن. بە مانای دیکە حیزبی دێموکرات ژنان وەک بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگە دەزانێت و بە جیانەکردنیان لە پرسە نەتەوەییەکان، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکێکی قورسی نەتەوەیی دەخاتە سەر شانیان، زیاتریش ئەرکداریان دەکات بەوەی خەبات بۆ توێژەکەی خۆیان بکەن و لەم پێناوەشدا خودی حیزبی دێموکرات یارمەتیدەرێکی باش بۆ ژنان بووە و بە ڕەخساندنی دەرفەت و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست هەوڵی داوە وەکوو ڕێکخراوێکی بەپرەنسیپ و بەرپرس لە بەرانبەر تاکەکانیدا، پرسەکانی ژنان بکاتە ڕۆژەڤ و کاریان لەسەر بکات. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەگەر ئێمە وەکوو نەتەوە ئازاد بین و کیانێکی سەربەخۆمان هەبێ، بێگومان وەکوو ژنیش ئەتوانین ئازاد بژین و ئازاد بیر بکەینەوە!

حیزبی دێموکرات بە مەبەستی زیاتر گرینگیدان بە توێژی ژنان و هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بەشداری پێکردنیان لە کایە سیاسییەکاندا، هەوڵی داوە بەکردەوە ژنان بێنێتە نێو بازنەی سیاسەتەوە و کەڵک لە توانایی و لێهاتووییەکانیان وەربگرێت، هەربۆیە بەڕاشکاویش لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی خۆیدا باس لەوە دەکات لەپێناو یەکسانیی کۆمەڵایەتی و لابردنی هەڵاواردنە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان کە بە دژی ژنان دەکرێت خەبات دەکات؛ ئاماژە بە کەرامەتی مرۆیی دەکات و باس لەوە دەکات کە دەبێ ستەمی جنسی کۆتایی پێ بێت، هەربۆیە دەبێ دان بەو ستەمەدا بنرێت کە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت و کەرامەتی مرۆیی ژنانی پێ زەوت دەکرێت.

حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی ئەم کەرامەتە بەکردەوە هەوڵی داوە، هیچکات نەیویستووە کە ژنان وەکوو ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بەکار بێنێ، هیچکات وەکوو کاڵایەکی دنیای سەرمایەداری چاوی لێ نەکردوون، هیچکات هەوڵی نەداوە کە ژنان بکاتە کەرەستەیەک بۆ ڕاکێشانی خەڵک یان ئەوەی کە بە پێناسەیەکی هەڵە لە ژنبوونی خۆیان بیانتۆرێنێ، حیزبی دێموکرات بەڕاشکاوی دەڵێت کە ژن بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەیە کە بە ڕەنگ و بۆنی خۆیەوە دەتوانێ کاریگەر بێت، هیچکات هیچ ژنێک لە ژنبوون، لە هاوسەربوون و لە دایکبوون مەنع ناکات و هاوکات لەگەڵ ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەرفەتی پێ دەدا تاکوو ئەرکی دیکەش لەئەستۆ بگرێت چونکە بە دڵنیاییەوە پەروەردەی بەرەی داهاتوو زیاتر لە هەر کەسێک دەکەوێتە سەر شانی دایک و دایکێکی شۆڕشگێڕ دەتوانێ نەوەی داهاتوو شۆڕشگێر بار بێنێت.

خەباتی ژنان خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتووییە، خەبات دژ بە نەخوێندەواری و نەزانینە، خەبات دژ بە بیرۆکەی پیاوسالاری و ژێردەستەبوونی ڕەگەزییە، خەبات دژ بە داگیرکاری و هەڵاواردن و بەلاواز پێناسەکردنە، هەر لەم پێناوەشدا، حیزبی دێموکرات توانیویەتی سەنگەرێکی باش بۆ ژنان بە مەبەستی درێژەپێدانی خەباتەکەیان بێت و بەستێنی گونجاویان بۆ بخوڵقێنێ. لە بەرانبەر ئەو دەرفەتەدا کە حیزبی دێموکرات خوڵقاندوویەتی، ژنانیش لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و نیزامییەوە هەوڵیان داوە، خۆیان پێ بگەیەنن و لە مەیدانی کردەوەدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن. لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا، ژنان چ وەکوو پێشمەرگە و بە تێکۆشانی ئاشکرا، چ وەکوو ئەندامی نهێنیی لە نێوخۆ و چ لە تاراوگە، توانیویانە بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە جیاوازەکان، ئەرکی نەتەوەیی خۆیان لەم حیزبەدا بەجێ بگەیەنن.

گرینگترین خاڵ، بەشداریی کارای ژنان لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدایە کە بەخۆشییەوە هاوکات لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەم بەشداریکردنە ڕووی لە زیادبوونە و ژنان لەم حیزبەدا پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە ئەمە دەتوانێ لەسەر داهاتووی حیزبەکە و هاوکات پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنانیش، کاریگەریی هەبێ.

## کوردستان
# چقڵێک لە چاوی ڕێژیمی خومەینیدا


عەلی بداغی

٤٤ ساڵ لەوە پێش، لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی و لە کاتێکدا هێشتا شەش مانگ بە سەر ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئازادیی گەلانی ئێران تێنەپەڕیبوو، خومەینی، ڕێبەری ئایینی و سیاسیی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو لە ئێران فتوای جیهاد دژی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردی دەرکرد. ئەم فتوایە و بەکافرزانینی کورد بەپێی بڕیاری بەرزترین مەرجەعی ئایینیی دەسەڵات بووە هۆی لەشکرکێشیی ئەرتەش و سپای پاسدارانی تازەدامەزراو بۆ سەرکوردستان و داسەپاندنی شەڕێکی خوێناوی بە سەر نەتەوەی کورددا، شەڕێک کە لە مێتۆدی جیاواز و بە ئامانج و پلانی جۆراوجۆر هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. بەو مانایە کە چل و چوار ساڵ پاش فتوای ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی دژی کورد، کوردستان هەروەک ئەوکات چقڵە لە چاوی کۆماری ئیسلامیدا و، چل و چوار ساڵیشە خۆڕاگری و بەرگریی کورد لەهەمبەر دەسەڵاتی ڕەشی دیکتاتۆریی ڕێژیمدا بەردەوامە.

هەڵبەت مێژووی دوژمنکاریی دەسەڵاتی ناوەندگەرا لەگەڵ کورد و پرسە ڕەواکەی لە ئێران و هەروەها پێشینەی خۆڕاگری و مافخوازیی نەتەوەی کورد لەو چوارچێوە جوغرافیا سیاسییەدا بۆ دەیان ساڵ پێش ئەو ڕووداوەش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم ڕێکەوتە و ئەم فتوایەی خومەینی، بوو بە خاڵگۆڕانێک لە مێژووی دژایەتی و دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کورد و داوا ڕەواکانی. بەڵام بۆ؟ مەسەلە ئەوە بوو کوردستان دوای شۆڕشی ١٣٥٧ پاشخانی زیاتر لە ٥ دەیە خەباتی سیستماتیک بۆ ماف و ئازادییەکانی، ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک لە کۆماری کوردستان، و بەردەوامیی خەبات و خۆتەیارکردن بۆ ئیدارەدانی وڵاتی هەبوو. هەر لە ماوەی چەند مانگی دوای سەرکەوتنی شۆڕشیشدا بە دامەزرانی شوڕاکانی گوند و شارەکان بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک، چالاکیی ئازادانە و بێبەربەستی حیزبەکان لە تەنیشت یەکتری، ئازادیی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، ئازادیی گرووپ و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکان و کرانەوەی سیاسیی کەموێنە مزگێنیی قۆناغێکی نوێی لە ئازادژیان و پێکەوەبوونی دێموکراتیک بە بەشەکانی دیکەی ئێران دەدا.

بابەتی بنەڕەتی لەو هاوکێشەیەدا جیاوازیی و بەریەککەوتنی دوو دنیابینی بوو: لە کوردستان خەڵک مافی نەتەوەیی و خودموختاریی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیدا دەویست، مافێک کە دەیان ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد و خوێنی بۆ دابوو. بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ناوەندگەرێتیی و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی دەویست، ئەویش لەژێر دروشمی یەکڕیزیی ئیسلامیدا. وێژمانی سیاسیی کوردستان ڕوون بوو: دێموکراسی، ئازادژیان، هاوپێوەندیی نیشتمانی، سێکۆلاریزم، پلۆرالیزم، دابینبوونی ئازادییە مەدەنی و دێموکراتیکەکان، یەکسانیی ماف، نەمان و نەهێشتنی هیچ چەشنە هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان، لاشەڕی و برەودان بە فەرهەنگ و هونەر. بەڵام ئەو بەها و بایەخانە لە قامووسی خومەینی و ڕێژیمەکەیدا مانایان نەبوو. ئەوان لەبیری ئیسلامی سیاسیی فەندەمینتاڵ و چێکردنی دەسەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی خۆیاندا بوون.

بەمجۆرە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە پاشخانی دواکەوتووانەی ئایینی و دژەمرۆییەکانی و بە مەبەستی لەنێوبردنی بیری پێشکەوتنخوازانە لە کوردستان و، ڕێگری لە تەشەنەسەندنی ئایدیای ئازادژیان و مافخوازی لە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران؛ سەرەتا کەوتە نانەوەی ناکۆکی و ئاژاوە لە نێوان کورد و تورکەکان و پاشان هەڵایساندنی شەڕ و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان. بۆیە پاش خوڵقاندنی جینایەتی نەورۆزی خوێناویی سنە لە بەهاری ١٣٥٨ شەڕەکەی هێنایە نەغەدە و پاشان پاوە و دواتریش بە فیتوای جیهادی خومەینی دژی بزووتنەوەی کورد هەموو کوردستانی پەلکێشی شەڕێک کرد کە دوای چل و چوار ساڵ، جگە لە بەردەوامیی کوشتار و وێرانی و قووڵبوونەوەی قەیرانەکان هیچ دەسکەوتێکی بۆیان نەبووە.

پێش و دوای ئەم شەڕە نیزامییەی کۆماری ئیسلامی لە چل و چوار ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیم بەدرێژایی ئەو مێژووە شەڕێکی نەرم و چەواشەکارانەی بەردەوامیشی لەدژی بزووتنەوەی کورد لە ئێران کردووە. شەڕی بەراوەژووپێشاندانی ڕاستییەکانی بزووتنەوەی کورد بەهۆی سانسۆڕ و مۆنۆپۆلکردنی مێدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکان هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە هەتا ئێستا؛ هەروەها لە چەشنی ناسیۆنالیست و فاشیستە ئێرانییەکان بە بەشینەوەی تۆمەتی جیاییخوازی و بەستراوەبوونی جووڵانەوەی کورد بە وڵاتانی دەرەکی. بەڵام چوار دەیە گێڕانەوە و پێشاندانی ڕیوایەتی ناڕاست لە بزووتنەوەی کورد و وێژمانەکەی سەرەڕای دەیان ساڵ کاری سیستماتیک، دامەزراندنی دەیان ناوەند و خەرجکردنی هەزاران میلیارد تمەن بۆ ئەو پڕۆژانە، بە شۆڕشی ژینا و دەرکەوتنی ڕاستییەکانی پرسی کورد بۆ گەلان و پێکهاتەکانی دیکەی ئێران، لەو بەرەیەشدا جگە لە ڕیسوایی و مایەپووچی هیچی دیکەی بۆ نەمایەوە.

چل و چوار ساڵ دوای فتوای جیهادی خومەینی دژی خەڵکی موسوڵمانی کورد، وەفاداریی ڕێژیم بەو بڕیارەی ئایەتوڵڵاکەیان هەر لەجێی خۆیەتی و، خوێندنەوە و سیاسەتی دەسەڵات لەهەمبەر بزووتنەوەی کورد هەر هەمانە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە. لەو سۆنگەیەشەوە چل و چوار ساڵە کوردستان بە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە سەیر دەکرێ، پەراوێز دەخرێ، دژی بەها و بایەخەکانی دەوەستنەوە، بۆ گۆڕینی ناسنامە و شوناسی نەتەوەییەکەی پیلان دادەڕێژن، سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی بەتاڵان دەبرێن، ڕۆڵە تێکۆشەر و مافخوازەکانی دەگیرێن و لەدار دەدرێن، ڕێبەرانی سیاسیی بزووتنەوەکەی تێرۆر دەکرێن و حیزبە سیاسییەکانی بە مووشەک و درۆن بەئامانج دەگیرێن؛ بەڵام سەرباقی ئەوەش ئەویی سەرکەوتووە هەر بزووتنەوە ڕەواکەی کورد بووە.

ئەگەر لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاویدا کوردستان بە بایکۆتی ڕێفڕاندۆمەکەی کۆماری ئیسلامی دەنگی بەو ڕێژیمە نەدا و لەو سۆنگەیەوە چل و چوار ساڵە باجی هەڵوێستە بوێرانە و دروستەکەی دەدات؛ ئێستاکە لە تەواوەتیی ئێراندا "نا"یەکی گەورە بەو ڕێژیمە دەگوترێ و ڕەت دەکرێتەوە. بۆیە ٢٨ی گەلاوێژ وەک بەڵگەیەک بۆ قەڵاچۆی ئێمەی کورد و وەک بنەمایەک بۆ ڕەوایی و سروشتی ڕزگاریخوازانەی خەبات و مافەکانمان بەشێکە لە گوتار و بەرنامەی سیاسییمان کە قەت لەبیری ناکەین.

# مەرگی عەبدولکەریم شێخانی: خەسارێکی گەورە



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٣\٠٨\١٢ نووسەر و وەرگێڕ و تێکۆشەری گەورەی کورد مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی پاش دەیان ساڵ خزمەت بە زمان و ئەدەب و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد تێکەڵ بە کۆمەڵی نەمران بوو و هەزاران خەون و ئاواتی وەدینەهاتوو بۆ گەل و نیشتمانی دەگەڵ خۆی بردە بن گڵ. بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاو بوونەوە تەرمی مامۆستا شێخانی کە دوارۆژ و ساتەکانی ژیانی لە شاری هەولێر بەڕێ کردبوون لە گۆڕستانی کەسنەزانی ئەو شارە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. ئەگەرچی دەنگدانەوەی مەرگی کەریم شێخانی بە هیچ جۆر بارتەقای ژیان و خزمەتەکانی ئەو پیاوە دڵسۆز و خۆنەویستە نەبوو، بەڵام بەهەر حاڵ لەدەستچوونی بووە مایەی داخ و کەسەری کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبییەکان و بەگشتی دڵسۆزانی نەتەوەی کورد و هاوسۆزیکردن لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکارەکەی.

مامۆستا شێخانی لە دنیای ئەدەبی کوردیدا کەسێک نیە پێویستیی بە ناساندن هەبێ و زۆربەی ئەوانەی لەو کۆستەدا لەسەریان نووسی یان لەسەریان نەنووسی لەمن شارەزاتر لە ڕابردووی و ئاشناتر بە کار و بەرهەمەکانی ئەو سەرمایە لەدەستچووەن. بەو پێیە ئەمن لە بەرهەمەکانی نادوێم و بە قەڵەمە تا سەر بەبڕشتەکەی هەڵنالێم. حەز دەکەم ئەگەر بەکورتییش بووە باسی ئەو کەریم شێخانییە بکەم کە بۆخۆم دەمناسی:

– کاک کەریم شێخانی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیی بە وردەکاری و بە ڕێنووس و ڕێزمانەوە دەزانین. ئەوەندەی بۆخۆم بزانم لەگەڵ ئەوەی تێبینیی وردی لەسەر زمان و لێدوانی تەنانەت نووسەر و ئەدیبانی عەرەبیش زۆر بوو، بەڵام غەمی ئەو بەشەی بۆ غەمخۆرانی ئەو زمانە بەجێ هێشتبوو کە هەرچی لە ئیمکانات پێویستە لەبەردەستیاندا هەبوو. خەمی گەورەی مامۆستا شێخانی خەمی زمانی کوردی بوو کە بە هەموو کەموکوڕییەکی جەرگی دەهاتە ژان و دەگەڵ هەر هەڵەبەکارهێنانێکی دەکەوتە هەژان. ڕاستە وەک هەموو شارەزایانی ئەو بوارە خەفەتی دەخوارد و لەبەرخۆیەوە دەینالاند، بەڵام زۆر جار بەوەندە ڕازی نەدەبوو و هاواری لێ هەڵدەستا. لە زۆر بۆنەدا و هەر جارەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیدا دەنگی هەڵدەبڕی و بێ ئەوەی قامک لەسەر خەتابار دابنێ خەتای دەستنیشان دەکرد و هەڵەی ڕاست دەکردەوە. بەداخەوە کەمیش وابوو گوێی لێ بگیرێ و تێبینییە وردەکانی لەبەرچاو بگیرێن. لەوحاڵەتانەدا پتر خۆی دەخواردەوە و تەنانەت هێندێ جار بێدەنگەی لێدەکرد و بەردی لەسەر دادەنا. کەچی پاش ماوەیەک دیسان بێدەنگیی دەشکاند و هاواری لێ هەڵدەستایەوە.

–خەسڵەتێکی بەرزی مامۆستا بێفیزی و خاکەڕایی بوو و دەگەڵ ئەو هەموو زانایی و شارەزاییەکە هەیبوو خۆی بەسەر کەسەوە ڕانەدەنا و فیزی بە کەس نەدەفرۆشت. دەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆشی و هەموو نەوە (جیل)ەکانی دوای خۆش برادەر بوو، و لە زانیارییەکانیشیدا چەندی بتەوێ بەخشندە بوو.

– مامۆستا وەک هەمووومان ڕۆڵەی کوردستانێکی دابەشکراو و بەو پێیە سەر بە بەشێکی کوردستان بوو. دەزانین کە ڕابردوویەکی بەردرێژی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی باشوور و تەنانەت ئەندامەتی لە حیزبەکانی ئەم بەشەی کوردستانیشدا هەبوو، بەڵام لە ویژدانی کوردانەی خۆیدا هیچ وەخت ئەو دابەشکردنەی قبووڵ نەکرد و دەگەڵ ئازاری هەموو پارچەکانی کوردستان دەژیا. ئەمەشی زۆر جار بە نووسین و تەنانەت بە شێعریش دەردەبڕی. ئەوەی من بزانم مامۆستا لەمەش بەولاوەتر دەڕۆیشت و دڵی دەگەڵ دڵی زۆرلێکراوانی هەموو گەلان یان بڵێین هەموو گەلانی زۆرلێکراو لێی دەدا. نازانم بڵاو بوونەوە یان نا، بەڵام بۆخۆم شێعری عەرەبیم لە هاودەردی لەگەڵ خەڵکی فەلەستیندا لێ بیستوە.

شتێک کە وا بزانم قەت بۆخۆی باسی نەکردوە و کەس لێی نەبیستوە و بە ئەمەگناسییەوە باسی دەکەم ئەوەیە کە مامۆستا کەریم شێخانی بۆخۆم وەک کەسێک کە کەمتاکورتێک سەروکاری لەگەڵ وشەی کوردی هەیە سەرچاوە و پەناگەیەک بوو. هەروەخت بۆ وشەیەک یان دەربڕینێکی کوردی یان عەرەبی دادەمام هاوارم تێ دەبەست و هەرخۆم و خۆشی دەمانزانی بە چ خەمخۆرییەکەوە بەهانام دەگەیشت. ئەگەر ڕێ کەوتایە کاتی پرسیارکردنم وەڵامی پێویستی لەلا نەبێ، کۆڵی نەدەدا و بەدوایدا دەگەڕا هەتا دەگەیشتە جوابێک کە بەدڵی هەردووکمان بێ و ئاگاداری دەکردمەوە.

شتێک کە ناتوانم نەیڵێم ئەوەیە کە ئەم پیاوە ناسراو و پڕبەهرە و خزمەتە بۆ وا بە بێدەنگی مرد و وەک گەوهەرێکی قیمەتی بە نهێنی ژێرخاک کرا. دەگەڵ شانازیم بە هەموو بستەخاکێکی کوردستان بۆچی دووگەز لە خاکی شاری لەدایکبوون و پەروەردەبوونی خۆی پێ ڕەوا نەبینرا تا ببێتە دراوسێی دەیان نووسەر و شاعیری هاوشار و هاودیار و هاوکاری خۆی؟

بەبۆنەی ئەم کۆستە گەورەیەوە پڕبەدڵ سەرخۆشی و هاودەردی پێشکەشی هەموو خزم و کەسوکاری مامۆستا شێخانی، کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبییەکانی کورد و خەڵکی شارە بەهرەدارەکەی کۆیە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم. ڕووحی مامۆستا کەریم شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ و کەسوکار و ئازیزانی خۆش بن. یادی هەمیشە بەڕێز بێ.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

درێژەی لاپەڕەی ٥

# هەڵسەنگاندن بۆ پەیماننامەکان لە ڕوانگەی مافی نێونەتەوەییەوە

یەک لەو مادانە لەبەرچاو نەگیراوە بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ کورددا. خەڵکی کوردستان بە هەموو خوێندنەوە و پێوانەیەک دەبوایە و مافی خۆیەتی خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێ. گەلێک بە مێژوویەکی دێرینی لانیکەم ٢٥٠٠ ساڵە لەو ناوچەیەو وڵاتێک بە پانتایی زیاتر لە پێنج هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشە و حەشیمەتی نیزیک بە ٤٠ میلیۆن کەس. بەڵام ڕێگەی پێ نەدراوە ئیرادەی خۆی بۆ وەدەستهێنانی دەوڵەتی سیاسی مەسۆگەر بکات، بەڵکوو دابەش کراوە لە نێو چوار وڵاتدا، لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەشدا لە مافی خودمووختاری بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتوویەکان پێ نەداوە. بەڵکوو لە زۆر ڕێگاوە کۆسپی بۆ دروست کراوە تا مافی خۆبەڕێوەبەریی ناوچەییشی نەبێت. لە باری ئابووریشەوە گەورەترین زوڵمی لێ کراوە. لەگەڵ ئەوەی کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندەو خاوەن هێزی مرۆیی گەورەیە، بەڵام لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، ناوچەی هەرە دواکەوتوویە بە نسیبەت بەشەکانی دیکەی وڵاتی ئێران و عێراق و سووریە و تورکیە.

لە باری ئابوورییەوە هیچ کات مەجال نەدراوە کوردەکان لە سەرچاوەکانی داهاتی خۆیان واتە سەرچاوەکانی سەر زەوی و ژێرزەوی و ئاوی سوود وەربگرن. هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کوردستان بە پاشکەوتوویی و خەڵکەکەی بە هەژاری ڕابگرن. ئەوە ئەنجامی سیاسەتی غەڵەتی فەرمانڕەوایانی حاکم بەسەر کوردستاندا بووە کە ئەو هەموو شەڕانەی لەسەر خاکی کوردستان لێ کەوتۆتەوە و لە دوایدا بۆ کوتایی بە شەڕەکانیان ئەو پەیماننامانەیان هێناوەتە ئاراوە، کە هەموو بە زیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد شکاوەتەوە. ئەو شەڕ و پەیماننامانە زۆر زەرەری قەرەبوونەکراویان لە کوردستان و کورد داوە.

بۆیە بە هەر پێوانەیەکی عورفی و حقوقی جا چ حقوقی سیاسی بێ، چ حقوقی مەدەنی یان حقوقی کۆمەڵایەتی، ئەو پەیماننامانە کە لە مێژوودا لە نێوان ئیمپراتوورییەکان و دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان هاتوونە ئاراوە، هەموویان ئەنجامی شەڕی ماڵوێرانکەر بوون بۆ خەڵکی کوردستان. کوردیان لە هەموو بارێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تووشی کارەسات و تراژێدیا کردوە. لە هیچ یەک لەو پەیماننامانە ئیرادەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو گەلەیان لەبەرچاو نەگرتوە. بۆیە بە هەر پێودانگێک لێکی بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕێکەوتننامانەی باسمان کردن، لە هیچ کامیان مافی پێکهاتەکان بە تایبەت کوردیان لە هیچ بارێکەوە لەبەرچاو نەگیراوە. هەروەها لە هەموویاندا، ناقایلی و زۆرەملێ (ئیکراه و ئیجبار) هەیە، غوبن هەیە، پێشێلکردنی ماف هەیە، ئیرادەی گەلان لەبەرچاو نەگیراوە. پەیماننامەکان بە لەبەرچاو گرتنی قازانجی بازەرگانی و سوود و بەرژەوەندیی فەرمانڕەواکان و دەوڵەتانی زلهێز کە لە ناوچەدا بوون ئیمزا کراون بۆیە من پێموایە هیچیان یاسایی و حقوقی و مەشروع نین.

هەموو ئەو پەیماننامەی بەستراون و پێوەندییان بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانە، پێچەوانەی ڕوون و ئاشکرای ئەو دوو ماددەیەن، و دژن لەگەڵ ئەو ڕێسا فەرمانپێکەرە. بەر لەو ڕێکەوتننامانەش مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتان جێگەی بایەخ بووە لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. بۆ نموونە "تۆماس وودرو ویلسۆن"، سەرۆککۆماری ئەوکاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٨ی ژانویەی ١٩١٨، ئوسوولی چواردەخاڵیی مەشهوور دەردەکات.

– لە ماددەی یەکەمدا دەڵێ: دیپلۆماسیی وتووێژ لە نێوان دەوڵەتان دەبێ کراوە بێ. پێشگیریی لە هەر ڕێککەوتنێکی نهێنی کردووە و بەپێی ئەو ماددەیە هیچ ڕێککەوتنێک نابێ نهێنی و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە زۆربەی ئەو ڕێککەوتننانە بەنهێنی و بەدزی و بەبێ بەشداریی خەڵکی ناوچەکە کراوە بەجێی ئەوەی کە ڕێککەوتنێکی ئاشکراو و یاسایی بێ.

لە ماددەی ١٢دا دەڵێ: سەربەخۆیی نێوخۆی نیشتمانی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی (کورد، ئەرمەن و ئاشوور ) بێتە دی، لەو ماددەیەدا تەنیا مافی ئەرمەنیان بە ڕەسمی ناسراوە و بوون بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بەڵام بۆ کورد و ئاشووری نەک هەر هیچ نەکراوە، بەڵکوو تووشی زۆر زیانی قەرەبوونەکراویش بوون. بۆیە مادام مادەیەک لە مادەکانی چواردەخاڵیی "ویلسۆن" جێبەجێ ناکرێ؛ ئەوە پێچەوانەی یاسای قبووڵکراوی نێودەوڵەتییە کە گرینگیی تایبەتیی خۆی هەبووە، بۆیە بە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئەو مادەیەشدا ئەو پەیماننامانە بە تایبەت پەیماننامەی لۆزان یاسایی نیە.

هەروەها مەنشووری ئاتلانتیک کە لە ئووتی ١٩٤١ لە نێوان وینستۆن چرچیل سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و ڕۆزوێلت سەرکۆماری ئەمریکا کە لەسەری ڕێککەوتوون و لە دواییدا لە سەرەتای ژانوییەی ١٩٤٢ بە ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتوویەکان کامل بووە و نیشان دەدا کە پێداگری دەکاتەوە لەسەر ئوسوولی چواردەخاڵی ویلسۆن و باسی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان دەکات. لە بەندی ٢ دا دەڵێ: ئەوان خوازیاری ئەوەن گۆڕان لە سنوورەکان بە خواستی ئازادانەی خەڵکی بێت کە داوای دەکەن. هەروەها لە بەندی ٣ دا دەڵێ: ئەوان بە خواستی خەڵکی وڵاتانی جۆراوجۆر بۆ دیاریکردنی جۆری حکومەتەکانیان ڕێز دادەنێن و خوازیاری ئەوەن کە دەسەڵات و سەربەخۆیی بۆ ئەو گەلانە بگەڕێتەوە کە بە زۆر مافیان زەوت کراوە.

***

### ئاکامگیری

ئەزموون و مێژووی خەباتی کورد لە چەند سەدەی ڕابردوودا پێمان دەڵێ کە پەیماننامەکان ئەنجام و ئاکامەکانیان دوای چەندین ساڵ گرینگی بە ئیرادەی گەلان نەداوە و ئاشتی و ئارامیان بە هیچ شێوەیەک وەک پێویست دابین نەکردوە، تەنانەت لە ئەنجامی ئەو سیاسەت و پەیماننامانە کە بەستراون زیانی قەرەبوونەکراوی سیاسی، نەتەوەیی، ئابووری و فەرهەنگی بە گەلان بە تایبەتی گەلی کورد کەوتووە. هەروەها ئەو پەیماننامانە ڕەوا و مەشروع و یاسایی نین و خوێندنەوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێش ئەوە دەسەلمێنێ.

# کوردبوون؛ ئاوێنەی ڕەنجی کوردایەتی


شەریف فەلاح

پرسی مێژوو بۆ نەتەوەی کوردی بێدەوڵەت و کیان و سەروەری، یەکێک لە گرنگترین پرسە هەنووکەییەکانی هاوچەرخە، لێ مخابن بەشی هەرە زۆری مێژووی سیاسیی قۆناغ و برگە مێژوویەکانمان لێ زەوت کراوە، یان شێوێندراوە و، یان بزرە. چونکە ئەم مێژووە پڕ لە ڕەنج و ئازارە یان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان (فارس، تورک و عەرەب)ەوە نووسراوە کە وێڕای چەواشەکاری و شێواندن لە بەرژەوەندیی خۆیان نووسیویانە، یان لەلایەن ئورووپاییە ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە بۆ قازانج و بەرژەوەندیی تایبەت و هەندێ جاریش لەڕووی بەزەییەوە گۆشەنیگایەکیان لە ئێمە کردووەتەوە. بۆیە پشتبەشتن بەم دوو شێوازە لە نووسینەوەی مێژوومان، ڕێگەهەتڵەکردنە. جیاواز لەم دوو شێوازە خودی مێژوونووسانی کوردیش هەن کە لەم بوارەدا هەوڵی سەرەتاییان داوە، لێ مخابن ئەمەش تژییە لە لاوازی و سەرچاوەیان هەمان نووسەرانی سەر بە دەوڵەتانی داگیرکەر و ڕۆژهەڵاتناسانە.

سەرەڕای ئەو دۆخە لەباری مێتودی نووسین، شرۆڤە و شیکاریی ڕووداوەکانی کورد و کوردستان لاوازییەکی زۆریان پێوە دیارە. لەلایەکی دیکەش، هەندێکیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گوتاری زاڵی داگیرکەران و خۆیان لە ڕاستییەکان بواردووە و سانسۆریان کردووە. یان هەندێکیشیان لەژێر کاریگەری و هەژموونیی ئایدۆلۆژیای حیزب و لایەنێکی تایبەتدا خامەیان کۆڵەوارە، دەستەمۆ کراوە و لەپێناو بەرژەوەندیی لایەنێکدا ڕاستییەکانیان شێواندووە و خۆڵیان کردووەتە چاوی نەتەوەکەیان. لەم نێوەدا ئەوەی جێگەی ئومێدە بۆ کورد، گێڕانەوە و مێژووی زارەکییە، چونکە نە داگیرکەران و نە ڕۆژهەڵاتناسان دەستیان پێ ڕانەگەیشتووە و بە دەستلێنەدراوی ماوەتەوە، لێناو مێژووی زارەکیشدا هەڵە و کەموکوڕی زۆرە و دەبێ بژاری بکەیت، هەتا دەقێکی ڕەسەن و خۆماڵیت دەست بکەوێ.

یەک لەو قۆناغ و برگە سیاسی و مێژووییە گرنگانەی کورد کە زۆری لەبارەوە نووسراوە و بە دیکۆمێنت کراوە، قۆناغی دروستبوونی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستانە، کە هەم داگیرکەرانی کوردستان تۆماریان کردووە و هەم ڕۆژهەڵاتناسان و پاشان هەم نووسەر و مێژوونووسانی کوردیش ئاوڕیان لێ داوەتەوە. کە وەک باسمان کرد، داگیرکەران و ڕۆژهەڵاتناسان بە چ ئاراستە و ئامانجێکدا نووسیویانە و مێژوونووسانی کوردیش لەمبارەوە تووشی هەڵەی سەرچاوە و شێوازی نووسین بوون و لە ئەنجامدا وێنایەکی پڕ لە پارادۆکسیان دەرخواردی کۆمەڵگەی کوردستان داوە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا شۆڕشگێڕ و خەباتکارانی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان زۆربەیان دەستیان دایە پێنووس و بیرەوەری و سەربردەی خۆیان وەک کارەکتەری شۆڕش نووسیوەتەوە، کە هەندێکیان ناوی مێژوویان لەسەر داناوە. جیاواز لە لایەنی ئەرێنی و بەئەرشیڤکردنی قۆناغ و برگەکانی شۆڕش، شێوازی نووسین و گێڕانەوەیان لاوازە و تژییە لە پارادۆکس و بەرژەوەندیخوازانەیە. زۆر جار بوغز و ڕق و قین لە کەس، لایەن و ڕەوتێک وای کردووە، ڕاستیی ڕووداوەکان بشێوێنن و لە ئەنجامدا بۆ خۆقوتارکردن لە بەرپرسیارێتی، خۆڵیان لە چاوی جەماوەر کردووە و خۆیان بە قارەمان و پاڵەوانی ڕووداوەکان داناوە و لایەنی بەرانبەریش بە دۆڕاو، خایین و خەتابار لەقەڵەم دراوە. لەم سەربردە و گێڕانەوانەدا کە زۆرێکیان ناچنە خانەی نووسینی مێژووەوە و بەگشتی ڕوانینێکی ڕەش و سپی، دروست و نادروست، قارەمان و دۆڕاو، فریشتە و شەیتان بەسەریاندا زاڵە. بۆیە لەبەر ترس، بەرژەوەندیی کەسی و گرووپ و حیزب، خۆیان لە ڕاستییەکان بواردووە و لە ئەنجامدا شێواوی مێژوویی خوڵقاوە.

### "کوردبوون"

بۆیە پێش باسکردن لە نێوەرۆکی کتێبی "کوردبوون" (بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەلوودی) لە ساغکردنەوە و بە بەڵگەمەندکردنی وریا ماملێ، ئەو پێشەکییەم لە سەرەوە نووسی، هەتا بڵێم بەڕای من "کوردبوون" کتێب و سەرچاوەیەکی گرنگ و دەگمەنە و لەڕووی شێوازی نووسین، نێوەرۆک، ڕاستی و دروستیی ڕووداوەکان بە چاک و خراپەوە، لە هەموو کتێبەکانی دیکە کە لەمبارەوە نووسراون، جیاوازە. لەڕاستیدا "کوردبوون" ئاوێنەی تەواو باڵانوێنی ڕەنج و ئازاری کوردبوون و کوردایەتییە.

بۆچی کوردبوونم پێ دەگمەن و جیاوازە؟ چونکە هەڵێنجراوی فکر و ئەندێشەی قارەمان و شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە و نیشتمانپەروەرێکی خۆنەویستی هەتا سەر ئێسقان دڵسۆز و خاکەڕای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. چونکە خۆی پەروەردە و خاراوی ڕەنج و کوێرەوەریی کۆمەڵگەی نەریتییە. نووسینی کەسێکە لە نازی دایک بێبەری، ژێرچەپۆکەی زڕدایک و باوکی بێ ڕوحم و هەڵقرچاوی دەردی برسێتییە. چرکە بە چرکە، سات بە سات، مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ دەرد و مەینەتی بە گیان چەشتووە. بە دەیانجار هەتا سەرە مەرگ ڕۆیشتووە. هەر لە ساواییەوە پیلانی کوشتن و لەنێوبردنی داڕێژراوە، ئیتر چۆن نەمردووە و چۆن ماوە و چۆن ژیاوە؟ ئەوە با خوێنەر هەوڵی دەستخستنی کتێبەکە بدات، هەتا لە چیرۆک و سەربردەی حەمەدی مەولوودی بگات و ڕاستیی ڕووداوەکانی موکریان، هێرش و کوشتاری ڕووس و عەجەم، ئازادکردنەوەی مەهاباد لەلایەن سمکۆی شکاک، سووکایەتیی ژاندارمە و ئاژانی حکوومەتی پالەویی زاڵم بە نەتەوەی کورد و فەرهەنگ و دابونەریتمان تێ بگات.

پێم وایە حەمەدی مەولوودی، هەروەک خۆی لە چەندین شوێنی نووسینەکەیدا دەڵێ "بەو کەچە سەوادەمەوە" ڕاستگۆترین، سادقترین و دڵسۆزترین شۆڕشگێڕی سەردەمی ژیانی خۆی بووە لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و سەردەمی دامەزرانی کۆمار و ڕووداوەکانی دوای کۆماریش. چونکە زۆر بوێرانە و بە وردی ئاماژەی بە خاڵی لاواز، ئەرێنی و نەرێنی و کەموڕییەکانی ناو ڕێکخراو، حیزب و کۆمار و تاکەکەس و تەنانەت خۆشی کردووە و بە چاک و خراپەوە ئەوەی دیویە و چەشتوویە بە زمانێکی سادە و ساکار و بێ گرێوگۆڵ نووسیویەتەوە. بۆیە "کوردبوون" ئاوێنەی ڕاستییەکانی سەردەمی کۆمارە، چونکە کاپیتان حەمەدی مەولوودی تەنیا سەروەریی کورد و کوردستانی لا مەبەست بووە و لە ژیانی شۆڕشگێڕانەیدا نەیویستووە لەپێناوی بەرژەوەندیدا لەژێر دەمامکی کوردایەتیدا سەروەت و سامان پێکەوە بنێت و ماڵ و منداڵ و ئازیزان و سامانی فیدای شۆڕش و بیروباوەڕی کردووە. خوو و خدەکانی وەک: بوێری و سەربەخۆیی، نەترس و قسەلەڕوو، ڕاستگۆ و دەستپاکی و دڕ لە هەمبەر دوژمنی داگیرکەری ئێرانی و ئاغاوات و دەوڵەمەندی مەسڵەحەتچی، وایان کردووە ببێتە خۆشەویستی نێو توێژی هەژار و لێقەوماوان و ئاغا و بەگ و ساماندارەکانیش چونکە لێیان ڕاساوە و لەقاوی داوە، دژی بوون. بۆیە قارەمانێکی ئاوا دەگمەن بێگومان لە ڕاستی زیاتر ئەگەر لەدژی خۆشی بووبێت، نەینووسیوە. بۆ ئەوەی لە دۆخی ژیانی منداڵانی هەژار و زگبرسی و بێلانە، لە ژان و برک و ئازار و دەربەدەریی مێرمنداڵێکی بێ دایک و نازلێشێواو تێ بگەن، دەبێ کوردبوون بخوێننەوە. بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی نەریتیی داماو بە دەست خۆرافات و دەست و پێ بەستراوی ئایین تێ بگەن، ئەوا سەربردەی کاپیتان حەمەدی مەولوودی بخوێننەوە. بۆ ئەوەی لە ناخی مرۆڤێکی ڕاستگۆ و بێ پێچ و پەنا تێ بگەن کە لەتاو برسێتی و بێ خانە و لانەییدا دەستی داوەتە دزی، ئەوا دەبێ "کوردبوون" بخوێننەوە. بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤێکی خاراوی ڕەنج و ئازار تێ بگەن، بۆ ئەوەی بزانن مێرمنداڵێک هیچ کاتێ ملکەجی زوڵم و ستەم و نادادپەروەری نەبووە و لەپێناو پاراستنی کەرامەت و غرووی میللیدا بەگژ ژاندارم و ئەمنییە و ئاژاندا چووە، دەبێ کوردبوون بخوێننەوە. ئەگەر دەتانەوێ لە ڕاستیی یەکێک لە سەرەکیترین بەربەستەکانی بەردەم شۆڕش و خەباتی کورد تێ بگەن، کە هەمان عیشیرەگەری، ئاغاوات، شێخ، ساماندارى ڕەزیلن، دەبێ سەربردەکانی حەمەدی مەولوودی بخوێننەوە. بزانن کە ئەو عەشیرە و هۆز و تایفە بەرژەوەندیخوازانە کە ملکەجی فارسی داگیرکەر بوون، چۆن بە فێڵ و دەهۆ و تەڵەکە و تەنیا بۆ پاراستنی ملک و سامان و پارە خزیونەتە ناو کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستانەوە و هاوکات لەژێریشەوە پێوەندییان لەگەڵ داگیرکەران هەبووە و لە کاتی تەنگانەدا وەک ماری پەپکەبەستوو چۆن چزوویان لە پێشەوا و کۆمار گرت و پاڵیان بە داگیرکەروە دا، بۆیە حەمەدی مەولوودی وەک قارەمانێکی بوێر و ڕاستگۆ لێیان ڕاساوە و بۆ چرکەیەکیش باوەڕی بە هیچکامیان نەبووە، بۆیە "کوردبوون" ئاوێنەی کوردایەتی و کۆمەڵگەی نەریتیی ژێر چەپۆکەی عەشیرە و ئاغایە.

لە دووتوێی "کوردبوون"دا بە زمانی سادە و ساکار، بەڵام لە هەمانکاتدا قووڵ تیشک خراوەتە سەر هەڵە و کەموکوڕییە سیاسییەکانی ژێکاف، حیزبی دێموکرات و کۆمار و تەنانەت پێشەوا قازی محەممەد و هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە داگیرکەران و تەنانەت یەکیەتیی سۆڤیەتیش. ئەگەر دەتانەوێ لە دەلاقە و گۆشەنیگایەکی دیکەی جیاوازەوە لەکۆی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان تێ بگەن، ئەگەر دەتانەوێ لە پیلان و مەکری خاییناني نێوخۆیی (عەشیرە و ئاغاواتی بەرژەوەندیخواز) و هاوکات نییەتی داگیرکەرانی کوردستان، تێ بگەن، ئەگەر دەتانەوێ شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی ئەو سەردەم بناسن کە لەپێناو پاراستنی کۆمار و سەروەریی خاکی نیشتماندا چییان کردووە، ئەگەر دەتانەوێ لە بەشێک لە ڕووداوەکانی بەرەی سایین قەڵا، میاندواو، بەرەی سەرا و سەقز و بانە و سەردەشت و شەڕی "مەکڵاوێ"، ئەگەر دەتانەوێ لە ڕۆڵی بارزانییەکان و شۆڕشگێڕان و ئەفەسرانی نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستان تێ بگەن، ئەوا دەبێ "کوردبوون" بخوێننەوە. ئەگەر دەتانەوێ لە ژان و برینی بەسۆی غەریبی و ئاوارەیی لە وەتەن و خاک تێ بگەن و بزانن مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و ئاشقی نیشتمان چۆن بەو ژان و ئازارانەوە لە باشوور و ئازەربایجان تلاوەتەوە، تێ بگەن، ئەوا "کوردبوون" باشترین سەرچاوەیە لەم بوارەدا.

بۆیە دەڵێم "کوردبوون" ئاوێنەی ڕەنجی کوردایەتی و قووڵایی تراژیکی شۆڕشی کوردە بۆ سەربەخۆیی، چونکە سەرچاوە و خەزێنەیەکی گرنگ و دەگمەنە و دەکرێ توێژەرانی بواری مێژووی سیاسی، کۆمەڵناسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت دەروونناسیش بیکەنە هەوێنی توێژینەوەکانیان و لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە شرۆڤە و تاوتوێی بکەن.




**ئەگەر دەتانەوێ لە دەلاقە و گۆشەنیگایەکی دیکەی جیاوازەوە لەکۆی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان تێ بگەن، ئەگەر دەتانەوێ لە پیلان و مەکری خاییناني نێوخۆیی (عەشیرە و ئاغاواتی بەرژەوەندیخواز) و هاوکات نییەتی داگیرکەرانی کوردستان، تێ بگەن، ئەگەر دەتانەوێ شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی ئەو سەردەم بناسن کە لەپێناو پاراستنی کۆمار و سەروەریی خاکی نیشتماندا چییان کردووە، ئەگەر دەتانەوێ لە بەشێک لە ڕووداوەکانی بەرەی سایین قەڵا، میاندواو، بەرەی سەرا و سەقز و بانە و سەردەشت و شەڕی "مەکڵاوێ"، ئەگەر دەتانەوێ لە ڕۆڵی بارزانییەکان و شۆڕشگێڕان و ئەفەسرانی نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستان تێ بگەن، ئەوا دەبێ "کوردبوون" بخوێننەوە. ئەگەر دەتانەوێ لە ژان و برینی بەسۆی غەریبی و ئاوارەیی لە وەتەن و خاک تێ بگەن و بزانن مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و ئاشقی نیشتمان چۆن بەو ژان و ئازارانەوە لە باشوور و ئازەربایجان تلاوەتەوە، تێ بگەن، ئەوا "کوردبوون" باشترین سەرچاوەیە لەم بوارەدا.**

---

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیی ڕێگری و جەردەیی

پیاو ئەو پیاوەیە نەهێڵێت سکی کەسوکار و قەوەت و پشتی برسی بێت. کورد ئێژێت برسیەتی ڕەگێکی هاریی پێوەیە. مرۆڤ برسی بێت، لەبرسان هار دەبێت و هاریش بێت، قەپ بە خەڵکی دەوروبەری دادەکات و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی هاری. پیر و کاڵانی ئێمە لە کۆنەوە گوتوویانە "سەگی هار چل شەوی عەمرە"، یانی ئەگەر مانگەکە زیادی وکەمیی نەبێت و سی ڕۆژی پڕ بێت، دەگەڵ دە ڕۆژی دیکە دەبێتە هەموو مەودای ژیانی دوایی هاربوون.

وەی لەم نەهامەتیە، تۆ سوور سوور بزانی لایەنی زۆرەکەی ماوەی تەمەنت ٤٠ ڕۆژی دیکەیە. عەقڵ و تێگەیشتن و هاوسەنگی لە بیرکردندەوتدا تووشی کارەسات دەبێت.

مرۆڤ ئەگەر برسی بێت، تەنانەت ڕێگرییش دەکات. دیارە خوا هەموو دەرگایەک بەسەر مرۆڤدا داناخات و لە کۆنەوە گوتوویانە دەرگایەک دادەخات و سەتی دیکە دەکاتەوە. ڕێگریکردنیش خۆی دەرگایەکە بۆ تێرکردنی سکی برسی خوا بەسەر هەندێک کەساندا دەیکاتەوە. ئێستا لە خوا بەزیاد بێت، ڕێگریکردن وەک جاران نەماوە و بە هۆی پەیدابوونی ئامێری پێشکەوتوو و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی، ئەویش زۆر لە جاران پێشکەوتووترە. تەنانات مرۆڤ دەتوانێت لەم سەرەی جیهان پاڵ بداتەوە و هەر لەسەر تەنیشتێ ڕاکشێت و لە قارە و کیشورێکی دیکەی ئەوسەری جیهان ڕێگری و جەردەیی بکات. ئەی ئەوە نییە ڕێگرانی چازان و شارەزا لە ڕووسیە و چین و ئێرانەوە لە ژوور یان نووسینگەی خۆیانەوە بە کەلێن و کەلەبەر و داڵانی تۆڕی ئینترنێتدا دەچنە ئامریکا و ئیسرائیل و لەوێ ڕێگری دەکەن؟

جاری جاران بۆ ڕێگریکردن دەبوایە بڕنەو و کەڵاشینکۆفت پێبوایە و ڕەخت و فیشەکدانت لە خۆت دابایە و لە شوێنی تەنگەبەر و دوور لە ئاوەدانیان پێشت بە ڕێبواران و کاروانی بازرگانان گرتبایە.

دەگێڕنەوە جاری جاران ئەم تارانە ئەوەندە گەورە و ئاوەدان نەبوو. ئەم شاری "ڕەی"یەی ئێستا کەوتووەتەوە سەر تاران، ئەوکات ناو و ناوبانگی خۆی هەبوو. دیارە لەو کاتەدا ئیسفەهانیش پایەتەخت بووە. دەڵێن ئەو ڕێبوار و بازرگانانەی لە شاری "ڕەی" و "قەزبێن" و "تەورێز"ـەوە بەرەو ئیسفەهان و شیراز و یەزد و خووزستان دەچوون، زۆربەیان بە کاروانی وشتر و عارەبانە و یەکسمان لە نزیک شارانی قوم و ساوە زۆر زوو لە سەرەتای ڕێگەدا دەکەوتنە بەر پەلاماری ڕێگران؛ ڕووت دەکران و ماڵیان بە تاڵان دەچوو. دەگێڕنەوە بەتاڵانبردن لەوساوە لەم شاری قومەی ئێستادا چڕ بووەتەوە.

ئێستاش لەکاتێکدا کاروانەڕێ بە گڵۆپی کارەبا ڕووناک بوونەتەوە و خەڵک لەجیات هەڵگرتنی پارە بە پشتی ئەسپ و ئێستر و وشتر و گوێدرێژان بە کرتەیەکی ئەلیکترۆنی سەروەت و سامانیان بۆ ئەملا و ئەولای دنیا دەگوازنەوە.

جا لەم وڵاتەی خۆمان ڕێگرانی کۆنی دەوروبەری شاری قومیش تێگەیشتنیان قەڵەو بووە و باڵای کردووە. لەلایەکی دیکەوە خەڵکەکەش برسی و چاوکراوەترن و بە کاری ئەوە نایەن ڕاستەوخۆ ڕێگەیان پێبگری.

کاری ڕێگری کارێک نییە مرۆڤ بە ڕۆژێک و دووان فێری بێت و پێویستە وەک کاری "بگێڕی"، "ئاسنگری"، "زیڕنگری"، "ناڵبەندی" و "جۆلایی" و... لە باپیرانەوە بۆت جێ مابێ و ئێستا بتوانی درێژەی پێ بدەی و پێشی بخەی. ئەی ئەوە نییە "بگێڕ"ان بۆ کوتانەوەی لباد و فەرەنجی فشار بۆ ئەژنۆیان ناهێنن و بە ئامێری کارەبایی لباد و فەرەنجی هەتا ئاستی تێکبەزین و تەوابوون دەگێڕن و دەیکوتنەباڵ یەک؟ ئاسنگەر و زیڕنگەر و جۆلاش هەر ئەم کارە دەکەن، بەڵام پێشەی ناڵبەندی لە بناری کێوان وەک خۆی ماوەتەوە وەستای ناڵبەند هەر "چەکوچ" و "ناڵ" و "بزمار" و "سمتراشی" جارانی پێیە. ئێستاش ئەوانەی وەک ئێمەمانان ئەزموونی ڕێگری کردنیان نییە و هەروا خەریکی ناڵبەندین، ئەم گۆرانیە دەڵێینەوە:

**هەی ناڵبەندە لە منت کەوێ**
**ئەسپان ناڵ کە توند و قەوێ**
**دەچمە شەڕێ ناڵ نەکەوێ**

پێشەی ڕێگری وەک ئەم پیشانەش نەماوە زۆر پێشکەوتووە. ئێستا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە شوێنی وەک تاران و تەورێز و شیراز و ئیسفەهانەوە تەنانەت لە شاری قومیش برسیان دەبێت، بەرە وەهەندران دەڕۆن و شوکر بۆ خوا بەشێکی بەرچاویان دەگەنە دەوڵەمەندترین وڵاتانی دونیا و لەبەر ئۆقیانووسانەوە تەنانەت پێ دەنێنە ئەمریکاش. ئەمانە دوای چەند ساڵێک دەبن بە هاووڵاتیی ئەوێ. لەوێ کار و داهات و ئازادی بەپێی فیلانە. لەوکاتەدا ئەمریکا ڕەگەزنامەی هاووڵاتیبوونیان پێ دەدات و بە ڕەگەزنامەی ئێرانییەوە دەبن بە ئەمریکاییش. ئەمانە دوای چەن ساڵێک بە مەبەستی سەردانی کۆنەوار و چاوپێکەوتنی خزم و دۆستان و هێندێکیشیان بۆ خۆڕانان دێنەوە ئێران. ڕێگرانیش لەجیات ئەوەی وک جاران سەر کەلی کێو و نێو خڕودۆڵان لە نێچیران بگرن، نێچیر لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی تاران دەیتە بەردەستیان هەر لەوێ پاسپۆرتی لێ دەستێنن و دەیخەنە بەند و دوای ماوەیەک لە بەرانبەر وەرگرتنی بڕەپاریەکی بەرچاو لێدەگەڕێن بچێتەوە وڵاتی دووهەمی.

# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:853 22 August 2023

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

# کاروانی ڕچەشکێنان



حەمەڕەسووڵ کەریمی

لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٧ و لە بەرەبەری شەستوچوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگە خۆنەویستەکانی حیزبی دێموکرات بە فەرماندەیی هەمزە سارتکەیی، پارتیزانی بەئەزموونی نێو شۆڕش قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و لە گەرمێنەوە بەرەو قوڵایی خاکی ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوتن. ئەو پۆلە لە پێشمەرگەکان چەخماخەی شۆڕشێکی نوێیان لەم قۆناخە ناسکەدا لێ دا و بە حزووری پێشمەرگانەیان شەوەزەنگی بێدادیی ڕێژیمی ئێرانیان دڕ دا.

بڕیار ئەوە بوو کاک هەمزەی فەرماندە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەیبەتی پێشمەرگانە و گەورەیی ناوی حیزبی دێموکرات لەنێو جەرگەی خەڵکی تامەزرۆی ئازادیدا بە گوێی نەوەی نوێ بگەیەنێ، سەردانی گوند و هەوار و کوێستانەکانی ناوچە بکەن و بە حزووری پێشمەرگانەی خۆیان ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبەکەیان لەگەڵ گەلەکەیاندا جێژن بگرن.

حزووری ئەو پۆلە پێشمەرگەیە وەک هەورە بریسکە نەک هەر لە ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت بەڵکوو لە هەموو کوردستان و ئێراندا دەنگی دایەوە. حزووری ئەو پۆلە لە پێشمەرگەکان دوای ساڵانێک دابڕان و نەچوونەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات، بووە هۆی خۆشحاڵیی ئەویندارانی ڕێگەی ئازادی و تامەزرۆیانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و، لە هەمان کاتیشدا بوو بە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی جاش و بەکرێگیراوانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم. ئەگەر لەلایەک ئەو پۆلە پێشمەرگەیە ئامێزی خەڵکیان بەگەرمی بۆ کرا بۆوە، لەلایەکی دیکەوە خایینان بە گەل و نیشتمانیش هەوڵیان دەدا ئەو پۆلە ئەستێرەیە لە ئاسمانی ساماڵی شۆڕش کوردستاندا بکوژێننەوە.

ڕچەشکێنی و جەولەی سیاسیی تەشکیلاتی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کاتێکدا بوو کە ڕێژیمی ئێران بۆ سەقامگیریی خۆی بە میلیاردها دۆلاری خەرجی دروستکردنی ڕایەڵەی جاسووسی و هەروەها کڕینی چەکوچۆڵی سەردەمیانە کردبوو بۆ ئەوەی گەلی کوردی پێ سەرکوت بکا و خۆی گوتەنی تەپڵی نەمانی هێزی پێشمەرگە لێ بدا. پارتیزانەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی گوند و باژێر و هەوار و شوێنە گشتییەکانیان دەکرد و بە بوونی خۆیان زیاتر ڕەواییان بە شۆڕشی گەلەکەمان دەبەخشی. پێشمەرگەکان لە دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ خەڵکی ناوچە و گوندەکاندا هەستیان بە ئارامی و سەربەرزی دەکرد و لە هەموو لایەکەوە کوڕ و کچانی کوردستان و دانیشتووانی گوندەکان بە سروودی «هاتنەوە، هاتنەوە، پێشمەرگانی دێموکرات» و بە سروودی «وا هاتن پێشمەرگەی مە» پێشوازیی گەرمیان لە ڕۆڵەکانی خۆیان دەکرد. ئەو پۆلە هەڵۆیەی کوردستانیش بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە دیدارەکانیاندا بە وتار و لێدوانی شۆڕشگێرانەیان لە قوتابخانە و مزگەوت و مووچە و مەزراکاندا دەبوونە میوانی خەڵک و مزگێنی قۆناخێکی نوێی خەباتیان بە خەڵک دەدا.

ڕچەشکێنی و مەیدانداریی هەڵۆ تیژباڵەکانی دێموکرات ترس و لەرزی وەدڵی ڕەشی دوژمنان خستبوو، هەر بۆیە لە هەموو لایەکەوە خایین و جاشەکانی ڕاسپاردبوو زانیاری لەسەر ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی دێموکرات کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی پێش بە حزووری پێشمەرگانەیان بگرن. لەلایەکی دیکەشەوە وریایی و هەست بە بەرپرسایەتی زۆری تێکۆشەرانی دێموکرات وای کردبوو جووڵەی پێشمەرگانەی خۆیان بە شێوەی پارتیزانی ڕێک بخەن و نەهێڵن دوژمن بە ئامانجی گڵاوی خۆی بگا. پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە سێ حەوتوو مانەوەیاندا سەلماندیان کە دەتوانن لە هەموو قۆناخە سەخت و دژوارەکانیشدا هەنگاوەکانیان بۆ ئازادیی کوردستان پتەوتر بکەن، چوونکە لە ماوەی مانەوەیان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەیان سەلماندبوو یاری تا سەری ڕێگەی ئازادی و ڕێبازی دێموکراتن.

سەردانی هەمزە سارتکەیی و هەڤاڵانی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، لە گڵکۆی شەهیدەکان، لە بنەماڵەی بەشێک لە کادر و پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی و لە دۆڵی دێموکرات و هەروەها لە مووچە و مەزرا و دارستان و هەوار و گوندەکان و بە تایبەت چوونەسەر جادەی ئەسڵیی نێوان شارەکانی سەردەشت، ڕەبەت، بانە، مەهاباد و پیرانشار هەموویان شایەتی بۆ بوێری و چاونەترسیی فەرماندە خۆشەویست و باڵابەرزەکەی دێموکراتیان دەدا. پێشوازیی گەرمی خەڵکی ناوچەکەش لە فەرماندە و هێزی پێشمەرگەیان هەڵگری پەیامی تایبەت بە خۆی بوو. یەکەم پێشمەرگەکانیان بە ڕۆڵە و کوڕ و کەسی خۆیان دەزانی. دووهەم شانازییان بە بوونی دێموکراتەوە دەکرد و سێهەم خۆیان بە پشتیوانی سەرەکی ئەم جووڵانەوەیە دەزانی و وەک دەڵێن خۆیان کردبوو بە دەریایەک پێشمەرگەکان مەلەی تێدا بکەن و هەموو ئەو خاڵانەش ببوونەوە هۆی مانەوەی زیاتری کادر و پێشمەرگەکان لەنێو قوڵایی خاکی کوردستاندا. لە ماوەی مانەوەیاندا دوژمن نەیدەوێرا قەرە لە قەرەی پێشمەرگەکان بدا، هەر بۆیە لە بیر و فیکری و داڕشتنی پیلانێکی ڕەشدا بوو. ئیتلاعات و هێزی سوپا بە بڵاوکردنەوەی سیخوڕ و جاش توانیبوویان بەنەهێنی تا ڕادەیەک چاوەدێریی ئەو پۆلە هەڵۆیەی دێموکرات بکەن بۆ ئەوە لە شوێنێکی کەم مەترسی بۆخۆیان لە داویان بخەن. بۆیە لە کاتێکدا تیمی پێشمەرگەکان لە ناوچەی ڕەبەت ڕا بەرەو ناوچەی سەردەشت کەتبوونە ڕێ، ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژ لە گردێنە خستیاننە بۆسەیەکی سامناکەوە. لەو تێکهەڵچوونەدا بەداخەوە کاک هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون و چوونە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

جەولەی سیاسی و تەشکیلاتیی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بە فەرماندەیی شەهید هەمزە سارتکەیی یەکەم چەخماخەی قۆناغی نوێی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دوای پتر لە یەک دەیە دوورکەوتنەوەی خەڵک و پێشمەرگە لە یەکتری و هەستانەوەیەک بوو بۆ شۆڕش و حیزبی دێموکرات. پێشوازی گەرمی خەڵکی کوردستان بوو بە هۆی ئەوەی دواتر پۆل پۆل کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات ڕێگەی چوونەوە و جەولە بۆ کوردستان بگرنەبەر و هەر لە سنە و کرماشانەوە بگرە تا سەقزی خوێناوی و شنۆی شەهیدان و سەردەشت و ڕەبەت و پیرانشار و مەهاباد هەموویان ببنە شوێنی جەولە و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی دێموکرات. بەدوای ئەوەشدا شەهیدبوونی پۆلێکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات نیشانەی هەستانەوەی دێموکرات و بەگژداچوونەوەی ڕێژیمی ئێران بوو. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی دوژمن زیاتر سنوورەکان بە مین و تەقەمەنی بۆمبڕێژ بکا و بە بیری چەوتی خۆی بە دانانی تێلبەند پێش بە حزووری پێشمەرگانە بگرێ، بێخەبەر لەوەی کوردستان هەمووی لانەی پێشمەرگانە و ئەمڕۆ هەموو گەنج و لاوانی کورد بوونە پێشمەرگە.

شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری شەهیدانی یەکەم جەولەی هێزی پێشمەرگە بوون، بەڵام دوای ئەو ڕچەشکێنییە دەیان حەماسەی دیکە خوڵقانەوە و زۆر گەلەئەستێرەی دیکەش ڕاخوشین و بە خوێنی خۆیان ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان واڵاتر کرد. لە ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی کاک هەمزە سارتکەیی و شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاویدا سڵاو لە ئامانج و ڕێبازیان.

# بۆ ڕوحی بەرزی شێرەژنێکی چیایی (بۆ ئەفسەری کەریم سالک)



با لە دیدەم خوێن بچۆڕێ
سفرەی مێژوو بێتە گۆڕێ

پەڕ بە پەڕی هەڵدەمەوە
بە ڕێی ڕژد و ئەستەمەوە

دەریای خوێن و فرمێسک و زام
هەزار پرسیاری بێوەڵام

دێن و جینگڵ دەدەن لێرە
بەڵام ڕێ ڕژد و هەڵدێرە

تا گورگئاوڕێ دەدەمەوە
کاروان بەسەر دەکەمەوە

دەبینم لەو چڕ و شیوە
دیسان گوڵێ هەڵوەریوە

نیشتمان نوقمی خوێناوە
جەرگی بەکوچکەوە دراوە

هەزار زامی لە دڵدایە
بەڵام وەرەی لەبن نایە

با شێعر بێ و دەنگ هەڵێنێ
حەماسەیەک بخوڵقێنێ

ئەمڕۆ هێمای ئازایەتی
قاڵبووی ڕێگەی کوردایەتی

شێرەژنێکی چیایی
وا لێی کردین ماڵاوایی

پڵنگێکی دوژمن بەزێن
ئازایەکی تۆڵەئەستێن

ڕۆڵەی ڕۆژانی تووش و چۆڵ
کە چاو دڕدۆنگ بوون لە مژۆڵ

ڕۆژانی پڕ لە ترس و خەم
لووتکەی چیا گرتبووی تەم

سوپای ئیسلامی خومەینی
هەر لەگەڵ خوێن خۆش بوو بەینی

ئیسلامی پەتی و سێدارە
دەگەڕا وەک داشەهارە

لەکوێ کوردی شک بردبا
دەبوو تەقەی لێ کردبا

لەو ڕۆژە تاریکانەدا
لەو ڕێگە باریکانەدا

هەر پێشمەرگە وەرەی مابوو
هەرگیز وەرەی بەر نەدابوو

ڕۆژی تاڵی مەرگباران
لەنێو قرمژنی تیرباران

کە کێو ئەژنۆی کەوتە لەرزە
دەمدی ئەو هەر وەرەی بەرزە

هێمای بیروباوەڕ بوو ئەو
دێوی ترسی کردبوو جڵەو

بەفر پشتوێنێ باریبوو
سەردەمی نالەباری بوو

کەم کەس خۆی پێ پاڵەوان بوو
بەڵام ئەو مێری شەوان بوو

لەسەر تەرمی لەخوێن شەڵاڵ
تەرمی مام و ئامۆزا و خاڵ

سوێندی خوارد دۆش دانەمێنێ
شین نەکا، تۆڵە بستێنێ

بڕیاری دا بچێتە شەڕگە
بۆ گەل ببێ بە پێشمەرگە

بوو بە تیشکی گڕی نەورۆز
تاقانە بوو کچی پیرۆز

ئەفسەر ناوی کەوتە زاران
سەرێک هاتە نێو سەرداران

چەکی شەرەف وا لە شانی
لەگەڵ خزم و براکانی

لەنێو سەنگەری بەرگری
هەڵیبژارد ڕێی نەمری
***

بنوو ئارام بگرە ئەفسەر
تۆ بەڵێنی خۆت بردە سەر

تا دواهەناسەی تەمەنت
تەرخانت کرد بۆ وەتەنت

خەڵاتی چوار دەیە خەبات
لە سەر ڕێبازی دێموکرات

سەربەرزانە ژیای و مردی
چیا ئێرەیی پێ بردی

چون تۆ هەر بە جەستە مردووی
لەنێو دڵی گەلدا زیندووی

خۆزگەم بەخۆت خوا پێداوی
لە لای شەهیدان نێژراوی

هەر لەبیرمانی ئەفسەر گیان
شانازیی چۆمی مەجیدخان

(ڕەسووڵ سوڵتانی)

خاتوو ئەفسەر سالک، ئەندامی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی گەلاوێژ بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

# ژیانئاوایی خانمحەممەد ئادینەپوور

خانمحەممەد ئادینەپوور، ژەنیارێکی ناسراوی کوردی خۆراسان لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا لە شاری شێروان کۆچی دوایی کرد.

خان محەممەد لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە دەستی بە ژەنینی ئامێرەکانی کەمانچە، دووتار و قوشمە کردبوو. ئەو بەهۆی توانای هونەری و شارەزایی کەموێنەی لە ژەنینی ئەو ئامێرانەدا مەدالیای پلەیەکی هونەری پێ بەخشرابوو. ئەو لە کۆتاییەکانی ژیانیدا لەوە دڵگران بوو وەکوو پێویست گرنگی بە پاراستن و پەرەپێدانی ئامێری قوشمە نادرێت. نێوبانگی خانمحەممەد زیاتر بەهۆی ئامێری قۆشمەوە بوو، قۆشمە ئامێرێکی موسیقییە کە تایبەتە بە ناوچەی خۆراسان و لە دوو پارچە ئێسکی ٢٠ سانتیمەتریی باڵندەی باز دروست دەکرێت.



# هەڵهاتنی «دەنگهەڵات»




کورتەفیلمی «دەنگهەڵات» ئەزموونێکی نوێی فریا یونس و هەوار فارسە و لەسەر شۆڕشی ژینا ئەمینی بەرهەم هێنراوە.

فریا یونس سیناریست و دەرهێنەری «دەنگهەڵات» لەبارەی ئەو فیلمەوە دەڵێ: ئەم فیلمە چیرۆکی دوو قوربانیی شۆڕشی ژینا دەگێڕێتەوە، کە لە کاتی شۆڕشەکەدا دەیانەوێت سروودێک بۆ شۆڕشگێڕان بنووسن، بەڵام لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەگیرێن و لە زیندان ئەشکەنجە دەدرێن و دەستدرێژی دەکرێتە سەریان و، دوای ماوەیەک کە دەتوانن لە ئێران بێنە دەر، سروودەکەیان لە وڵاتێکی دیکەدا دەنووسن.

ئەو کورتە فیلمە بڕیارە لە ڕەزبەری مانگی داهاتوو، ساڵیادی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بڵاو بکرێتەوە.